# لێواری شەو

دیوانی شیعری

## عیرفان ئەحمەد

١٩٦٣ -٢٠١٢



٢٠١٧

# دیوانی شیعر ، لێواری شەو
## عیرفان ئەحمەد
## ۱۹٦۳-۲۰۱۲



بۆچی هاتی کە تە تزانی
ڕێکایەکم ناگەم بە تۆ؟
بۆ جێت هێشتم کە ئەتزانی
دەستم گەشتۆتە دەستی تۆ؟
لافاو نەبووی کاتێ بەسەر دڵی ووشکما
هاتی و هەستای
کێڵگە نەبووی نەرمە بارانی گریانێکم
پەڵەی پێ دای
ئاوازێکی ئاوارە بووی
بۆ شەوگاری گۆرانیەکم پەنات هێنا..
کەمانچەیەکی عاشق بووم لە ژێکانما حەشارم دای
نامەیەکی داخراو بوو ئەو عەشقەمان کە هەڵم گرت..
سەفەر ڕێ یەکی درێژ بوو لەگەڵ تۆیا دووبەشم کرد

## کورتە

لێواری شەو هەم دیوانە شیعر و هەم وەکو ئەرشیفێکە بۆ شیعر و نوسینەکانی شاعیر عیرفان ئەحمەدی تیرۆر کراو، لەهەمان کاتدا ئەو نوسینانەی کە نووسەران و هونەرمەندان سەبارەت بە شاعیر نوسیویانە.

لەم دیوانەیا سەرجەم شیعرەکانی شاعیری تێدایە کە بۆم کۆکرابێتەوە . هاوڕێی نزیکی شاعیر (سەلام مستەفا) ی نووسەر لە چاپی دووهەمی دیوانی (چاپی سێهەمی مەراقێك) دا زوربەی شیعرەکانی عیرفانی کۆکردبوەوە و بە هاوکاری بنکەی ئەدەبی روناکبیری وگەلاوێژ ئەرکی چاپکردنیان گرتببوەو ئەستۆ. لێواری شەو سەرجەم ئەو شیعرانەی ئەو دیوانەی تیدایە بە ئیزافە کردنی ئەو شیعرانەی تر کە بە کۆمەکی هاوڕێ نزیکەکانی لە کوردستان بۆمان کۆکرایەوە. لەهەمان کاتدا دەسنووسەکانی شاعیر و وێنەی تایبەتی تێدایە کە گرنگن بۆ ئەرشیف بمێێتەوە. هیوام سپۆنسەرمان دەست بکەوێت لە پاشەڕۆژا تا بتوانین ژمارەیەکی باشی ئەم دیوانە چاپ بکرێت و بخرێتە بەر دەستی خوێنەران.

لێواری شەو پەرتوکێکی کۆمێرشاڵ نییەو بێ سپۆنسەریشە من وەکو وەفایەك ئەم پەرتوکە پێشکەش دەکەم بە رۆحی برای بە ناهەق کوژراوم عیرفان و دایکی بە تواناو میهرەبانمان رەحمە مەحمود، کە لە تەمەنێکی زۆر گەنجەوە بە تەنها ئەرکی بەخێوکردنی ٧ مناڵەکەی گرتە ئەستۆی دوای مردنی هاوسەرەکەی. مۆمی ژیانی خۆی کوژاندەوە بۆ داگیرسانی ٧ مۆمی تر کە یەکێکیان عیرفانی داهێنەر بوو.

سمکۆ ئەحمەد

### چۆن ئەم پەرتووکەت دەست دەکەوێ:

ئەم پەرتووکە بێ سپۆنسەرە و پرۆژەیەکی کۆمیرشاڵ نییە (بێ قازانجە و بێ کۆنراکتە) لە لایەن دەزگای چاپی بلیرب ئۆن لاین دادەنرێت، دەتوانێت بە یەکێك لەم دوو ڕێگایەی خوارەوە بە دەستی بهێنی

بچۆ سایتی چاپخانەی بلێرب www.blurb.com
بگەڕێ بۆ (لێواری شەو) یان (poet Irfan Ahmed) لەوێ دەتوانی :

١ـ سەرجەم کتێبەکە ئۆن لاین ببینن یان داونلۆد بکەیتە سەر کیندڵ یان ئایپاد یان مۆبایلەکەت.

٢_ دەتوانی پەرتوکەکە بە چاپکراوی ئۆردەر بکەیت و بەپێی هەڵبژاردنی جۆری بەرگ و کاغەز نرخی پەرتووکەکە دەگۆڕێت . هەروەها نرخی ستانداردی کتێبەکە بە پێی ژمارەی ئۆردەرکراو دەگۆڕێت (سەیری سایتی بلیرب بکە بۆ زانینی نرخی ستانداردی پەرتووکەکانیان)

ناوی پەرتووك: لێواری شەو
بابەت؛ دیوانی شیعری و ئەرشیفی شاعیر عیرفان ئەحمەد
چاپخانە : چاپخانەی بلیرب لە وولاٌتە یەككگرتوەكانی ئەمەریكا
www.blurb.com
سەرپەرشتی و كۆكردنەوەی بابەتەكان،
دیزاین و كارە هونەریەكان و تایپست:

سمكۆ ئەحمەد

هاوكاری كردنی پرۆژەكە:

١ـ نووسەر سەلام مستەفا
٢ـ هونەرمەند: حەمید بانەی
٣ـ هونەرمەند دیاری قەرەداخی
٤ـ هونەرمەند ماهیر محەمەد ئەمین
٥ـ ڕاڤین زۆراب
٦ـ هیوا خەیات
٧ـ تریفە ئەحمەد

بەروار: مایسی ٢٠١٧

## ژياننامەی شاعير

عيرفان ئەحمەد ساڵی ١٩٦٣ لە شاری سليمانی لە دايك بووە و دووهەمين منالی مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئەمين و رەحمە محمود بووە. خوێندنی سەرەتايی و ئامادەيی هەر لە سليمانی تەواو كردوە دواتر چۆتە پەيمانگای تەكنيكی كەركوك و بەهۆی بەشداری نەكردنی لە مەشقی سەربازی قوتابيان لە خويندن دەردەكرێ و دەگەڕيتەوە سليمانی.

كاروانی ئەدەبی عيرفان دەگەڕيتەوە بۆ سەردەمی هەرزەكاری وەك خۆی ووتەنی هاوڕيكانی ئەو خەريكی فتبۆڵين و پێنج بەردی بوون كاتێک ئەم خوليای نووسين و ئەدەب بوو.

عيرفان لە تەمەنێكی زۆر لاويدا سەرنجی هاو جيلەكەی خۆی ڕادەكێشی و لە گۆڤار و رۆژنامە ئەدەبيەكانی هەشتاكاندا زۆر شيعری بڵاو دەبێتەوە و بەشداری چەندين كۆڕی شيعری دەكات لە هۆڵی ڕۆشنبيری سليمانی و يانەشيعری يەكانی شار.

ساڵی ١٩٨٨ جارێكی تر دەست دەكاتەوە بە خوێندن لە پەيمانگای تەندرووستی سلێمانی و ساڵی ١٩٩٠ بە بروانامەی ياريدەدەری بزيشكی دەردەچێت، لە ناوەڕاستی نەوەدەكانەوە لەڕێكخراوی مرۆيی يابانی شنەبای ئاشتی يابان دەست بەكاردەكات و لەگەڵ تيمە پزيشكی يەكاندا بەسەر گووند و لادێكانا دەگەڕيين هاوكاری پزيشكی پێشكەش دەكەن بە هاووڵاتيان. ساڵی ١٩٩٥ ژيانی هاوسەری پێكدێنی و كچێكی دەبێ بە ناوی پەيڤين. ساڵی ١٩٩٠ و لە دوای ڕاپەڕين وەكو مامۆستای خۆبەخش بۆ سێ ساڵ كاری كردوە لە سەيد سادق و كەمپی ئاوارەكانی شانەدەر.

عيرفان لەگەڵ چەند هاوڕی يەكی تريدا لە كۆتايی نەوەدەكانا هەڵدەستن بە كردنەوەی بنكەی ڕووناكبيری و ئەدەبی گەلاوێژ لە سلێمانی و چەندين چالاكی ئەدەبی لەو كاتەيا لەسەر خەرجی خۆی ئەنجام دەدات. شاعير بە شيعرە رۆمانسيەكانی سەرنجی زۆر لە هاوجيلەكەی خۆی ڕادەكێشێت و هاوڕيەكی نزيكی مامۆستا شيركۆ بێكەس دەبێت و شيعرەكانی لە لايەن چەندين گۆرانيبێژی بە توانا دەكرێنە ليريكی گۆرانيەكانيان، نموونەيەكی شاكاری شاعير هۆنراوەی دايە سەفەرە كە لە لايەن هونەرمەند دياری قەرەداخی يەوە دەكرێتە گۆرانی، هەروەها هۆنراوەی لێواری شەو لە لايەن هاوڕێی نزيكی خۆی حەميد بانەيی دەكريتە ليريكی گۆرانيەكەی، هونەرمەندانی بە توانا ماهير محەمەد ئەمين، محەمەد رەووف كەركوكی، جيهان ئيبراهيم، تارا رەسووڵ و ميديا حوسەين و چەند هونەرمەنديكی ديكە شيعرەكانيان كردۆتە ليريكی گۆرانی يەكانی.

هاوڕێی نزيكی عيرفان ، سەلام موستەفا هەڵدەستی بە كۆكردنەوەی شيعرەكانی شاعير و يەكەم ديوانی شيعری لە ژێر ناوی (چاپی سێهەمی مەراقێك) بە چاپ دەگەيەنێ لە كۆتايی ساڵی نەوەدەكاندا و جاريكی تر بە ئيزافە كردنی چەند شيعرێكی تازەوە ساڵی ٢٠١٣بۆ جاری دووهەم چاپ دەكرێتەوە بە هاوكاری بنكەی ڕووناكبيری و ئەدەبی گەلاوێژ.

عيرفان و هاوڕێی زۆر نزيكی حەميد بانەيی لە كۆتايی ئەوەدەكانا سی دی يەك بەرهەم دێنن بە دەنگە ئەفسووناويەكەی حەميد بانەيی كە ئيستا هەندێكی لەسەر يۆتيوب دەتوانرێت داون لۆد بكرێن.

عيرفان لە مانگی ٨ ی ساڵی ٢٠١٢ لە هۆتێلی سليمانی پالاس لە شەوێكی ڕەمەزاندا زۆر بە توندی لە لايەن سكيوريتی هۆتيلەكەوە ليدەدرێت و بە بێ هۆشی لە پۆليسی سليمانی زيندانی دەكريت، لە ئەنجامی ليدانەكەدا مێشكی عيرفان درزێكی تيدەكەويت و لە باتی بردن بۆ خەستەخانە لە زيندانی پۆليس دا دەهێڵرێتەوە تا دوای رۆژێك كە هەر هۆشی نايەتەوە خۆی بە دەست بەسەری پۆليسەكان دەيبەن بۆ خەستەخانە،


به پیی ڕاپۆرتی پزیشكی عیرفان له ئەنجامی زەبرێكی دەرەكی تووندا مێشكی تەقی وه و دوای ٣ رۆژ له كۆمایا بۆ ئەبەد بەجیمان دێڵی. خانەوادەكەی عیرفان داوای یاساییان تۆمار كرد لەسەر سلێمانی پالاس و كەیسەكەی تا ئەمڕۆش له دەرچوونی ئەم دیوانه له داگای سلیمانی یەو دادگای سلێمانی هیچ هەنگاوێكی پۆزەتیفی نه ناوه بۆ دۆزینەوەو سزادانی تاوانباران. ئێمه وەك خانەوادەی عیرفان پیمان وایه كەیسەكەی عیرفان به لاڕیدا دەبرێ له دادگای سلێمانی له ژێر فشاری سیاسیەكانی دەسەڵاتدارانی حكوومەتی هەرێم و خاوەنی هۆتێلی سلیمانی پالاس. پێمان وایه دادگاو دادوەر زیاتر كار لەسەر ئەوه دەكەن تاوانبارەكان بپارێزێت و عەدالەت فەرامۆش كرابێت. ئێمه وەكو خانەوادەی عیرفان ئاسووده نابین تا تاوانباران نەدۆزرێنەوه و به سزای خۆیان نەگەن،

سمكۆ ئەحمەد





# لێواری شەو



تۆ نانوویت و
مانگیش هێندەی داگیرسانی
تەڵێ شقارتەی پێ ماوە
تۆ نانوویت و
شەوەزەنگێش چاوەڕێی ساتێ هەتاوە
سەرینێکم بە گەڵای سیسی پایزان بۆ چنیوی
پەردەیەکم بە تەقەڵی خۆشەوویستی بۆ دووریوی
باسی هەنارت بۆ دەکەم
ساتێ ئاو دەزێتە دەمی
باسی کەروێشکت بۆ دەکەم
کە بەسەر ترسا باز دەدات
باسی بەلەمت بۆ دەکەم
کە چارۆکەی -با- دەیبات
چارەنووسی بەرەو کام شەپۆل هەڵئەدات؟

تۆ نانوویت و
شەو گەیوەتە سەر ئەژنۆم و
پەرداخیشم خڵتەی مەستی
تۆ نیوەی جگەرەکەت سووتاند
منیش نیوەی ئاوەدانیم
سبەی زوو هەور دەگرینە چوارچێوە
بە چوار دڵۆپ باران دای دەکوتین

پەرچەمی پەخشی هەتاوی سەر پەنجەرە لائەدەین
نێو چەوانی تەڕی دەسڕین
دوایی دەچینە باژێڕێ
مشتێ خۆشەوویستی دەکڕین
سبەی زوو بەو مەرجەی هەر ئێستا بنوو
.........
٢٠٠١ سلێمانی

ئەم هۆنراوە هاوڕێی نزیکی عیرفان هونەرمەند حەمید بانەیی دوایی کەمێك دەستکاری لەگەڵ شاعیر خۆیدا ئاوازی بۆ داناوە کردوویەتی بە گۆرانی لە ئەلبومەکەی خۆیدا



# دایە سەفەر

بمبەخشە گەر ئیوارەیەك
چرای دڵم لەسەر دڵی تۆ داگیرسان
سنەوبەری ئەم حەسرەتەم
لە پایزی دێرە عومری تۆدا وەران
دایە سەفەر ..
سەفەر..سەفەر
سەفەر لەگەڵ ئەو شیعرانەی
لە گەڵای پرتەقاڵ ئەچن
زستانان نایان وەرێنێ
دایە سەفەر..
سەفەر..سەفەر
سەفەر لەگەڵ ئەو کانیانەی
لە دڵی تەڕی عەشق دەچن
تەموزان نایان سوتێنێ
دایە سەفەر..
بە ترسەوە وەکو ترسی ئەو گوڵانەی
لە سەر لا ڕیکاندا ئەڕوێن
بە خورپەوە وەکو خورپەی ئەو مەلانەی
لەناو قەفەسدا بەند ئەکرێن
من و ئەم خەمە شیرینە سێویکین و
چەقۆی ڕۆژگار لەتی کردووین
من و باڵی ئەم گۆرانی یە
نەو ڕەسێکین ڕاوچی یەکان
فێری بەرزە فڕی کردووین
دایە سەفەر
دایە سەفە
......
١٩٩٨ سلێمانی

ئەم هۆنراوەیە یەکێکە لە شاکارەکانی عیرفان و هونەرمەندو هاوڕێی نزیکی شاعیر دیاری قەرەداخی ئاوازی بۆ داناوە کردوویەتی بە گۆرانی


## تەمی ناو کۆلانەکە

خەون نی یە وا دێمەوە ناو کوچەکانی منالْی تۆ
ئەو کۆلانە قولْ و درێژە کەکەروێشکی خەیالاّتم
دەیکرد بە کولانە بۆ خۆی
ئەو دیوارە گلاّنەی وەك سمۆرە بە سەریانا سەردەکەووتم
لەگەلْ گوێزە ڕەقەکانی تەمەنا خل دەبوومەوەو
دەکەووتم
کات نووساوە بە تەنیشتی ئیوارەیەکی تەڕەوە
منی خەستە کە ئاسمان چاوی دادەگرێ
چەترەکەم دائەخەم و شان وملم دەسڕمەوە
تۆ دەنکە تەرزەم تێئەگری و
منیش یەك یەك دەیگرمەوە
خەون نی یەو دەگەمەوە لات
دەلْێم بەو گوێسەبانە بەرزەوە
با ڕۆژە ووشکەکان قامیش بن و
خۆشەکانیش پەڕەی سپی گەورە گەورە
بیانکەین بە کۆلارەیەك
با ڕۆژە تووڕەکان ڕەشەبا بن
ئەوانی تریش شنەی با
خوا دەزانێ ئەم کۆلارەیەی من و تۆ بۆ کوێ دەڕوا؟
تەماشا کە بێ ئارامی مشتێ خۆلْەو
لە نێوان پەنجەکانمەوە دەڕژێنە بەر پێی خەیالْم
بەم سەرو ڕیشە سپی یەوە خۆلْە پەتانێی پێ ئەکەم بزانە
چەندێ منالْە
گەورە نەبووم ئەوەندە نەبێ
بە پەنجە لەرزۆکەکانم..بە چرچی ژێر پێلْووەکانم پیر بووم
وەك موستیلەکەی دوێنێ..لە پەنجەی ئەمڕۆدا گیر بوون
کۆلاّنەکەت وەك خۆیەتی
پشیلەکان لە دەفری خالْی و قوپاوی بەر دەرگاکان
ڕاماون
جەحێلْەکان جگەرە دەکێشن و لەبەر قاپیدا وەستاون
دەنگە نهێنیەکان هەر دێن..فیکەی هەرزەکاری شلْپەی
ماچی
بە خەتێکی خوارو خێچیش لەسەر دیوارێك نووسراوە
ئاگاداربن ئەم کولاّنە دەرناچێ
.......
٢٠١٢ سلێمانی (دواهەمین شیعری شاعیر)

# بڕۆ ئاوڕ مەدەرەوە

بڕۆ ئاوڕ مەدەرەوە
ئێرە جێگای  هەناسەی بەڕەزاو بۆنی تەزیوی ترۆپکە
نەك جێگای بۆنی دۆزەخی پیاوێکی تیرۆرپەرست
ئێرە جێگای قەڵەمبازی کەروێشك و
نەرمە فڕینی کەویارە
نەوەك جێگای ئەتککردنی ئازادی و
تیربارانی مەسەلەی گەل
لێرە شەپۆل و کەنار دەستبازی ئەکەن
نەك دانەجیرەی چەقۆ لە زام و
کەڵبە بۆ هەڵدڕین
تۆ.... بەهەزار پشت ناگەیتەوە
بە خێڵ و بە هۆزی دۆێنێمان
بۆ سبەینێش بزماری خۆت بە هەوادا
دادەکوتیت
هیچ بەڵگەیەکت پێ نی یە
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان
کوڕی باخێک یان کوڕەزای شاخێك بوویت
بڕۆ ئێرە بە گەڵا ڕێزانی سەربەتەم و
هەڵمی زەڵمەوە جوانە
بە دەنگی کنا لەیل و
زیکری گوڵە بە ڕۆژە
بە چرای ناو ڕۆحی مەولەوی و
قژە بژەکەی دێوانە جوانە
نەك بە ڕیشی وەك پیلانت ئاڵۆز
شمشێری بوغزی تۆ ..
فەرمانی درۆی تۆ..
ڕێگەی ئێرە
یان بۆ ڕەزی بەهەشتی نەو جوانان دەچێت
یان دەڕواتە لای ڕەفیقانی تەریقەت
ڕێ یەك نی یە لەم ناوەدا
بچێتە مقەڕی لق و
سەنگەری بە زام هەڵچنراو
عەشقی ئێرە چاوی ئێشکی ماسی یەکانەو

چەم و هەتاو
تۆ... پێناسەکەی باخەڵت
نووکی تاوان لێی نووسیوە
شەوەزەنگ مۆری لێداوە
ئەفسەرێکی دەوری بەغدا
بە پۆستاڵ کەپسی کردوە
تۆ نە کوڕی باخێکی یان
کوڕەزای شاخێ
کەواتە
بڕۆ ئاور مەدەرەوە



## تەختە

باڵندەیەک و درەختێك هاوڕێی یەکتربوون
درەختەکە بە لاملی شاخێکەوە تاکو تەنیا!
باڵندەکە گەرووی لێواو لێو لە خونچە
باخچە لە دەنوکی دەتکا
هەمیشە گۆرانی دەوت
دەیوت دەمەوێ وەك هێلانە ئازاد بم، نەك وەك قەفەز دیل
دوو هاوڕێی فرە ئازاد بوون
مانگ تەماشای دەکردن
خۆر ڕەسمی دەگرتن
کانیش جار جار ماچی تەڕی لێوەکانی بۆ ئەناردن
...
چەرخی زەمانە گۆڕا..
مشارێك هات بالآی بەرزی درەختەکەی کوت کوت کردو
کردی بە مێز
داوێکی پیلان ئەڵقاوی.. ڕاوی کردو مۆمیای کردو فرۆشتی
چەرخی زەمانە گۆڕا
لە دەمی ژنێکەوە بیسترابوو..لە ڤیلای مێردەکەی ئەودا
مەلێکی مۆمیا کراو لەسەر مێزێ دانراوە
کە چاوی بە مانگ دەکەوێ..کە خۆرهەتاو ڕەسمی دەگرێ
دەچرکێنێ و باڵەکانی لەیەك دەدەن..
هەرچی بووکە شووشەو
کچ و کوڕی ناو شەکراوو
پەیکەری ئەو ژوورە هەیە
بەیەکەوە سەما دەکەن

## دوو هەناسە

نە من دیجلەم نە تۆش فورات
تا سەرئەنجام بە یەك بگەین
لە کام دەریا وەکو ماسی
دووهەناسە تێکەڵ بکەین
خۆشەویستی ئاوازێکە
لە ناو دەست وپەنجەی ئەوین
بابە شمشاڵی ماچی حەز
بە دوو هەناسە بیژەنین
....
لە مێژەوە دڵم ماسی
ڕووباری تافی لاویتە
من گلێنەی چاوەکانم
ئاوێنەی خەندەو شادیتە
هەزار ئەفسوس بە هیجرانت
گوڵزاری شیعرم هەڵوەری
هەناسەم بوو بە کۆترێك
دوای سەفەرت ئەویش فڕی

******

عیرفان ئەحمەد لەگەڵ میدیا حسینی گورانیبێژ تایبەت بە گۆڤاری چاودێر نووسیویەتی

## باڵندە

له كەشكەلآنی ئاسمانا ..باڵندەيەك
تيژ تيژ ئەفڕی..
پێشبڕكێی لەگەڵ-با-ئەكرد
پەلە پەلە
ماڵەكانی گەڕەكی هەور دەگەڕا
شاری ئاسمانی تەی ئەكرد
بە كۆشكی سپی هەوری ووت:
وا هەڵەبجە ئاگر گەییە سەرئيسقانی
دڵۆپێك باران دای نەكرد
ئەوسا ئاسمان وەك و زەمين
بێ زمان بوو..
چاوی حەق و بينايی ماف
هەر چاوەكانی گيرفان بوو
بۆيە ئەو باڵدارە سركە
بەرەو شارەزوور هاتە خوار
دەنوكی خستە ناو سيروان
دوو قەترە ئاوی هەڵگرت و
بەسەر هەڵەبجەيا باراند

## نەگەیشتن

نە تۆ دەنووی.. نە من دەنووم
تۆ بالۆرەی گەڕانێکی بێسنووری و
منیش نمەی زەردو سووری
ئابڕووی تکاوی ئارەزووم
ئێمە لە نێو ووردە شەپۆلی خەممانا..
دوو دڵۆپی نەبیسراوین
لە نێو جەنگی مەیتەری ئاشقەکانا..
دوو سەربازی نەناسراوین
ئێمە خوێنی برینێکی نەبینراوین
کە ڕووبار دواین شەپۆلی خۆی لادا
شەپۆل بوو بە پارچە گوریسێکی پساو
سەدان ساڵە سەوڵی مەینەتی لێدەدەین
ناگەینە سەر دڵۆپێ ئاو

*************

## هەر نە نووستووم

من ئیوارانم خۆش دەوێ وادەی گەینە بە چاوت
بە دوای سێبەرتا هەردێم و خۆم دەخەمە بەر هەتاوت
بێ تۆ عەشقم وشکەلانە، وەرە بارانی بە تاوم
بێ تۆ دارێکی ڕووتەڵەم لەسەر ئەو ڕێ یە وەستاوم
دەڵێم کەی بێ وەك بروسکە هاتنی ئەو بمسوتێنێ؟
یان بمکاتە برژانکێك و لەسەر پێڵووی بمڕوێنێ؟
گیانە بە فیراقت قەسەم، لەو ڕۆژەوەی بەجێت هێشتووم
چرکە بە چرکە شەو دەڕواو بەیانی دێ و هەر نە نووستووم

## لەگەڵ ساڵنامەی فیراقێکی سپی

بۆ..م..ك

بەردی کەناری ڕێیەکم
بە دەستی مناڵێکەوە خەون دەبینم دوور فڕێم دات
دوورتر لە هێزی بینایی
دوورتر لە درێژی و پانی ڕووبەری ئاو و ووشکانی
دوای تۆ گوڵم چیم بەسەرهات؟
نە لە ئیوارەم ئەستێرەو نە لەبەیانیم خۆرهەڵات
دوای تۆ گوڵم چیم بەسەرهات؟
دیوانێکی تۆز لێنیشتووی ڕەفەی نامە خانەیەکم
کەسێ نەهات پەڕە پەڕە جیام کاتەوە
گۆنای تەڕی شیعرم بسڕێ و گریانم بەسەر کاتەوە..
بیرت ماوە ؟
هەور ئەیووت
گەر دەرکەون من ئەبارێم
شەماڵ ئەیوت
بەرەو بیابانیش بچن لەگەڵتان دێم
وەلێ ..ئیستا..
دڵم لە هەور پڕ ترە
ڕێگام لە شەماڵ دوورترە..
دوای تۆ گوڵم چیم بەسەرهات..؟
نە ئەوەیە شیعرێک بیت و نەتخوێنمەوە
گۆرانی یەك بیت نەتلێمەوە
گەر باران بیت..
درەختێ بێتە کەوێڵم..
گەر خەونێکی پایزان بیت
بەیانیان لەگەڵ لێفەکەم قەدت بکەم
لە سوچێکی ژوورەکەما بەجێت بێڵم
ئیتر چی لە عەشقت بکەم..
تەنانەت لە خەونێکیشما..نەشی و نەکرێ
کە بێت بگەم..
چیت لێ بکەم..؟

دوای تۆ گوڵم چیم بەسەرهات؟
بەڵەم نەبووی
بڵێم ئاو گەیی یە سینەت و ئیتر خنکای
ماسیش نەبووی
بڵێم شەپۆلێکی تووڕە بەرەو کەنار ڕاپێچی دای..
شەهرەزادی خۆشترین چیرۆکی من بووی
هێشتا کەڵە شێری بەیان نەیخوێندبوو
بۆ ڕاوەستای..؟
ئەو نە ئەبوو پێ بکەنێ بەو چیرۆکە ماتەمینیەم..
بۆ وێنەکەت..
دیواری کام پیاوەت هەبوو جگە لە دیواری سینەم؟
خۆشم وویستی
وەك برسی یەکانی وولاتم
وەك چراکەی کوخی دڵم
ئەستێرەو چەم و شوباتم
*****
بۆچی هاتی کە تە تزانی ڕێگایەکم ناگەم بە تۆ؟
بۆ جێت هێشتم کە ئەتزانی دەستم گەشتۆتە دەستی تۆ؟
لافاو نەبووی کاتێ بەسەر دڵی ووشکما هاتی و هەستای
کێڵگە نەبووی نەرمە بارانی گریانێکم پەڵەی پێ دای
ئاوازێکی ئاوارە بووی بۆ شەوگاری گۆرانیەکم
پەنات هێنا..
کەمانچەیەکی عاشق بووم لە ژێکانما حەشارم دای
نامەیەکی داخراو بووئەو عەشقەمان کە هەڵم گرت..
سەفەر ڕێ یەکی درێژ بوو لەگەڵ تۆیا دووبەشم کرد
تۆ چرا بووی من ڕووناکی
شووشە بەندی سوتانت بووم
تۆ دەریا بووی من باڵندەو درەخت و بارانت بووم
دەوەرەوە تا بە وەرزی زەمهەریر رۆحی تەزیو
هەموو جەستەم نەیبەستووە
تا زمانی پژاوی شاعیرییێتیشم
ووشەی تاڵی نەگرتووە

شەیدای جیڕەی والابوونی دەرگاکەمم
ئەوەندەی فرمیسکی دایکم
من هاتنی تۆم خۆش ویستووە
*****

لە بیرت چوو
نیسان بە هەورێکی تەنك
ڕووی سامانی دائەپۆشی
باران..نم..نم بە ووشەی سەوز
دیڕ دێر باخچەی ئەنووسی ؟

ئەی بۆ گوڵم
کاتێ وەك باران دائەکەم
وەك نەورەسەکان وون ئەبی؟
دوو بەهارە وەك سەوزە گیا
لەپاڵ گۆمی چاوەکانما سەوز نابی
دوو بەهارە لەپاڵ شووشەی مەرەکەبی شیعرەکانما
نابیتە قەسیدەیەکی لێو بە بارو پرچ ئاڵۆسکاو؟
ئەبوو پەڵەی وەرزی تەڕی خۆشەوویستی
ئینجانەی دڵ پڕلە گوڵ کات
گۆمی چاویش پڕ لە پرشنگی خۆرهەتاو
دوو بەهارە
شیعر و گوڵ و سەوزە گیام لێ ئەتۆرێنی
بەهەشت لە چاوما ئەکوژی و
دۆزەخ لە دڵما ئەڕوێنی
ماڵت ئاوا..
لە گریانما چ شمشاڵێکی غەمگین بووی
لە تەزینما چ چیایەکی بەفرین بووی
لە ڕۆژانما چ درڕۆیەکی شیرین بووی؟
*****

شەوەکان دێن..
تۆ باڵکۆنەی بەرامبەری مانگە شەوی ئەم شیعرەمی
شەوەکان دەوەستن
تۆ تاجی درەوشاوەی سەر ئەحزانی قەسیدەمی
شەوەکان بەسەر دەچن
تۆ نهێنی گرژبوونو خاوبوونەوەی ئەم دڵەمی

## حەمە جەزا

خەفەت مەخۆ پایز لەوپەڕی جوانی دا
باخچەکانی دەوەرێنێ
باڵندە کە باڵی دەشکێ
هەر جریوەی بۆ دەمێنێ
دەبێ دوای تۆ !
کەنارییەکان شەرمەزار بن بجریوێنن
کەوبارەکان چیتر نابێ بقاسپێنن
تۆ شمشالی و سیفەتی ئەویش ئەوەیە
لێوی عاشقەکان دەیژەنێ
تۆ بارانی بەهارانی
سیفەتی ئەویش ئەوەیە
خۆی دەگری و
خونچە قاقا پێ دەکەنێ
تۆ ئەسپێکی زینەکەت هەر مانگە شەوە
قامچی یەکەت بروسکەیەو
غاردان لەسەر لێوتا دەڕوێ
ئەی شاسواری چیاکان و
چیرۆکی عیشق و ئازادی
ئەی هەڵۆی پشکۆ بە دەنوك
ئاسکی گەردن خوێناوی
ئەی گریانی ئەو ئەشکانەی، کاتێ برژانگت ئەیژەنێ
ئەی ختوکەی ئەو بەستانەی، مەقامەکەی پێناکەنێ
ئەی ئەو تفەنگە یاخی یەی بە شانی ماندووبونەوە
ئەی ئەو حەیرانە گەڕۆکەی
پەروانەیەکی عاشقی و دەخولێیتەوە
بە چواردەوری تیشکی چرای هەڵبوونەوە
ئەو ڕۆژەی کە بە جێتهێشتین
ئەشك و نەغمە هەموو کووچەو کۆڵانی گرتەوە
تۆ نووستیت و سلیمانی چاوەکانی خۆی کردەوە
ئەی خەرمانەی بە دەوری مانگا خول خواردو

ئەی ئەستیرەی دەمەو بەیانییەك ماندوو
تۆ خەمی (ناڵەی جودایی) هێمنی
بەرەو کۆتایی یەکان ئەچی
لەگەڵ (گۆران) دەمەو سەحەر
گریانی بێ غایە دەگریت
لە تەك (نالی) لەگەڵ بادەی خۆش مرورا
لەگەڵ (دڵدار) ئەی ڕەقیب و ڕیگای دورا
لەگەڵ وەلی لەگەڵ شەم و شارەزورا
جێمان دێڵی

*********

## هەڵەبجە

چۆن دەتوانی..؟
هەر بە فوویەك
هەموو زەمین بلەرزێنی
لە ژێر چاوی شیعرێکا
پێنج هەزار مۆم داگیرسێنی؟
ئەگەر هەموو درەختەکانی سەرزەمین
ببنە پێنووس
مەرەکەبی سووری تۆ بن
چەم و ڕووبار و ئۆقیانووس
چۆن شیعرێکت پێ دەوترێ!
بەقەد بالاَی هەڵەبجە بێت؟

(.........)

بێ نیشتیمانی یانی..

جریوه و چریکەی باڵندەکان..

بێ باخچەو و بێ بەیانی..

یانی..

گۆرانی بێ گەروو..

خنکان لەناو بەلەمی ڕزگاربوونا

*****

بێ نیشتیمانی..

لەنگەرگرتنی برینە لە کەناری گوێزاندا

سواڵکردنە لە پەنجەکانی خۆت

پاڕانەوەیە..

لە خەنجەری بەر پشتێنی خۆت

یانی..

لێوی گەرم و گۆنای بەفر

شەهیدبوونێکی گەرم و گوڕ..

فرمێسکی سارد ..

یانی..

چوونە دۆزەخ لەسەر داوێن پاکی

چوونە بەهەشتی ڕاسپۆتین

بێ نیشاتمانی یانی..

کردنەوەی ڕیسی شیعر بە خوری شەو نخونی..

یانی..

نەمانی هێندەی پیت لە هونەری زمانەوانی

ن : نانی هاکەزایی

ی : یاخی بوون

ش : شۆڕشی پیاوە ئازاکان

ت : تریفەی مانگە شەو

م : مەرگی ئازیزان

ا : ئالایەك

ن : نەوەی نوێ

## قەسیدەی .. تاولێ موراد

بەرلە هاتن سەر بە خێڵی عاتیفەیەکی گەڕۆك بووم
لە عەسرێکی نارنجیدا
تا دواین دڵۆپی شیعر، بەرگریان لە عەشق کرد
هاوسێی گمەی کۆتری خەیاڵاتێ بووم
سپیدەیەك هەرچی حەرفی ووردم هەبوو بۆیم ڕۆکرد
ئەی چاوڕەشی دەوار نشین
خۆم و عومرێکی بەسەرچوو
بە دوای کڵاوی بەختەوەری دا
هەموو گورەپانەکانی وولاتی ڕەشەبا گەڕام
عاشقێکی نیگەرەانم و دێرە وەختێ وا دەمهێنێ
بە گوێسەبانەی عەشقی پاکیزەیی تۆوە
بنچکە گیای خۆشەوویستم ئەڕوێنێ
لە ژێر سێبەری برژانگەکانتا بەندم کە
بمنێ بۆراقەکەی دڵت
بە عاتیفە کلیلم دە
مەستێکم من..هۆشم لە سوچێکی مەیخانەدا
لێکەوت
بەندێك بووم من
لە پێوەرەکانی حەیاو کەلەپچەکانی نامووس هەڵاتم
ماڵێکم هەبوو بە خەنەقی نائومێدی دەستی پێکرد
بەهەورەبانی شیعر کۆتایی هات
بە دووکەڵی سیگارەکان
خەونەکانی مناڵیم لە هەناسەما نووسی
عەشق ڕیشۆڵەیەکی زامدار بوو
دەنووکی تیژی لە عاتیفەی گوڵم ئەسوی
بەر لە هاتن سەر بە تایفەی یەڵدا بووم
شمشێری باریکیان لە ڕقی ئەستووری کوڕەکان
ئەتاشی
دۆزەخیش لە عەورەتی دایکەکان
بەر لە هاتن مەتارەکەم پڕ بوو لە ئابڕوی تکاو
دەفتەری شیعرەکەم پڕ بوو لە ئەدرێسی پەپوولەو
ژاکانی ڕۆح..

گۆچانەکەم پەلکە زێڕینەو
ئەسپەکەشم لە وولاتی هەرسی غارەوە هێنا
دڵیشم حەوزێکی گچکە بوو
جێگەی ماچی ماسی یەکان پڕیان کرد لە بازنەی ئەوین
ئەی چاوڕەشی دەوارنشین
مەمکەکانت وەك دوو قەترە ئاو بتکێنە نێو دەستمەوە
تا سەدەیەك ڕۆژوی ڕۆحی پێ بشکێنم
دوایش دەچینە نێو گەمە جوانەکانی شەو..
ئەو ساتەی پشکۆکان ئەڕژێنە دڵی ساردی-با-وە
مانگە شەو چەپۆك ئەدات بە سەری ڕووتی چیاکاندا
ئەستێرە دوورەکان غیرە لە کانی و تریفە دەکەن
لە تاریکی بێشەڵاندا، جۆگە ڕووت و قوتەکان
بە گوێی یەکدا ئەچرپێن..
دۆڵەکانیش بڵند گۆن
چپەیان گەورەتر دەکەن..
بە چاڵە پچکۆلەکانی رۆخی دەریا
خەونی باڵندەکان ڕاو دەکەین
ترپەکانی دڵ بە شوێن پێکانی سەر خۆڵەمێش
ئەپێوین..
بێ عەشق لە ماڵێکی بێ پەنجەرە ئەچم
تۆش لە چادرێکی بێ چرا.
بەر لە هاتن سەر بە وولاتی هەوەس بووم
باوکی حوزنێکی قەترانی و
دایکی خەمێکی ئەسمەر بووم
کچەکان پەنجەرەی زامداری ڕۆحیان
لەسەر باخچە ژەنگاوییەکانی قەیرەییان دەکردەوە
کوڕەکان بە ڕیشی ماش و برنجی چاوەڕوانی
شەقامەکانی بازاڕی ڕەشیان ئەماڵی..
*****

وەلێ هاتووم تازە هاتووم
هەتا ئەژنۆم ناوەتە پرشنگ و جریوە
ئێوارەیەك بە لێومەوە نووساوە
پارچەیەك ئەستێرەی شکاو پەڕیوەتە ناوچاوم

لەسەر پشتی پەڵە هەورێ ڕاکشاوم
بە عەشقی بارانێکەوە ئەتلێمەوە..
لە ڕۆخی ڕووبارێکا ڕاوەستاوم..
جوگرافیایەك بۆ تینوێتیم ئەکێشم..
لە نێو ڕۆژەکانی ڕابردوودا ..
دیواری بەلەم هەڵئەچنم..
هەنارێکی قلّیش بردووم
خەمی مزرم بە درەختی پایزی عومرەوەیەو
بۆ مناڵیم پێ ئەکەنم..
ئەچینە ناوگەمە جوانەکانی شەو
دیاری داگیرسانم پێیە

بۆ ئەو مۆمانەی لەیەکەم ڕکاعەتی نوێژی تاریکیدان..
شنەبام پی یە بۆ شەوی باخچەی ئەگریچەت..
بوغردم پی یە بۆ شەمعدان
مەمکەکانت وەك دوو قەترە ئاو بتکێنە نێو دەستمەوە
تا دەستنوێژی عەشق لە ئانیشکەوە ئەتکێ
ئەسپەکان غار ئەدەن
قامچی یەکان ئەوەڕێن

## فیردەوسی شەو

ئەم دەریایە ئیمپراتۆرێکی شینە
لەم بەری یەوە
من و تۆی پێ خاوس ڕاوەستاوین
لەو بەری یەوە
چارەنووس بەلەمێکی شکاوو شپرزەیە
شەپقەیەکم لە چلە سێوەکانی گوناە بۆ چنیوی
تۆش ماسیە سوورەکەی نزات
لە مشتێ ئاوی ناو لەپما جێهێشتوە
سەدەیەکە نە ج و لّ ا و م..!
*****
منالێتی بەلەمێکی کاغەزینە
گەرەکمانە پێربوونمانی پێ ڕاگوێزینە ئەوبەرمان
تا لە دەستنوژێکی شینی دەریا دا
ماسیەکەی نزات ڕەها بکەم
تۆش لە بەلەمەکەی چارەنوسدا ڕابکشێ
مشتێ ئاوت تێ بگرم و
لە دلۆپێکدا ماچت کەم
ئەمە فیردەسی وەهمە وەهم
ژوورێکمان لە چریکە بۆ گۆرانییە زامدارەکان هەڵچنیوە
دڵنیا بە سووک سووک بدوێ
نەبا بە سەدای قاقاکانت دەربەندی ئەم خەونە بە ئاگا بێ
ئەگەر بێتوو بە ئاگا بین
دەبینین ئەوە بەلەم نەبوو
چەرپا شکاوەکەی ژووری قەیرەییتە
دەبینم ئەوە دەریا نەبوو
مەرەکەبە ڕژاوەکەی سەر دەفتەری تەنیایمە
ئەوەش ماسی نەبوو
دلۆپێکی گلێنەمە
ئەتکێتە نێو دەستمەوە
زۆر بە نمە..!

## قەسیدەی
## "کودێتای کەنارییەکان"

لە ژوورێکی بێ پەنجەرەدا لە دایك بووم
نە ئەوینی باڵندەو
نە سەرەتاتکێی بەفرو
نە جنێوی -با- فێر بووم
بۆیە عەشقم لە پێکێکدا گرتۆتەوەو وابە خێرایی ئەینۆشم
بۆیە کراسی ئەم عەشقەم بە تەقەڵی گڕ دووریوەو
لەژێر پێستەوە ئەیپۆشم
*****
ڕقم لێتە ئەی ئەو دەستەی..!
لرفەی گڕی جۆشدراوی ئەم شیعرانەم بێدەنگ ئەکەی..
ڕقم لێتە ئەی ئەو-با-یەی..!
دژ بە ئاراستەی فڕینی ئارەزووەکانم هەڵئەکەی
تەماشاکە..
چۆن بە تەنها خۆم و خڕکە بەردێ..
کەنار ڕێگەم لە هاتنی ئەم مێژووانە گرتوە!
چۆن پێستی خۆم داماڵیوە
لە ناو هەزار هەزار هەزار
ئالآی ڕەنگاو ڕەنگا
من برسێتیم هەڵکردوە
تەماشاکە..
پەراسوو لە دوای پەراسوو
جەستەی بن پێستی ئەم عەشقە چۆن هەڵئەبێ
بەسەر ژیللەمۆی ئێسکەوە
قوم لە دوای قوم قاوەی گیانم چۆن هەڵئەچێ..!
خانمی من..
واسەرم بۆتە قەفەزی کەناری و
خۆشەویستیت بە درەخت.
من ئەڕۆم و جریوەکەم وا بە لقێکی تووەیە
نەیدەی بە دەم ڕەشەوەباوە

دڵم لە دەسما پێکێکەو
دڵت لەدەسما گلاسێ
بابەسووکی بیدەین لە یەك نەبا بشکێن
دڵت لە دەسما پەڕەیەو
لە پەنجەکانیشما دڵم پێنووسە
گەمەی عەشقە ئەم سەردەمە
وا من ئەبم بە دەفتەرێ و تۆ بمنووسە!
تەنها گۆرانییەك شك ئەبەم
وا کردومە بە کلیلی
ئەو دەروازەیەی بە ڕووی ناندا داخراوە
وا کردوومە بە زامنی
ئەو تفەنگەی بەسەر چیای موستەحیلا هەڵزناوە
تەنها گۆرانییەك شك ئەبەم
"شەوێك بوو هات لە نێوان خەندەو ئەشکا بوو بە دوڕیان
شووشەیەکی سەرخۆش بوو.. لە گلێنەمدا خۆی شکاند.."
خانمی من ..
وەرە لە ناو سەحرای ڕۆحما
هەور بکە بە کاسێت و لە سەری کە

وەرە ئەو ئاگرە کوێرەی ناو شادەمارەکانم بێ دەنگ کە!
وەرەو من دێم
لە هەیەجانی عومرەوە بێ بەلەمی ڕزگار بوون دێم
لە ناو گەرووی برینێکی مەزنەوە
بێ شەفاعەت.. بەبێ شیفا دێمە دەرێ..
دێمە دەرێ و لەلات ئەمرم
وەك مردنی ئەو کەناری یەی
لە ئێوارەی باخچەیەکدا جێ دەمێنێ
وەك مردنی ئەو کەناری یەی
لەسەر لێواری چەقۆیەك ئەچریکێنێ
وەرەو مردن
لێم نزیکەهێندەی نزیکی جگەرەو لێوەکانم
هێندەی تاشەبەردی گوناە و شانەکانم
خانمی من،،
ئەو ئەسپانەم خۆش نەویستووە کە بەرخۆدان
لەناوگەڵیان هەڵئەگرن.

ئەو ئەمیرانە دوژمنمن.. کە دەستنوێژی
جەنگەکانیان
بە تینوێتیمان هەڵدەگرن
کە من هاتم خودەیەکم لەسەردا بوو
سەربازێکی تێکشکاو بووم ناوکم بە حەربە بڕابوو
لە ژێر لێزمەی قامچی یەکانی دەرەبەگا ڕزگار بووم و
بوومە ڕۆبۆتی کارگەکان..
وەکو قاوغە شقارتەیەکی خاڵی و قوپاو
لەکەناری شارستانیدا بەجێمام..

خانمی من
سپیدەیەك ویستم گوڵی گەڕەکێکی هێمنت بۆ بکەمەوە
شەقام بوو بە وولاتی میلیشیا نەوسنەکان
گوڵیان وەراند ..
شیعریان کوشت و
تۆیان فڕاند..
مرواری ئەم قەسیدانە بۆ کوێ بەرم..؟
شەو لە دوای شەو لە هەڵجوون و داچوونی مێژووەکان
نیشتیمان ئەبێ بە دەریا
ئازادی ئەبێ بە پاپۆڕ
بێئومێدی بە بایەوان.

## ((?))

هەر کاتێ بمەوێ شیعرێکی وەها بنووسم
لە کانیەك سادەتر بێ
لە برینی هەڵەبجەش قوڵتر بێ
ئیتر ئەوسا وەك چۆن گەڵا لە پایزی دارستانا
هەڵئەوەرێ؟.. هەڵئەوەرێم
دەچمە قوڵایی ژانەوە
لەتەك منا شیعرەکەشم بە شادەماری عەشقی خاك و
برسی یەکانا تێئەپەڕێ..!
لەتەك منا یانزە ئەستێرەو خۆرومانگ
بۆ بەژنی سووری "یوسف" ی ئەم مەرگە ساتەم..
ئەگەڕێ..
هەر کاتێ بمەوێ شیعرێ لە فەرهەنگی
ئەو سەردەمەوە دەربێنم
کە ژیان و خاپوور بوون، پەت و گەردن
بەیەك مانا ڕاڤە دەکرێن..!
ئیتر خەونم درێژەو،
قەڵەم گچکەو،
پەڕەم غەرقی بێ دەنگی یە.
لە پاڵ سیروانی سروشتا
بە پەنجەی زامدارەوە
"نەفرەت لە ڕەونەقی بازاڕی مانگ و خۆر" دەکەم
کە نەهێڵێ بنووسم وەسفی ڕوخسارت
ئەی حەقیقەت

لە ژێر ئەبرۆی پەیوەستی شیعری گۆران دا
دوو جاوی مەست بە مەشرووبی ئیلاهەوە
بۆ مەولەوی دەکەم بە جوتێ تەریقەت
پڕ بە کاسەی سەری عەشق هاوار ئەکەم
"منیش لە دایکی تەبیعەت زاوم
بۆچ کردوەی ئەو نایینێ چاووم؟
هێندە بە ناو تاشە بەرد و سنگی نەرمی دەشتەکانا..
هاتووم و چووم
لەگەڵ پرچ و مەمکە مژەو دەسرازەیا

شمشێری ئەوەڵین غەزای عروبەتم دۆزی یەوە..!
چاویان پڕ کردم لە ژەهر و تێزاب و خوێن..
هەر ئەو ساتە .. چاوی دنیا..!
لە نێوانی زرمەی تۆپەکانی جەنگ و
ژاوەژاوی (بۆرسەکان) دا.. زەق وەستابوو
لەم دەڤەرە غەمگینەشدا
یەکێك سەری لێ کەوتبوو
یەکێک دەستی قرتابوو
ئەوی تریان دامێنی خوای گرتبوو
تۆش هاوڕێکەم ئەو ساتە
وورده وورده باڵە فڕێت بە بە چۆلەکەی سرکی
ئارەزووەکانم دەکرد
هێدی هێدی زمانی عەشقت پژا
ماسی شیعرت فێری مەلەی حەزی خۆشەوویستی
ئەکرد
هەر وەرزێک بوو لە پاڵ درەختی عومرتا
خەلفی سەوزە موعاناتی بۆ نێو قەد هەڵکشا بوو
تازە پەپوولە پایزە عەشقی سوکەڵە گەنمی..!
ئەدا بە دەم خێڵی -با-وە
تازە کزە با ئەیتوانی و
تازە گەرووی ووشکی کێڵگە وەکو گەرووی
زیندانی یەکان تەڕ دەبوو
باخچە بە دوای زەمین و زەمین بە دوای
پاڵتۆ سەوزەکەیا رای ئەکرد
لە بیرم دێ.. ئەو وەرزە بوو
لە سەر شەقامێکی شاردا یەکمان ناسی
بیستنمان بوو بە هێلانەو ئەو کۆترانەی بە نهێنی
هەڵفڕین و
بە ئاشکرا سەریان ئەبڕین
جا چوزانم..
خاکی ژێر پێی ئەو پیاسەمان ئەبێ بە گۆڕستانی
بە کۆمەڵی ئەستێرەکان
هەناسەمان سواری کۆڵی سیمرخی مەرگ ئەبێت و
ویژدان ئەبێ بە زبڵدان

جا چووزانم لە ئازاری داهاتوودا
گەرووم پڕ دەبێ لە گۆرانی نە بیستراو
پەنجەکانم بە قەسیدەی ئاو تەڕ دەبن
دەفتەری ڕۆح دەبێ بە وولاتی گوێزان
جا چووزانم لە ئازاری داهاتوودا .. هاوڕێ
دەبێتە پەیکێکی کۆچکردو ئۆقرە ناگرێ
تا لە دوا مەنزڵی دێوانەدا .. شمشاڵێکی عاشقانە
ئەچرپێنێ بە گوێی شەما

ئەشکی تاریکی مەولەوی
ئەپرژێنێ بەسەر هەناسەی چیمەنا ..
ئۆقرە ناگرێ
دەبێتە مەقامی حەسرەت و
لە زەڵمی فرمێسکی شاخا ئەدەی بە گوێی ئەحمەد خانا
بە بێ ئەوەی دڵۆپێ مەی هاوڕێی ئەو کۆچە مەستە بێ
خەیامێکی لە سووتانا ..!

# شەوێك لە چاخی سەهۆڵبەندان

نەمئەویست کەناریەکان بە قەفەزەکان موعتاد بن
من بە شیعر..
ئەو شیعرانەی لە دەرگای عەشقەوە دێن و
لە پەنجەرەی دوو دڵی یەوە بەسەر ئەچن
نەمئەویست خەونی بەستووی ئەو ماسیانە ببینم
لە دەرەوەی فراوانی دەریاکانەوە دەبیین
لەحزەیەك دێت و دەمکوژێ
باڵندەکان سەرهەلئەگرن..هەورەکان ئینتحار دەکەن
چەمەکان ئەبن بە شەختەو ماسی یەکان بە مشتێ تەرزە
چاخەکان بەسەر مێژووی گۆڕستانەکانا ئەڕۆن
منیش بەسەر تولە ڕیی عومرا
پالتۆیەکم لە بەردایەو جگەرەیەک بە لێومەوە
چاخەکان لە سەردەمی شمشێری خەلیفەکانەوە هاتنوو
لە سەردەمی مووشەکە دور هاوێژەکانا بە من گەیین
دەستی قەسیدەیەکم گرت ئیتر ئەو بو بە دە پەنجەو
منیش وەك درەختێکی کەنار چەمی بەسەرچوونم
تەنها بە فویەك هەڵوەریم
پاڵتۆیەکم لەبەردایەو جگەرەیەك بە لێومەوە
ئەڕۆم و زۆر شتی سەیر دێنە ڕێگام
ئەو ئەمبولانسە سپییانەی لاشەی ڕەشی
کوژراوەکانیان هەڵگرتووە
ئەو پیاوە موقەدەسانەی خاچ و ئەلا و تەسەوفیان
لە ملدایە
خۆم و ئەو مۆمە سپی یانەی لەسەر بەردەنوێژی دڵم
داگیرساون
بە تەنیشتی ئەو مناڵە ووردیلانەی
وەکو مشتێ زەنگیانە بەو شەقامەدا ڕژاون
پالتۆیەکم لە بەردایەو جگەرەیەك بە لێومەوە
دەبێ هەتا قاچەکانم ئەتوێنەوە لەم سەفەری موحیبەتە
نەبمەوە
بە ژێر هەموو زێرابەکانی ناو شاردا بێم و بچم
تا مناڵی ئەدۆزمەوە

ئای منالّی ..!!
بەسەر گۆی میزەلّانێکەوە نەخشەی خەونەکانم دەکێشا
هەتا تەقین فووم تێ ئەکرد
لە ناو هێلانەی عومردا خۆم هەر زەڕنەقوتەیەك بووم
دەنك دەنك دەنکە گەنمە پیرۆزەکانم
دەنایە دەمی عەشقەوە و گەورەم ئەکرد
من وا نەبووم
ئەو چیایە فێری کردم بچمە باوەشی خۆرنشین
ئەو جۆگە فێری کردم
لەگەڵ شیعرا یەک بگرین و بەرەو شەهامەتی دەریا سەر
هەڵگرین
قەت ئەوەندە شەڕ خواز نەبووم
بینینم بۆ ئەو دڕکانەی لە پێش ئەوینی گوڵەوە
لە ئینجانەی ئەم چەرخەدا دانراون
بۆ ئەو چاویکلە ڕەشانەی
جەنگەکان کردیانە چاوی چارەنووسم
بەسەر شوێن پێی ئەو فرمێسکە زەردانەی
بەسەر گۆنای خوێنتێزاوی ئایندەمانا هەڵخزان
ئای لە ئێمەی عاشق بە نسکۆی دەروون و  دژبە
قودسیەتی پەیام
"هەموو دنیامان بردەوەو خۆمان دۆڕان"
چومە حزوری باخچەوە
داوای یاداشتەکانی پاشەکشێی سەوزایی و
ئیستیتانی سپی بەفرم لێ کرد
چیرۆکی هاتو چوونی وەرزەکانی و نیگەرانی
زەمینی بۆ گێڕامەوە
برادەر گیان...
وەختێ ئەوین وەك سەوزە گیا لەپاڵ گۆمی چاوەکانی
منا ڕوا
ووشە شەونمی سوبحێ بوو
قەترە.. قەترە لە قەڵەماکەم ئەتکان
ئەی شیعر لە ئێوارەیەکی منالّیما تۆم ناسی
لە ناو لەپما مشتێ ئاو بووی

که بازم دا بۆ گەنجێتی
بووی بە تۆپەڵە بەفرێك هێندەی دڵم
کە نووچاندم ئەمدات بە ڕووی پیریەتیا
ئەبێ بە دەنگی نووساوی حوزنە بە ساڵا چوەکان
یەکەم گوناهم ئەوە بوو دڵی خۆم خوارد
*******

چاخی سەرسام بوونە.. ئەزیزم
ئەو شەقامە درێژانەی لە ژێر پیاسە کورتەکانما
کورتر ئەبن
ئەو ئاسمان بێ سنوورە هەر ئەوەندەی بەرگی
دیوانەکەم ئەبێ
پاڵتۆیەکم لە بەردایەو جگەرەیەك بە لێومەوە
ئەڕۆم و ئیتر لەسەرخۆ ئیوارانم لێ ئەڕژی...ئێوارانی
نیشتیمانم
ئەو نیشتیمانە ڕۆشنەی ئاوێنەی پرچی شیعرێ بوو
لە کەنارێکی زەوی دا تاریکی بەردایەوەو وورد و خاش بوو
ئەو نیشتیمانەی کە دەبێ لە پای گوناهی گەورەدا
بە برژانگی چاوەکانمان کۆی کەینەوە
پارچە پارچە بیدەینەوە دەم یەکتری و
ئابڕووی بۆ درووست کەینەوە
*******

دەدەی ئەی عەشقی دێرین لەم ئازارە قوتارم کە
بە ئەفیونی خۆشەوویستی لەو خەیاڵەم بسەنەوە
بەسەر شەمعەدانی لە شتا هەڵم بکەو
بە قەراغی ژوانێکدا بمتوێنەوە
هەست بە گەورەیی خۆم ناکەم،
تەنها ئەو لەحزەیە نەبێ
تۆ پێکی شەرابم پی دەبەخشی و
منیش قەسیدەیەکی مەست
تۆ لە سپێنەی چاوانما ووشە سوورەکانی عەشق
دەنووسیت و
منیش خەمە ڕەشەکانی گلێنەت بۆ ئەهۆنمەوە
تۆ چەتری ئەو هاودەمیەم بۆ هەڵئەکەی
تا بە ژێر تاوە بارانی چاخی سەهۆڵی فیراقا

بۆ تەنیایم دەڕۆمەوە
دەڕۆمەوە..من بێ تۆ... تۆ بێ عەشق....
عەشقیش..بێ شیعر
******
دەدەی ئەی عەشقی دێرین لەم تەنیاییە قوتارم کە
کاتێ حەسرەت بە ئەستوونی لە گەڵ ئاسۆی ڕۆژەکانا
یەکیان ئەبڕی
لە نێواندا من گۆشەیەکی وەستاوی چاوەڕێت بووم
بە تەنها تۆ ئەم هاوکێشە ئاڵۆزانەت پێ حەل ئەکرێ
هەر تۆ لە موعجیزەکانی عەشق ئەزانی.....
کاتێ شەختە پەراسوشمی وەکو پەنچەرەی ژوورەکەم
یەك پارچە ئەکردە سەهۆڵ
تۆ هەتاوت لە ناو دەستەسڕەکەتا قەت دەکردو
دەتنایە سەر نیوچەوانی پەتای فیراق..
*******
چاخی مت بوونە ئەزیزم
لەهەر شوێنێ تۆ پەنجەیەکت دانابێ
بە لێوی فنجانەکەوە، بە بەرگی دیوانەکەوە،
بەسەر سنگمەوە ڕواوی
برینێکی پەمەیت و لە دوای ڕاچڵەکینی خەونێ
بەسەر لێومەوە جێماوی
دە پڕ بە گەرووم گۆرانی بڵێ
با پڕ بە هەردوو چاووت بگریم
*******
چاخی داخبوونە... ئەزیزم
تۆ ئەڵقەت لە پەنجەی دارستان کرد... کە چی بوویتە
هاوسەری بیابان
چاخی داخبوونە ئەزیزیم
چاخی سەهۆلە ئەزیزم
چاخی.... فیراق
فیراق
فیراق....

......
١٩٩٦

## چاویلکەی ڕەش

کۆلانەکە غەرقی پیاسەی غەریبی یە
باخچەکەش لێوان لێوە لە کزەی کانون
شەوەو مارشی تاریکی یە
گڵۆپی سەر شەقامەکان
لەودیو سەمای سنەوبەرو لەکەلەبەری عەشقەوە
سەرەتاتکێ لەگەڵ خۆم و شەوم دەکات
شەو تاریکە.. کە چی کەناری یەکانی شیعر وەك
پێکەکەم زیوینە
*****
ئەمشەو لە نێوان لۆجیك و شێت بوونا
نەخشەی پردێکم بە خوێنی گوڵە جۆرییەکان ڕشتووە
من ئەلف و بیی زمانی شیعر نازانم
کەچی زمانی ڕژانم دەیان لەهجەی حوزن و حەقیقەتی
هەیە
ئەمشەو لە نێوانی لۆجیك و شێت بوونا
تاڵێکی سپی سەرم بە ئاسانی ڕەت ئەبێ
وەکو شەوەکانی دی.. ڕەنگە ئیستاش
دایکم بە نهێنی یەوە تەماشام کا....و
تێ ڕامێنێ و بۆم بگری و پێم پێبکەنێ
کۆلانەکەش غەرقی پیاسەی غەریبییە
لە ئیستێکا گوێم لە زەنگی دەرگاکە بوو
بە لە حزەیەك کردمەوە.. دیسان ئەمشەویش باوکم بوو
پاڵتۆیەکی درێژ و چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاوا بوو

پێکەوە چووینە ژوورەوەو شەو لە نیوەی دوەمیا بوو
پێکەوە هەردوو دانیشتین
دوو پێک .. دوو جگەرە .. بروسکەیەك دای
لە شووشەی پەنجەرەکە.. دەستێکی هێنا بە ڕیشیاو
ووتی....
ئەمشەویش چ باسە..؟
هەستامە سەر پێ و تووڕە بووم
یەخەی پاڵتۆکەیم گرت

موسیبەتە پەراسووکانم دەبن بە ڕۆژژمێری ژمارەکانی برین
چاو بە وەرزنامەی ئافات..
دڵ بە بەلەمێکی بێ سەوڵی ژێر دەریاکە
سینەی چەپ
موسیبەتە قوڵپی گۆرانی یەك و ڕشانەوەیەك چون یەك بن..
هاوڕێ شاعیرەکانم.. خەشخاش لە خوێنیانا ئەڕوێ
پەنجەکانیان بە قوفڵی دەرگای..
مەعشوقەکانیانەوە جێ دەمێنێ..
موسیبەتە بارانی قەسیدە زۆر بە خوڕ بێ و..
وەلێ گلاسی عیشقێکی پێ پڕ نەکرێ..
لەو دیو چاویلکە ڕەشەکەی ڕۆحەوە
وەرزەکان دیلی زنجیرن
بەر لەوەی پشت لە زنوێری هیواکانم.. سەفەر بکەی
گۆنای هیجرانت ڕاموسی
شیعر سورەتی سوتان بوو
تەنها کۆپلەیەکت نوسی
ئێستا لای من دیوانێکەو تەنها هەژاران تێی دەگەن
ژیان و مەرگ دوو ڕێگان و
لە کەناری شکستەکانا پێك ئەگەن

گەرچی ئەنجامی پەنجەکان ..هەڵوەرین و
جەستەکانیش لە کەرنەڤالێ خاکەنازو
نەعش و خۆڵا
سەفەرێکی سەرمەدی یە
کەچی هێشتا کزەبای دێ
هەورەکان چڕ دەبنەوەو
با هەڵئەکا و باران دێت و کێڵگە ئەزێ
لە دوندی خەیاڵیشەوە
کانی قەسیدە ئەتەقێ
دەشتی دەروون تەڕ دەبێت و
شیعر وەکو پەڵە هەورێ بە سایەقەی عەشقێکەوە
چاوەڕێی کزەی مەعریفەیە
ئەمجارەشیان لەش ئەسووتێ و
شیعر ئەزێ

تاوانی ئەم سووتانەم چی یە؟
کە من بەردێکی ئاگرینی بورکانەکانی شەهوەتی تۆ بووم
لەو موعاناتە ساردەیا گیرسامەوە
تەنیا یەك برینم هەیەو
ملیۆنێك جار کولانەوە
*****
دوو پێك دوو جگەرە برووسکەیەك
دای لە شووشەی پەنجەرەکە
سیماوی باوکم لە هەوری ماندوو ئەچوو
دەستێکی هێنا بە ڕیشیا و ووتی
دواین هەواڵ چی یە؟
دانیشتم و وەك بارانێك خۆش  بوومەوە
دەستێکم هێنا بە سەرما
دواین هەواڵ
دەمی گۆڕ لە دەمی شیعر بەرینترە
فیشەکیش لە نان زۆرترە
خودەیەکی عەسکەریمان کردە سەری ئازادیمان
نیشتیمانیش جەنابتان خۆش
سەرکردەکان فێ بیانگرێ
مزگەوتەکان پڕ ئەکەن لە لاشەی سووتاو و
حەز بیانگرێ
کورتەی هەواڵ...
پڕ ئەکەن لە چەم و هەتاو

*****

دوو پێک دوو جگەرە
برووسکەیەك دای لە شووشەی پەنجەرەکە
سیمای باوکم لە هەورێکی ماندوو ئەچوو
دەستێکی هێنا بە ڕیشیا و ووتی
رۆڵە خەون دەبینی..؟
بێدەنگ بووم و لە شەرما پچووك بوومەوە
فوارەیەك لە جیاتی ئاو گوڵ فڕێ ئەیات
چەپکێ یاسەمین بۆنی ئاوی کارێزی لێدێ
کچێکی ڕووت و قووت بەسەر ئاوێنەکی شکاوا
تێئەپەڕێ

به کەناری  خۆڵەمێشی شەوەکان دا
بە خورپەوە بەسەر ئەچم
وەکو خورپەی ئەو زەنگانەی دوای نیوە شەو
لە دەرگای ماڵەکەم ئەدرێن
بە ترسەوە وەکو ترسی ئەو گوڵانەی
لەسەر لاڕیکانا ئەڕوێن

من و نەوەی ئەم شیعرانە
سێوێکین و چەوقۆی رۆژگار لەتی کردوین
من و باڵی ئەم خەمانە.. نەورەسێکین
تفەنگەکانی سەرزەمین  فێری بەرزە فڕی کردوین..
کە بەیانی پایزان دێ
خۆر وەکو سێوێك سیس ئەبێ
لەسەر کورسی کازێوە دائەنیشم
ئەڕوانمە شانۆی ئەفسوناوی باخچە
پیرە مێویکی سەرخۆش بە لادا دێ
بەلوعەیەك نەرم ئەکۆکێ
هەنارێکی ڕەزا شیرین.. قلێش بردوو
بە هەمووومان پی ئەکەنێ
کۆلانەکە غەرقی پیاسەی غەریبی یە
پاخچەکەش لێوان لێو لە کزەی کانون
شەوە مارشی تاریکی یە
باوکم دەست بە ڕیشیا دێنی و
منیش وورد وورد سەما ئەکەم
گۆرانی یەك ئەڵیمەوە
"نیمچە دوورگەیەکم لە تەنیایی
سێ لام خوێنەو لاکەی ترم ئالای سپی"
نیشتیمان خەونی شاعیر
شێت بوونی ئەمشەو .. پێکەنینی گەلۆرانە
دوو دلۆپ ئەشکی عاشقانە
سەما دەکەم باوکیشم بزە دەیگرێ
باش تۆزێك دایکم هاتە ژوورێ
ئەوە چی یو کوڕم لەوە ئەچێ شێت بێ
......

نا دایە لەگەڵ باوکم قسە ئەکەم
دایکم ئەگری و ئەدا بە ڕوومەتی خۆیا و ئەڵێ:
کوڕم ئاگادار بە تۆ شێت نەبی .. باوکتی چی..؟
وەرە دایە
ئەوە نی یە دوو جگەرە داگیرساوە؟
وەکو جاران بەر لە سووتانی یەکەمیان..
دوەمیانت پێ کردوە
ئەوە نی یە دوو پێك؟
وەکو جاران بەر لە یەکەم پەرداخ، دووەمیانت فڕ کردووە
کوڕم تەنها یەك دێڕ دەڵێم.. بیرت نەچێ..
باوکت سێ سالە مردووە...

## سیروان

سیروان .. بە تەنیا ژیاو بە کۆمەڵ مرد

شەوان درەنگ خۆت مەسپێرە بە ڕاڕایی کۆڵانەکان
بە دوو دڵی دووڕیانەکان
بەسە ..(شبر) کەم فلاشی چاوەڕوانی لە ڕووی
نائومیدی بدە
وێنەی ئەو کچانە مەگرە
دڵیان بە کل ئەڕێژن و چاویان بە خوێن
وێنەی ئەو کوڕانە مەگرە
هێندەی تاڤگەیەك توڕەن و کەچی
دڵۆپ دڵۆپ ئەڕژێن..
******
شەوەکان قەرزاری تۆن
بە پارچە حەسیرێك و خەونی شمشاڵ..!
تۆش قەرزاری...
چوار پیاڵە چاو سەمونێك
مێژووش قەرزاری گشتمانە..!
بە گۆرانی یەکی نیمچە لاڵ

* سیروان ئەو گەنچە ناسراوە بوو بە شبر
کە بە بیستنی دەسکیرکردنی عەبدوڵا ئۆچالان، لە سلێمانی خۆی سووتاند و گیانی سپارد

## چاپی سێهەمی مەراقێك

لێرە پایزێك هەیە
هێندەی یەكتر ئەوو فرمێسكم دەبارێن
من بەسەر دوا پەڕەی قەسیدەیەكا دەگریم
ئەو بەسەر دوا لەحزەی ڕوتبونەوەی دارستانێكا
ئەبارێ
شەو لە شمشاڵێک دەچێ پڕیەتی لە كونی ئەستێرە
بەبێ ئەوەی درەوشانەی بژەنم
دونیای شەوم بە گۆرانێ لێواو لێوە
عەشقیش دەڵێ:
بنوو ..بنوو
پێخەفێكم بۆ ڕاخستووی بەسی و شەش خەونی
عومرەوە
ئەستێرەكانت لێ دەكوژێنمەوە
پەردەكانی سەر بێداریت لێ جووت ئەكەم
تابەیانی تەماشای مەراقت دەكەم
******
گوایە یارۆ ئەتزانی خۆش وویستنم بۆ ئەوە بوو
ئەستێرەیەكم بۆ پۆست بكەیت
ڕووناكیت بخوێنمەوە
نەهێڵیت هەرگیز گەورە بم و
بالآم بە پەنجەیەكت بپێوی
وەك گەمەی من و دایكم
تۆ برسێتیم لەسەر ساجی وەفاداری ببرژێنی
منیش بە مشتێك شەكرەوە لە پاڵتا هەر چاوەڕێ بم
ڕێگە نەدریت پەڵە پەڵە بسووتێم و
قەراغەكانم نەگریتەوە، برینم هەڵنەوەرێنی !
******
گوایە یارۆ نەتئەزانی؟
ئێمە عەشقێكی دوولەتین
لە تۆدا باران دەبارێ و لە من دا لافاو هەڵدەستێ
تۆ دەچێنن من سەوز دەبم
دەوەرێم و لەوەرینما پیرۆزیت دروێنە دەكەن
هەر كاتێكیش سروەیەكم بە تۆ گەیشت
(شەن) ت دەكەن

نەتئەزانی ئێمە لە دارستان کۆنترین؟
زەمەن ئەمان نووسێتەوە
مێژوو ئەدریسمان دەداتێ
-با- دێت و مەراقمان چاپ دەکاتەوە؟
-با- هەڵدەکات ، تەعبیرم مەست
ڕێژنەدێت و حەقیقەت ڕووت
کەی سپیدەیەك بەختەوەری دێت
قومێك لە بۆنی هەلاڵەو
مژێك لە خەرمانەی مانگم پێ دەبەخشی
******

چ گەمەیەکی شیرینە شیعر!
پەڕەیەکی نیوە نوسراوم بە نیگا پڕم کەرەوە
خوێندنگەیەکی چۆڵکراوم بە زڕەی زەنگ و
قاوقیژی مناڵانی ئەنفال بمئاخنە
لە باخچەکان چاوت بگرە و
لە عەر عەر بمدۆزەرەوە
لە ڕۆڵێتیکی کلاپی ئەمستردام بمدۆڕێنە
لە پایزەشەوێکی کڵاو کڵاوێنەی کوردا بمبەرەوە!
ڕێ بدە بەسەربالاتا هەڵفڕم
ماچی زیوییم تێ بگرە
با جریوە پرژێنت کەم
چیم ووت لە گەڵما بیڵێرەوە
گەر زەمانیش باڵەکانی شکاندم
بە بەرچاکی کراسەکەت بمگرەوە
******

ئێستاش وام
سلاوێك لە لێوما مەییوە
تەوقەیەك لە دەستما چەکەرە دەکات
ئیستاش وام
لووتکەی قەسیدەیەکم گرت
کەچی قەڵەمەکەم جێما
گەشتمە کەنارێکی برۆنزی
هەرچەندە بەلەمەکەم شکا
چ جەنگاوەرێکی غەمگینم من!
ژانم بەلەمێکی شکاو بوو
ژیانم سەنگەرێکی رووخاو بوو

سەرکەووتم بە دەستێکمەوە تۆپەڵێك بەفر و
بەوی ترەوە هەتاو بوو
******
ئاخر یارۆ
سەردەمێکە دەنگم بە بیستنم ناگات
لەودیو بێدەنگیمەوە ئاوازێك نی یە
دەنگم لە دەنگیا بڕوێنێ

شەو منالێکی هارو هاجە
بەتانیەکەم ڕادەکشێ و سەرینەکەم لێدەفڕێنێ
وەکو شەوانت فڕاندم
تەنها مشتێك مانگە شەووت جێ هێشتایە
بۆ ئەو لەحزە دەیجورانەی بە دوای خۆما
عەوداڵترم لە عەوداڵی
مناڵترم لە مناڵی
کە باخچەکەت قەد کردو خستە نێو جانتاکەتەوە
گەڵایەکت جێهێشتایە
تا لە حیکمەتی ئەو درەختانە تێ بگەم
لە قەدیەوە بووم بە لق و
لە لقیەوە بووم بە چڵ و
لە چڵەوە بووم بە وەرین
تێم گەیەنە چۆن گریان خەست ئەبێتەوە و
وورد و خاش ئەبێ پێکەنین
یارۆ .. ئاڵای مەراقێکم
هەموو پەنجەکان هەڵوەرین کەچی تا هات شەکامەوە
چیرۆکی برینێکی ئاوەژووم
دوای سارێژبوون کولامەوە
لە مۆمێك ئەچووم سەری گڕم
خستە سوجدەی بەردەمی خۆم
دوو دڵۆپ حوزنم مەیین
لەسەر حوزنی خۆم ڕاوەستاووم
دەگیرسام و توامەوە
داگیرسام و توامەوە!
.....

١٩٩٩

## مەزهەری خالقی

ناسیمەوە..
هەر ئەو کزەی غوربەتەیە
پەردەی پەنجەرەی خەیاڵم
بە ئەسپایی دەجوڵێنێ
هەندێ جاریش
لە کەلەبەری رۆحەوە
لێم دەروانێ و
لە ناو هزرا ئەمڕوێنێ
ناسیمەوە..
لە هەرێمی دەسبازی نێوان
باران و گوڵی کێڵگەیەك
سەنتوور و سەری پەنجەیەك
لەو یان دەبم بە پەرژین
لەمیاندا دەبم بە ئەسرین
*****

ئەو بارانی بە نمە یەو
دەبارێتە سەر دەشتی ڕۆح
تا سەوزایی ئیفلیج نەبێ
عەشقی بێوەری پەروانەیە
تەفسیر ناکرێ..
هەتا چرایەك هەڵنەبێ؟
ئەو وەچەی ئەو رووبارانەیە
لە سەر دەمی تەڕو بڕی جوانی وە هاتووە
بە لای عاتیفەی ماندووەکاندا تێ دەپەڕێت

بۆ بە یەیانیان چەپکێ گوڵ و
بۆ ئێواران مشتێك خۆرنشین
بۆ شەوانیش سوورەتی دڵ نەوای یە
بۆ گومڕابوونی حەزین
ئەی میوانی درەنگ وەختی ئەم تەنیای یەم
هیچم نییە بۆتی دانێم
خەیاڵی جنراو نەبێ

کولێرە کوێرەوەری نەختێك زیاد سووتاوو نەبێ
ببورە هیچم نی بۆڵێک ترێ ی ئەشك نەبێ
بۆ قەفەزە پڕ کەناری یەکەی باخچەی گەرووت
ئەوەی هەمە..
شیعرێکە گرێ لە خوێنی دراوە
فنجانێ قاوەی موناجاتە
بەسەر تاڵاوی خۆیدا هەڵئاوساوە
ئەی میوانی درەنگ وەختی ئەم تەنیای یەم
خاوەن ماڵێکی بێ چاوو ڕووم
خەڕەکی دەسکورتی شیعرم
هەزاران جار ئەڕێسمەوە
بۆ ئەم شەوە
گۆرانی یەکم بە قەرز بەرێ
ئەگەر کرا
سەد ساڵی تر ئەتدەمەوە

## کۆتای یەکانی دیسێمبەر

حەزرەتی نالی ئەفەرموێ:
ئەشکم کە لەگەڵ عیشقمە تیفلێکی فەهیمە
هۆشم کە لە کن خۆشمە پیرێکی نەزانە
بۆ هیجرانت سەد حەیف
بۆ سەفەریش غەریبیت شاد
هێندەی چاوتروکانێک بوەستە..
پرسیارێك لە ژێر مەچەکما لێ دەدا..
چۆن بای وەشت خرایە دۆزەخەوە
ئەو قوولاپانە لە کوێن
دەریایان لە خوێنی ماسیا گەوزان
بەر لەوەی سووتوی جگەرەکەم بوەرێ
بەرلەوەی جانتاکەت بکەیتە شانت
بە دەم خەیاڵاتەوە
ئەو ڕێ یانە پڕ دەکەم لە ئەستێرەی حەیرانی با و
ختووکە سامناکەکانی شیعر
لە کوخی هەرەسهێنانی پیریما پرچە درێژەکەی
دەروێشی ڕۆحم
پەخشانە بەسەر دەفە زەردەکەی یادگاری یەوە
دەڵێم دەنگی عەشق لە دوور خۆشە
******
هێندەی قاقایەك بوەستە..
ئیستا ئازادیەکی زامدارم و
حیکایەتی جەنگ دەنووسمەوە
جەنگ حیکایەتێکی خۆلەمێشی درێژە
چراکانی ژووری موعاناتی کوژاندەوە
دایکمی بە گۆزەیەك خوێنەوە لەکانی مناڵیم گەڕانەوە
چرپا شلۆقەکەی باپیرمی پڕکرد لە مەوجی ڕادێۆو
کەناڵەکانی
چاوەڕوانی..
تفەنگ وای لێکردم خۆم بدەمە پاڵ سێبەری
وەنەوشەیەك و
بڵێم
بژی باران

تفەنگ وای کرد .. گوڵی سەرت نایە ژێر بارانی
ڕەحمەتی غوربەت
منیش دوو کانیم کردۆتە چاویلکە و
لە عەهدی وەرینی گوڵەکان دەڕوانم..
سێوەکانی نا ئارامیم فڕێ داوەتە بەرچینەکانی
عومرەوە
لە پاڵ گۆلاوی فرمێسکما خۆمی ڕژاو ئەچنەمەوە
تۆش دەڕۆیت
هەموو شتەکان دەبەیت
جانتاکەت..
سێبەری ئاسکەکان
هێڵەکانی تەلەفون
تەنها خۆت بەجێ دێڵی
ئەتمۆسفێر پڕ دەکەیت لە خەونی بەدی نەهاتووی
ئەستێرەو
سێبەرەکەت بەجێ دێڵی..
بیر لە کەشتی تەلەفریکەکان دەکەیتەوە بەسەر
هەیەجانی بەحرا
پەڕینەوەی سەرزامی سیروان جێ دێڵی
دەڕۆیت پاپۆڕەکان پڕن لە هەناسەی قەوزەو
پاسپۆرتەکان بە دوو باڵی شکاوی عەقیدەم بەجێ دەهێڵی..
*****
بۆ هیجرانت سەد حەیف
بۆ سەفەریش غەریبیت شاد
هێندەی گریانێك بوەستە
لە گەمەی ئەم پیاوە موحتەریفانە بڕوانە
لە خانەکانی مێژوودا خەت خەتێن بە ئەستێرە دەکەن
تا دەکەونە سەر هێڵەکانی نەدامەت..
*****
ستۆکە سەردەمی عەشق ستۆك..
دەنا بۆ یەك وەرزی مایس بووین لە بارانی یەکتریدا
دامان ئەکرد؟
کەچی کانی یەکمان نەدی
کەچی دەستمان نەبوو بە باخچە تا ئەوپەڕی
گریانمان ئاوی بدەین..


ئەم سەردەمە سێبەری ڕیشۆڵەیەکە بە دەم
گورگی زستانەوە
دەسرە سپی یەکت بەرز کەرەوە..!
ئەم زەمینە حەووت کیشوەری برین و
پێنج دەریالووشی فرمێسکە
******
لە دووری ئەم شارە خاپورانەدا
گووندێکمان هەبوو لە خەیاڵ
حەوزێك پڕ بوو لە قوڵپی حیکایەت و
درەختێ چرۆی گاڵتەو گەپی ئەگرت
هیجرانت باش
هەر ئەو شوانکارە ڕوتەڵەم گۆزەی دڵم دەڕژاندە
جامی دڵتەوە
هەر ئەو زیندانیە بەریئەم قاچم
لە سێبەرەکەی خۆم هەڵکەووت و
سەرم کێشای بە هەتاوا
یەکەم کەووتنم بیر ماوە
*****
ئاخ.. چ زوو لە سەر ئەستێرەیەك خزاین و کەوتینە
تاریکی یەوە
ئاخ .. چ نامرادانە سەری پڕ لە دووکەڵمان خستە
گەرووی تونێلی مووسیبەتەوە..
چ شەمەندەفەرێکی سیخناخ بووین
بەسەر چ هێڵێکی خوارو خێچا ڕەت بووین؟
*****
یەکەم کەووتنم بیرماوە
لە ژێر گڕەبای نیوە شەوانی خاسە
ئای خاسە.. چەند تایەی دڕاوو.. نەورۆزی خنکاوو
ماسی نەزۆکی تیابوو..
ئای چ خورپەیەك بووین؟
نیوە شەوانی جادەی ئیسکان
لە ژێر ڕووناکی عەموودەکانا..

تەلەبەیەك و ئیمتیحانێکی قورس
گرەبایەك دۆلکەیەك ئاوی سارد
شەوێکی درێژو جگەرەیەکی کورت
لەولاش پیرە ژنێ بە خاڵەکانی چەناگەی
ڕۆژانی بەختەوەری ئەژمارد
نانە گەورەکانی ئەدا بە تەنووری خەیاڵی پیرە پیاوداو
ئەویش سەرینەکەی پڕ بوو لە قەتار و خاوکەر
پڕ بوو لە نرکەی عەلی مەردان و بەستەی سپی و
ئەڵلا وەیسی گەردن ئەسمەر
جەنگ حیکایەتێکی خۆڵە مێشی درێژە
*****
ئەی ئەو کچەی لە پێناوتا پێڵاوەکانم داکەند و
تفم لە ڕیگاکان کرد
لە کۆماری عاقڵیما گەردنی خۆم نایە سەر شمشێری
شێت بوون
بەم پەنجە کەل و کۆمانەوە پیانۆی نینۆکەکانم ژەند
لە پێناوتا چڵە سنەوبەرێکم کردە شان و
لالەنگیەکم لە کەمەرم بەست
چوومە جەنگی هات و نەهاتی خیلقەتەوە
بووکە شووشەکانی ناو کۆگاو موغازەکانم فێری
چاوترووکان و گریان کرد

لە پێناوتا کانی دڵتم خواردەوە و بەردی فیراقم تێ فڕێدا
هێندەی چاو تروکانێک بوەستە
پرسیارێك لە ژێر مە چەکما لێ ئەدا
چۆن بای وەشت خرایە دۆزەخەوە..؟
ئەو قولاپانە لە کوێن
دەریایان لە خوێنی ماسی یا گەوزان..؟

# زەمەنی لە پێکەووتن

(بۆ پەیڤینی کچم)




گەر سەحەرێك
جووتێ چاو لە ژێر سەرینەکەتا جێ مابوو
بیانخە سەر ڕەفەکانی میهرەبانی
ئەوانە چاوی قەسیدەن
گەر نیوە شەوێک پەپوولەیەکی مەستت دێ
لە نێو پەڕەکانی کتێبەکەتدا لە خاچی دە
با ووشەکان لە سەر باڵی دەربچن
با مەرگێکی ئاسکانە بمرێ
وەکو مەرگی ئاسکێکی پێ پەتی
******
باوکت تارمایی یەکە
لە بەر پێی پیاوە ڕووناکەکانا مانی گرتووە
نە خۆڵ ئەخوا و نە مانگەشەویش ئەخواتەوە
باوکت تەلەبەیەکی یافیعە
لە ماتماتیکی سرووشتا سەوزی لە باخچە دەردەکاو
پایز ئەگری بە دەستی یەوە
تۆ سەرگەرمی خەونە سادەکانی منالێت بە
ئێمەش سەرگەرمی ئارمەکانی شکستین
لەسەر ئالا سپی یەکان ئەیچنینەوە
گوێ مەدە بە ئێمە
وێنەی گەلا زەیتوونێك لە سەر ئەتەمینی ڕۆح بچنە
بە دەنووکی بەختەوەری یەوە

ئێمە دەرگا ڕزیوەکانی چارەنووس برژانگ ڕێژ دەکەین
لە وەرزی هەڵوەرینا تۆوی گوڵەکان کۆ دەکەینەوە
بۆ زەمەنی هەڵنەوەرین
یەکی قاموسێکمان پێ یە..
عەشقیش یەك زمانی هەیە
وەلێ کچم بە دوو لەهجەی جیاواز ئەگرین...

گوڵێکم پێ یه
هیوا خوازم تا زەمەنی گەورە بوونت سیس نەبێ
نیشتیمانێکم هەیە پڕیەتی لە بت و خوا پەرستی
نیشتیمانێکم هەیە
لە ناو گەروی بایە قووشەکانا
چارەنووس خوێنێکی خۆڵاوی یە
بە دەم  خاکەنازی ئەجەلەوە
گوناهی من بوو پێم نەووتی
ووریا بە ئەی نوتفەی مەجهول
لە ژێر گەمەی غاری ئەسپی باوکایەتیما مەڕوێ..
با لە دوای چاندنی عەشق
سەحرای فیراق نەدوورینەوە
*****
واملێهاتووە لە درەنگ داگیرسانی گلۆپی شەقامەکان
بە گومانم
ناوێرم ئەنکێتەکانی خۆشەوویستی ئیمزا بکەم
بە نووکتە تەڕەکانی باخچە پێ بکەنم
ناوێرم بڵێم ڕۆمانە ڕەشەکانی
بە پەڕی تاوسەکان مەنووسنەوە
*****
دایکم ئەیووت
کەم ناخونەك بگرە لە هەنگوینی چراکان
با ڕووناکی بە لا لغاوتا نەیەتە خوارێ
با کەس سێبەری نیوان دانەکانت نەخوێنێتەوە
زەمەنی لە پێ کەووتنە پچکۆلەکەم
تەنها دیواری دڵم ماوە دارە دارەی پێوە بکەی..
تەنها جانتاکەی شانم ماوە بیکەیتەوە
بۆ نوقڵی ترش و شیرینی
سەفەری باوکایەتیم بگەڕێی
بۆ ئەو ئەتڵەسی خۆشەوویستی یەی ڕووبارەکانی خوێن
ووشکاییەکانی پڕن لە کەللە سەر
ئاسمانیش پڕە لە ئەستێرەی بێ جریوە
قفڵێکی ژەنگاویش لە مانگە شەو دراوە

# سێ دڵۆپ لە ڕژانی خۆشەویستیەك

دڵۆپی یەکەم:
لە سەر کوشنی کۆستەرێکا بەیەك گەیشتین
ووتیان زۆر جار بارانێکی هێور بووە
گڕی نەوسی پیاوەکانی خەفە کردوە
بەسەر ئاگری غەریزەی
کەل و کۆما دای کردووە
سوراحیەك شەربەتی سارد و شیرین بووە
هەر بە قومێ هەڵدراوە
دوایش لە سووچی تاریکی سیسەمە دوو کەسیەکاندا
بە شکاوی لێرەو لەوی بەجێ ماوە
ووتیان هێشتا لە سپیدەی عومرا بووە
کچێنی ئەو بۆ خۆرنشین ڕاو نراوە
ووتیان جارێک سەری پەنجە زەردەکانی وەك برێشکە
لە سەر سنگی زبرو چەوری سەربازێکا تەقیون
لە ژێر پشتی پڕ ڕیحانەی جەنگاوەرێکی چیادا
پەنجەکانی وەك دە گوولە بەجێماون
مەمکەکانی لە چنگی ئەودا مەیون
وتیان جارێك شێتێك لە گوزەری ئاسنگەرەکاندا
لە قەفەسی شەهوەتێکی پەرکەماوی بەندی کردووە
تەنها بە کلیلی ماچێك مۆمی تواوەی ئارەزووی
لە نێوان مەمکۆڵەکانی پێ کردووە
لە دوایشدا بازرگانێك
کەلەپچە نیگرۆکانی پرچی
زەرد و ئاڵۆسکاوی
لە دیلیەتی ڕزگار کردووە
وەك دەسکەووتی پاش جەنگێکی درێژە خایەن
بۆ دوو شەوێ بووە بە ڕۆمێۆ ی عاشقی و
وەکو قوتووە بیرەیەکی خاڵی و قوپاو
لەبەر دەرگای ڤێلاکەیدا فڕیی داوەو
چەند مناڵێکی دەستفرۆش بۆنیان کردووەو
شاعیرێك هاتوو پێی ووتم:
هێشتا لە ژێر تاریکی سکی دایکیا بووە
شەبەنگی نووری کچێتی وون کردوە

لەسەر کوشنی کۆسترەرێکا بەیەك گەیشتین
دوو دڵ بوو دەیناسیم یان نا
دوودڵ بوو لە لێوەکانم
لێوی دەمژم یان خوێنی؟
یان هەردووکیان!
دوودڵ بووە لەوەی دەیناسم
دەترسا وەك پەڕۆیەکی تەڕی دڕاو
بە تەنافی پیاوەتیما هەڵیواسم
******
لە شیڕەی لێکترازانی زنجیری قەمسەڵەکەما
بە ووریای سەرنجی لەبەر پشتێنم دا
کە دیوانەکەی سەممان ی لە دەستما دی
لە نێوانی دوو لێوی ئەرخەوانی یەوە
دانەکانی دوو ڕستەی سپی بوون
بە رووی پەڕەی ڕەشی خەندەیەکی قووڵەوە
لە چێشتخانەیەکی نیوەی ڕێدا ..
نیوەڕۆ بوو نەفەرەکان دابەزین و حەوانەوە
ئەو بە تەنها وەك وێنەیەك لەو دیو جامی کۆستەرەوە
مەنگ بوو نەجولا و مایەوە
بە نهێنیش یەك دوو پەڕەی
دیوانەکەی هەڵدایەوە
*****
لەسەر کوشنی کۆستەرێکا بەیەك گەیشتین
دوا دڵۆپی سەفەرمان ڕژاندە بەرپیی دابەزین
وەك ژیان هەر یەکەمان
ملی ڕێ یەکی گرت .. ڕۆیشتین
*****
دڵۆپی دووهەم:
چەند شەوێك بوو شانۆی سەفەری پانتۆمایم
دیوانەکەش ئەکتەرێکی بێ ئەدرێسی
دواین بەش بوو
ئەو شەوانە کەون لای من
بستێك یان چەند بستێك ئەبوو
بنمیچی ژوور مەداری ئەستێرەکان و
تێڕامانم دووکەڵێکی چڕو خەست بوو

تێرامانم بەیانی یەك  کە کرایەوە
خۆی بوو خۆی و دیوانەکەی هاتنەوە
لەو ڕۆژەوە
ئەو بۆ من بوو بە دەریایەك
منیش بۆ ماسی گیانی ئەو
بە کلك و باڵ پوولەکە
سەحراکەی من
شەختەکەی ئەو
تێکەڵ بوون و توانەوە!
شیعرەکانی دیوانەکە
هاوڕێیەتی سادەو ساوای
پێکردینە مێژووی تەقینەوەی خۆر و عومری زەمین
هاودەمیمان وەك دەنگ و لێو لێک نزیک بوون
ئەو ڕەشایی ئاسەواری جەنگی قەلەم و کاغەز بوو
بوو بە هەڵبەستێکی بزێو
بووە دڵۆپی لە ڕژانی خۆشەویستیەکی دزێو
لە ژووڕێکدا تەڕ
تەڕی ژێر بێزاری کانون
ئەو سەرمێزو تاقەکانی
بە ئیقاعی پەنجەکانی سڕی یەوە
منیش بە فووی سینەی ماندوو
گیانم ئەدا بە گڕی کز..پۆلۆی مردووی
ناو ئاگردانی ژوورەکە
بە مقەستێ تاڵە دەزووی قرچۆکی
پانتۆڵە ڕەشەکام ئەبڕی
ئەو بە پەنجە نەرمەکانی
تەمی شووشەی وێنەکانی
عیسا و لینین ، ئەنجیلۆ و دافنشی ئەسڕی

هاودەمیمان دوو دڵی ژێر یەك سینەوە
چوار چاوی یەك دەمووجاو بوون
وەك ناوونیشان
هاودەمیمان
کاسکیتی بوو  لە سەر کۆپلەکان نرابوو

لەگەڵ پیاسەی زەردە پەڕو قاقای کەنار
من وەك هێمای تەعەجوب و ئەو وەك پرسیار
بە شەقامدا ڕێمان ئەکرد
پیاوەکانیش لە ڕیزێ پشیللە ئەچوون
لە نێوانی چۆلەکەیەکی بێ باڵ و
سەگێکی سووری پاسەوان
گلێنەیان سەمای ئەکرد
ئێمە دوو باڵداری سرکی
نێوان فڕین و چەقۆ بووین
باڵمان لە کازیوە ئەسوو
دەنووکمان لە خۆرنشین ئەدا
بەسەر دەریاچەی حوزنەوە
دوو بەلەمی کاغەز بووین
هەرزەکاری ئەیداین بە دەم گەرداوەوە
لە مەوجە تاریکەکانی ناو نیشتمانمان ئەڕوانی
ڕاوەستا بووین بەسەر پەیژەی هەتاوەوە
ژوورەکەش تەڕ
تەڕی ژێر بێزاری کانون
تیایدا نە فڕین قەدەغەو
نە سەربەستی بۆنی بارووتی لێ ئەهات
تیایدا نە خۆر ئاوا دەبوو نە هەڵدەهات

دڵۆپی سێ یەم:
چەند ڕۆژێك بوو بێ هەواڵ بوو
هەواڵی ئەو وەك مرواری ژێر دەریاکان
نە ئەمبینی و نەنەخشەی رووبارەکانم لەلا بوو
چەند ڕۆژێك بوو بێ هەواڵ بوو
ئیواران .. ناو ئاپۆڕەی جادەکانی بۆ دەگەڕام
نیوەشەوان ژووری سپی ژێر ڕووناکی کزو زەردی
قاوشی نەخۆشخانەکان
لیستی ناوی مردووەکانی بۆ دەگەڕام
کەچی نەمدی
بەیانیش زبڵدانی کەناری شار
بۆ خەنجەری کەوانی سەر دەنگەژێکانی گەردنی..
کەچی نەمدی..

بۆ سەداکانی قریشکەی
لە ئاسمانا گوێم هەڵخست
کەچی نەمبیست
لەو ڕۆژەوە لەگەڵ چکەی چاتێکدانی
تەنیایما دەنگی ئەوم دێتە بەر گوێ
لەگەڵ هەڵدانی پێکێکدا لە بنی پەرداخەکاندایە
لەناو کزی مانگەشەو و
لە ناو بڵێسەی خۆردایە
ئەو ڕەشایی ئاسەواری جەنگی قەڵەم و
کاغەز بوو
یاخود وەهمی قەسیدەیەك
نەمدییەوە
نە لە کۆڵانێکی شاردا
نە لە گۆشەی جەریدەیەك
******
لەبەر ئاوێنە بوەستم
سیمای ئەو دەبێتە عەکسم
شەوان دوای خەونی ئەستێرە
لەسەر باسکی ئەو ئەنوم و
سپیدە بەر لە من دەڕوا
منیش قەیتانی قۆنەرەی
سۆراخێکی دوور دەبەستم

## فەجری دووەمی عەشق

گوناهی پەنجەرەی ڕوانین بوو
ئەو هەموو شەقامی ئازار وکۆڵانی برین و
گەڕەکی حەسرەتی پێشان دام
گوناهی ژووری خەیاڵ بوو
ئەو هەموو کلیلی قەسیدەیەی پێ بەخشیم
دەکرێ بچینەوە ژێر موسڵدانی دایکمان
هەتا نهێنیەکانی شکست و قات و قڕی پێکەنین و
زیادە ڕۆیی گریانمان تێ بگەین
تا جارێکی دی لە قامچی مامۆستاکەم و چەمۆڵەکانی
باوکم نەترسم
ئەو دەسڕانەی کە پڕن لە گریانی گەرم
بە بەرامبەر خۆرەتاوی قەسیدەوە هەڵئەواسم
ڕەنگە شاعیرێتی بەهیزترین یاسای
سزادانی ناو دەستورەکانی سروشت بێ
کاتی پەیڤێکی قاچاخ لە مەرزەکانی موعاناتەوە
ئاودیو دەکەی
کاتێ تەماشای سۆزت دەکەی کە عاتیفە لە نینۆکت
درێژتر بوو
تۆ شاعیری هەتا مردن..
لە باکوری برینتەوە خۆری ڕەها بوونت هەڵدێ
بەسەر شاری ڕوانینتەوە تێدەپەڕێ
لە باشوری قەسیدە ئاوا دەبێ
تۆ شاعیری هەتا مردن
بەسەر چیای برینتەوە
هەر خورەی دێ تاڤگەی هەنگوین
*****
گەڕەکێك لە یادەوەریما هەیە
لەوێ تیشکی ئاوێنەکانی هەرزەکاریم
دەگرتە هەیوانی ئەو کچانەی
لەودیو ترسی باوکیانەوە
گەمەیان لەگەڵ با ئەکرد
ئەو کیژانەی ئازایەتیمیان لە دەمیانا ئەجوو
گڵۆپیان بە ترسنۆکیم ئەکرد
پیاوەتیمیان تف ئەکردەوە

گەڕەکێك لە یادەوەریما هەیە
پڕی بوو لە دیواری بەرز و پەردەی گوڵ گوڵین و
خۆشەوویستی سادە
ئەوسا دەروونم پەردەیە بوو
گوڵەکەی لە گۆرانی و
تەختەکەشی لە بەرائەتێکی سپی
ئەوسا ئیرەییم بە فڕینی کۆترەکان و
نمرەی بەرزی هاوریکانم نەئەهات
ئەوسا موچڕکەی پاڵەوانی حیکایەتەکان و
بە سوتوو بوونی پشکۆکان و
شیرینی گەزۆ لینجەکانی بە ئاسانی لە یادا نە ئەچوون
ئەوسا ژووره تەڕەکەی من بەسەر حەووشەی فراوانی
کچێکا ئەیڕوانی
پەنجەرەی ئەو چاوی لە ریی قوتابخانە نەدەتروکاند
قوتابخانە بە ترسەوە لە لوتکەی چیای دەڕوانی
بەندیخانە بە چاویکلەی قانونەوە
مەلەفەکانی مغامەرەو
دۆسی یەکانی خۆشەویستی ئەخوێندەوە..
******
ئەی ژیان
ڕەنگە تۆ لە زڕانی خەونی خۆشەویستیەوە
لە دایك بووبیت
وا ئەم تولفە گڕۆزانەت خستەوە
وا منت فێرکرد بە تاڵێك بروسکەوە بچمە مەراسیمی
جووتبوونی هەورەکان و پێشوازی لە باران بکەم
سەر بنێ بە سینەی مێژووەوە
گوێت لە هاڕەی غار غارێنی ئەو شۆڕە سوارانەیە
گڕ لە سمی ئەسپەکانیان ئەبارێ؟
نیشانەیان لە ئاوەدانی ئەگرتەوە
پەرکەمیان دابەش دەکرد و
کچ و کاسی ئاڵتوونیان بە غەنیمە
بۆ عەرشەکان دەبردەوە
گوێت لە سەدای فەجری ئەو شمشێرانەیە
ئەهاتن و مانگەشەویان لەچك ئەکرد
دەرپێیان لە پیی چەم ئەکرد

تێگەیشتن کۆلێرایە
هەر زوو لە کەنارەکانی مەنفای ڕۆحا ئەترشێنێتەوە
هەر زوو وات لێ ئەکات کەس دەسرەکەت لێ وەرنەگرێ
کەس پەرداخە شکاوەکانت کۆنەکاتەوە
کەس بە پێخەفی عەشقت نەنوێ
کەسیش گسك لەسەر قاڵیت نەدا
*****
لە کوێی فەجری دووەم..؟
لە کوێی؟
عەیامێکە بە دووتەوەم
چەم دەوەستێ و من ناوەستم
دەڤەرێکی لە وەهم
دەکەویتە مابەینی نیوەی تاریکی مەعریفەوە و
نیوەی ڕووناکی بەدمەستیم
مۆری خۆرەتاو  بنێ لەم دەڤەرەی رزگار بوونەم
من کابرایەکی موختەفیم
پێ یەکم لە سەحەرەو
ئەوی تریان لە تاریکی
من کابرایەکی سیاسیم
لە کۆنفراسی گوڵەکاندا
دەنگ بۆ بۆنی باران ئەدەم
لە کودەتایەکی زێڕیندا
تاجی شیعرێکی پچکۆلە دەنێمە سەر کۆماری
قەسیدەیەك
بمگرە خۆت.. وەك چۆن بەهار قولپی کانی
ئەگرێتە خۆی
وەك جۆن منالْ چرچ و لۆچی ڕازی نەبوون
دەخاتە نێوان دوو برۆی..
گەر رازی نیت من بە ڕۆحی پیسەوە لە ڕووباری
ڕوونی تۆیا مەلە بکەم
تێڕامانی کەنارەکانم پێ بدە
گوناهەکانم زۆر کەمن
دەتوانی دەستەکانم ڕەوانەی جەهەننەم کەی
سێوی دڵم فڕی دەیتە بەهەشتەوە
*****

لای من تێكشكان زۆر خۆشە
لە هاڕینی گەنم ئەچێ
لە پیرۆزی نان
لە چڵ و پۆپی درەختێ کە هەڵپاچرا
زیاتر لە تامی خاك تێدەگا
بۆنی هەوا
ئەی عەشق تۆ خۆت هەر وایت
درەختەکان لە شەوە و هێلانەکەت لە خۆرەتاو
هەتا بێچویەکت باڵی گزنگ ئەگرێ
سربێکت لە خەونا ئەمرێ
دەزانم نامناسیتەوە
ئەو پیاوەم عەرەبانەیەکم لە بەفر بۆ ڕۆحی گەرمم
درووست کرد
سەبەتەیەك لە تاڵەکانی تاریکی بۆ دڵم
ڕێی نێوان خۆم و باخچەکانی نەمریم ووشە ڕێژ کرد
ئەو پیاوەم
لە گەڕەکی رۆحما
بە کڵۆ قەند کۆشکێکم بۆ مێرووڵەکان درووست کرد
تۆش خۆڵەپەتانیت بە چارەنووسمەوە ئەکرد
کە ئەگریایت جۆگەلەم بۆ فرمێسکەکانت لێ ئەدا
دەمبردەوە سەر پێکەنین
ئای چڵە نێرگزەکەی ڕۆح
ئەوانە وەرزی ئێمە نەبوون
پاڵتۆکەم بەشی ئەوەی نەدەکرد
ڕەق بوونەوەمی لەسەر بچنم
بەو ڕۆحە پڕ گەلایەوە لەزەت لە رووتبوونەوەی
دارستان نابینم
شەهامەتی خۆرەتاوم گرتە چوار چیوەی تێڕوانینم
ئای چڵە نێرگزەکەی رۆح
ئەوانە وەرزی ئێمە نەبوون
عاشقێکم هێندەی عاشق
گوێم لە زریکەی شیکرنەوەی لۆکەیە
چاوم لە دڵی چیایە
بۆنی ئەستێرە ئەکەم
لە هەموو شتێ تێئەگەم
لە تۆ نەبێ فەجری دووەم
لە تۆ نەبێ...

ئای چڵە نێرگزەکەی ڕۆح
ئاخ ..دڵە زویرەکەی عەشق
هەردوو خەوە بچکۆلەین
ئیستا  زەمین نامانتوانێ
*****

ئاسمان جێی باڵەکانمانی تیا نابێتەوە
تۆ مەمکەکانت دەنێیتە دەمی دەریاوە
منیش لە پاڵ کەپرە ڕووخاوەکانی پیریدا
بە ساوایەتی دەریاو
بە هەرزەکاریت پێ دەکەنم
*****

گەمە بە ڕدێنی دەریا مەکە
ئەو نە میلادی هەیە و نە تابووت
مەرگ پێمان ئەڵێ یاخی بن یاخی
من پاش بەسەر چوونتان نامەکانی ئەڤین و
قامووسەکانی
ئەقڵتان بۆ هەڵئەگرم
من عەتری هیواکانتان لە خۆم ئەدەم و دێمە
پرسەی قاقاکانتان
وەرە با دوای باران کەوین
تادەگەینە نهێنیەکانی ئاو
دڵە سەوزەکانی باخچە
با دوای شنەبا بکەوین
تا دەگەینە هەناسە بڕکێی سەحرا
بچینە خەونی دەغڵەوە
هەتا مێژووی سەدەکانی قات و قڕێ ڕاڤە بکەین
دەریا بکەین بە ئالاو ولە سەحرادا مانۆڕ بکەین
با ئەمجارەیان نەجلی عەشق بە بازرگانە نەزۆکەکان
نەفرۆشێن
با ئەمجارەیان گەردنی ڕەشمان
لە شمشێرە سپیەکان نە سوین
هاتومە لات دڵە زویرەکەی عەشق
لەسەر برژانگم هەڵبکەیت
هاتووم ئەم شەرواڵە شڕەو
ئەم شیعرە پۆشتەم بۆ هەڵگری

جەنگاوەرێکی دوای جەنگم
نینۆکەکانم بۆنی قوڕقوشمیان لێ دێ
قۆنەرەکانم پڕن لە ڕێگا
دایکم کڵاش بۆ یاخیبوونی باوکم ئەچنێ
خوشکەکەم بە دووربینی دوو دڵی یەوە
جارەنووسی پێشتر ئەخات
براکەم جگەرە ئەکێشێ و
خۆڵە مێشەکەی دەخاتە سەر برینی پەنجەی.
******
با ئەم هەموو گوللەو تابووت و ئەتڵەسە
لە قەراغێکی گۆی زەمینەوە فڕێدەتنە خوارێ
با وێنەی ئەو ئەسپە سەقەت و کەنەفتانە نەکێشین
کە مێژوویان پێ بار ناکرێ
با تەلی ئەو کەمانجە بپسێنین
قەوسەکانی لە شمشێر و چریکەکانی لە بەردن
کاتژمیری ئەو جەنگانە وورد و خاش کەین
میلەکانی لە نەشتەرن و ژمارەکانی لە چاومان
با بڕۆین بۆ فەجری دووەم
دووهەم عەشق
دووهەم خەیاڵ
دووهەم شیعر
دووهەم چیرۆك

چیرۆکی یەکەم
لەو دیو پەنجەرە تەڵخەکانی خایاڵەوە دێم
لەو دیو ڕەنگی چارەنووس و دەنگی مەحاڵەوە بینیم
مناڵێك بوو..
مانگە شەو ی لە ژێرکڵاوەکەیا حەشار دابوو
تریفە لە ڕوومەتی ئەچۆڕا
قامەتی پیریم وەکو قەدی کەلوکۆمی دارمێویکی پایزی
دەستی زەردی لەسەر کەپری خایاڵ دانابوو
بارانی دێرە عومری لە ئانیشکەوە دەچۆڕا

ئەهاتە بەر پەنجەرەی ژوورەکەم
دەرگاکەم دەکردوە بە پڕتاو
بەرەو رووی ئەچووم
ئەبوو بە با و لە هەناسەما ئەتوایەوە
دەگەڕامەوە لای تەنیایم
لە ناو هالاوی سپی پیاڵە چاکەدا
سەمای ئەکرد...
دیسانەوە ئەو مناڵە مە لعونەیە
هەموو شەوێك جێ گۆ ڕکێ بە
وێنەکانی ژوورەکەم ئەکات
پەپوولەکان هان ئەدا شەوێ باخچە جێ نەهێڵن
هەنگەکان هان ئەدا لە باخچە یەکگرتووەکانا
هاوپەیمانی پەپوولەکان بن
دیسانەوە ئەو منالە مەلعونەیە
دەمەو سەحەر لە بازاڕی میوە فرۆشەکان دیم
پەنجەکانی پڕ بوون لە بۆنی سێو
نیگای لە بۆڵە ترێ
دوکان بە دوکان بە بەرچینەی تاوە بارانەوە
ماسی یە موعەللەبەکانی بۆ میهرەبانی دەریا دەگەڕانەوە
دەیویست بە فو چراکان پێ بکاتەوە
دەمەو عەسر دێم
لە دایەنگا تاریکەکاندا
پەنجەرەکانی بە شیر ئاو پرژێن دەکرد
بە خەندە قفڵەکانی دەکردەوە
بەتانی لەسەر عاتیفەی گەرمی دایکەکان لادەبرد
لە پالْ رووبارێکدا لەسەر بەردێك
دانیشتبوو
هەناسەی بە قولاپەکەیا هەلواسیبوو
دیسانەوە ئەو مناڵە مەلعونەیە
لە با ئەچێ بۆم ناگیرێ
لە چەم ئەچی ناتوانم پێشی لێ بگرم
شەوێك هەتا سپیدە لە باخچەکەدا
هاتم و چووم

چاوەڕێ بووم
داوێکم لە تاریکی بۆ چۆلەکەی ڕووناکی رۆحی ئەو دانا
کەچی نەهات
نامەیەکی لەژێر دەرگاکە دانابوو
تیای نووسرابوو:
گەر ئازادی پەنجەرە بوو، قەت نەهێڵی
گەروی شاعیرێتیت ببڕێ تا بتوانم بتخوێنمەوە
لە ژێر نامەکەدا نوسرابوو ساڵی ٢٨١٠ ی میلادی
نامەیەکم بۆ بەجێ هێشت
تیایدا نووسیم:
ئازادی لە زۆر شت ئەچێ
لە شەهوەتی پیاوە ترسنۆکەکان، لە مەرگی تۆقێنەری
ژنەکان
لە کچە خەتەنە کراوەکان ، لە شمشیری غەزا و چەکی شان و
چەکی گیرفان و باوێشکی شەوی بۆرسەکان
*****
دیسانەوە ئەو منالە مەلعونەیە
شەوێك هەتا سپیدە لە باخچەکەدا
هاتم و چووم
چاوەڕی بووم..
داوێکم لە تاریکی بۆ چۆلەکەی ڕووناکی ڕۆحی ئەو دانا
ئەمجارەیان هات
ئەستێرەیەکی خستە گیرفانی پاڵتۆکەم
لە چاوەکانی حەپەسام
لە دەنگی پێی سڵەمیمەوە
نامەیەکم خستە باخەڵی نامەکەی خۆمی پێدامەوە
شەوێك باخچەکە پڕ بوو لە پەپوولەو هەنگی داگیرساو
درەختەکان هەموویان بەریان گرتەوە
بە دەنگێکی پڕ میهرو ویقارەوە
ووتی:
من نەوەی تۆم
لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست ویەکەوە هاتووم
بە هەشت پشت هاتمەوە لات

هاتووم سواڵێکت لێ بکەم
کڵاوەکەی داکەندو
دەستی لێ پان کردمەوە
باپیرە گیان
نیشتیمانێك و
لەتێ نان
باپیرە گیان
نیشتیمانێك و
لەتی نان....!!



## شیعر لێکمان دەکاتەوە

هەزار ئەفسوس لە تیشکی مانگە شەو دەچووم
بە پەنجەرەی ڕۆحی تۆدا تێپەڕیوم و
لە پاڵ بێداریتا نووستم
ڕێگایەك بووی
قاچی ڕاستم لە هەنگاوی چەپم هەڵکەوت
لە سێبەری تۆدا کەوتم !
ئەی نزیکترین کەسی من
پەنجەکانم وێنەت ناکەن
تەماشام ناتدۆزێتەوە
تۆ هاوڕێی بارانی خوڕەمی زستانی
جارێکی دی بەرسیلەی ترشی ویژدانی
تۆ قەسیدەکانی (شێرکۆ) و
ئەسپەکانی (شێخ مەحمود) و
تەربوشەکەی (پیرەمێرد) و
هاژەی خوێنی
سەرسنگی (جەمال عیرفان) ی
چی بکەین ئێستا وامان لیهات
پەڕە لێکمان دەکاتەوە
قەڵەم کۆمان دەکاتەوە
ئازادی هێندەی لۆکەیەو
هەلاج شی مان دەکاتەوە
بریا دەنگخۆشێك بومایە
لە کەناری ئاوازی خووڕەی ڕووبارێ
یان دەستاڕی
پیرەژنێکی ئەنفال
هەر گرمەی بێ، دەغڵی تەنیای بهاڕێ
خۆزگەم بەو پەپوولەیەی
باڵەکانی لە فویەك زۆر ناسکترن
لەو بەلەمەی سەوڵەکانی بە دەستی
دوو دڵدارەوەن لە دەریاچە خێراترن
بریا بۆقێك بومایە
لە زەلکاوی لێڵی ژیان
قیڕەم عیشق و پەلەکانم پەرشو بڵاو

خۆزگەم سنەوبەرێك ئەبووم
لە زمانی سپی بەفرو لە لەهجەی
خۆری تەموزان تێدەگەشتم
بریا ئەونە ساوا دەبووم
پرچی دایکم لێفەم ئەبوو
لە سەر دڵی خۆم ئەنووستم
چی بکەم هەر وام
وەکو دیواری ژوورەکەم ووشك و تەنیام
هەموو شەوێ ڕەشەبای ڕۆح دێ
تاڵ تاڵ شیعر وەك باخچەکەم هەڵدەوەرێ
بریا مەیموونێك بومایە
لەم لقەوە بۆ ئەو لق، سەمای شێتانەم کردایە
خۆزگەم بە سەگ
بە پشیللەو مشك و شەیتان
نەوەك...ئینسان؟
چی دەبی گەر
گونکی هەویری سەرساجی شەوانت بم؟
بەچی ئەچێ
تۆ سەرەتای سەرکەووتن و من کۆتایی دۆڕانت بم؟
چۆن دەبێ وا
تۆ سەرەتای داگیرسان و من کۆتایی سووتانت بم؟
چۆن تێدەگەی لەو ووشانەی
دەچنە رووباری ڕاستەوە
لەوێشەوە دەچنە دەریای قەسیدەوە؟
لەوەتەی هەم کراسەکەم بە فرمێسك شتوە
هەر لە ئەشکی تۆوە ، لە مانای باران گەیشتووم!
سەرم ناوەتە سەر سنگت و دەمێکە من کپ و نووستوم!
نازانم کێی ؟
باڵات بەقەد دەریا درێژە
یان چاوەکانت دوولەتی مانگە شەون
یان پرچت هەورو
تورەبونت بروسکەی بەهاری شەون
من شاعیرێکم سەربازی ووشەکان
ڕمەکەم قەڵەمێکەو قەڵغانەکەم لاپەڕەکان

لات سەیر نەبێ
هەموو جەستەم پەڵەی شین بێ
بارِەش لاپەرەکەم بەرێ
قەڵەمەکەم نوکی بشکێ!
ساتێ بە شەقاما ئەڕۆی
لە گۆزەی دڵی ئاو ئەخۆی
بە پەیژەی پەراسوەکانی سەردەکەوی
سەری تەنیام ماچ دەکەی!
ئەڵێی مەرۆ من گوڵی ئینجانەی رۆحتم
بە بارانی پایزانت هەڵدەوەرێم
بە بروسکەی بەهارانت چرۆکانم قاقا دەکەن
ئەوسا دەروێم
خۆزگەم لە تۆ جیا بوومایە
وەك مانگە شەو لە بەیانی
وەك کەرو لاڵ لە گۆرانی !

ئەم هۆنراوەیە بۆ جوانەمەرگ هرمزی کوڕی هونەرمەند تەها مەحمود نووسیوە

## یادت بەخێر

گوڵی تازەی فیردۆسی
ڕۆحی هەموان بووی
بزەت پێکەنینی ئێمەو
لە مەرگا مەیلی گریان بووی
یادت بەخێر کوانوی دڵەی بابەو دایە
گیانی تۆ لە کوێ نووستبێ
دڵی ئێمەش لەویدایە

## ئەم کتێبەو چەند هەناسەیەك

* ئەم نوسینەی بۆ سەلام مستەفای هاوڕێی نوسیوە

هەلەبجە لە شارەزووردا هەڵوەری..لە کتێبەکەی سەلامدا ڕوایەوە!
لە هەڵەبجەدا شیعر خنکا..
لە کتێبەکەی سەلامدا هەردوو شاباڵی ئەڤینی پەخش کردەوەو هەڵفڕی!
هەڵەبجە کەمەنچەیەك بوو، لە باخی میر ژێکانی پساو
لە ماڵە چۆڵەکەی سەلامدا چریکانی...
هەلەبجە دێرە شیعرێ بوو، لەوێ لاستیکی شۆڤێنیزم کوژاندیەوە
کەچی لای سەلام چاپکرایەوە
٣/١٦.. بەرواریێ بوو ساڵنامەکانی جیهان کاتی خۆی
خۆیان
لە بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارەی گێل کرد..
کەچی سەلام..
بەیانی شیعرێکی لە هاوەڵەکەی بۆ وەرگرت و
نیوەڕۆ نانی بۆ برسی یەکی هەڵەبجە کۆکردوەو
ئێوارەش بردی یەوە بۆ شنرویێ..

## بەستەی چرا

خۆشەویستیت شەماڵێ بوو، بەسەر باخچەما هەڵیکرد
هێشتا چرا پێنەکرابوو، پێم بڵێ بۆ پەروانە مرد؟
گێانە هێندەی بۆ مناڵیت نوقڵی شیعرم کرد بە بەرات
شوێنی هەتاو بکەوتمایە، خۆر لە دڵمەوە هەڵدەهات..
هێند عاشقم تۆزێ زیاتر لەو کەناریەی دەچریکێنێ
کە تەنیای لە قەفەزدا پەڕو باڵی دەوەرێنێ
بۆچی نایەی ڕەشماڵەکەت لە دەواری دڵما هەڵدەی؟
سەفەر لە بیرم بەیتەوە و جانتای شانم پی فڕیدەی؟
بیرمکە لەم غوربەتە، وەك باران بۆ زەوی و زار
شاژنی خەیاڵمی، لە عومرما هەر تۆی بەهار
پەنجە بنێ سەرزامم، شیفام هاتنی تۆیە
فیراقی چاوەکانت، بێ هیوایەو بێ هۆیە

نەکەی گوڵاڵەی تەمەن، بە ناهەق بوەرێنی
من لە ناو گیانی تۆدام ، بۆ کوێ بڕۆی دەمبینی
جار ناجارێ وەکو هەتاو، دەدەی لە ژووری خەیاڵ
بە پەپوولەی ماچ بڵێ، لێوانم بکا بە ماڵ
من ئیوارانم خۆش دەوێ، وادەی گەینە بە چاووت
بە دوای سێبەرتا هەردێم و خۆم دەخەمە بەر هەتاوت
بێ تۆ عیشقم ووشکە ڵانە، وەرە بارانی بە تاوم
بێ تۆ دارێکی ڕووتەڵەم، لەسەر ئەو ڕێ یە وەستاوم
دەڵێم کەی بێ وەك برووسکە هاتنی ئەو بمسووتێنێ؟
یا بمکا بە برژانگێك و لەسەر پێڵووی بمڕوێنی؟
گیانە بە فیراقت قەسەم، لەو ڕۆژەوەی بەجێت هێشتووم
چرکە بە چرکە شەو دەڕواو بەیانی دێ هەر نەنووستووم
خۆزگە بەلەمێ بوویتایە و مەرەکەبم دەریای شینت
قەڵەمەکەم سەوڵ بوایە و هەواریش دوورگەی نووسینت
ئاگر کەسێ دەسووتێنێ لە تاریکیدا هەڵبکات
دەریا کەسێ دەخنکێنێ، کە مەلەی قوڵی تێاکات
شەو بە قومی فڕم دەکاو ئەو مەست دەبێ و من بێدارم
شەو موچڕکەی کزەبایەو من هەڵوەرینی هەنارم

من خیلفەتی خۆشەوویستیم لە بەفری ڕێبەندان دەچێ
لاویم شەڕە تۆپەڵ دەکاو پیریم لەسەری دەخزێ
بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ، نازانم بۆ تۆم خۆش دەوێ؟

من نەمدەویست ڕمێ بیت و لە شەوگارێکم بچەقی
یان بڵقی ئاو، سەرکەویتە ڕووی کانی دڵ و بتەقی..
من نەمدەویست شەماڵێ بی و کەروێشکە بە ڕۆحم بکەی
من وام دەویست چرایەك بم بە تەڵێ میهر پێم بکەی

تۆ رووناکیت تەنها بۆ خۆت و هەیوان و ژوورەکەتە
من ڕووناکیم دابەشکرد و ئاسمانی پایزم متە
جاوم ووتی دیار نامێنێ، دڵم ووتی لێرە نی یە
گیانە ئەوین ماسی یەکە و روبارەکەی پەمەی یە
گیانە لای من ئاوازێکی کەمانچەی عەشق ئەتژەنێ
ئەمکەیتە گۆرانی یەك و حەیفە زەمەن پێم پیا بنێ

..............

ئەم هۆنراوەیە هونەرمەند ماهیر محەمەد ئەمین کردوویەتی بە گۆرانی

## سنوور

ئەی میوانە پچکۆلەکەم
هێشتا ساقی ئەم ڕۆژگارە
قومێ تاڵیی پێ نەچەشتووی
هێشتا کۆستی ئەم شەوگارە
نمە ئەشکێکی بە کوڵی پەڕەی دڵی
لە چاوەوە پێ نەڕشتووی
هەتا مانگی سەردابی تەم گرتووی ڕۆحت ڕەنگی وەك بەی
بتارێنێ لە ژێی چرپەت ووشەی ئۆخەی
پڕشنگی ڕوم ئاوێنەی ڕووت ئەو ئەسرینە
تانو پۆی باڵای یەکترن و بونەتە پەلکە زێڕینە
ئەم دیمەنە لای من شیعر و
لە دەمی مناڵیی تۆیا نوقڵێکی ترش و شیرینە
ئەوا دەڕۆین بەرەو ئێران
بەرەو سەرزەمینی سەراب
بەرەو قامچی و تف و حیجاب!
ئەوا ئەڕۆین بە سنوردا
بەسەر بۆشایی و خزانا
تۆ وای لەسەر کۆڵی من و
چوار وولاتیش وا لە کۆڵی هەردوکمانا

.....

١٩٩١ کاتی کۆ ڕەوەکە

## کاسکێت

بۆ (پ.م.)

هەر ئاوا بە سنگە خشێ
دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە برینی ئەتکا
بارانیش دایکرد بە سەریا
چارە نەبوو..چەم کاسکێتەکەی لێ فڕان
تا تینوێتی گوڵە جۆی گیانی هەڵوەران
لێوی دەبرد، لێوی شەپۆلەکان بمژێ
لەو ڕۆژەوە..
ئازادی کاسکێتێکی پڕ لە خوێنەو
لێی ئەڕژێ..!

## شین

شیعر لەگەڵ شەراب کۆتایی هات
وەکو سیس بوونی ڕەیحانە
لە پاڵ بۆنی عاشقەکان
یان قومی پیاڵەیەك جای خەست
ساتێ تەماشاکان قورسن
هەر کە قەڵەم نوکەکەی خوار و خێچ دەبێ
کە لاپەڕەیەك ڕێگەی ڕستەی لێ تێکدەچی
شیعر
شەراب
کۆتایی دێ

......

٢٠١٢

## سەیرترین سەحەر

کەڵەبابی دەمەو سەحەر دەقوقێنێ
ژنێ دەهات ئاوی دەڕشت
بایەك باخچەی کردە کەمانچەیەکی سەوز
کوکوختی بێدەنگ و سنەوبەر گۆرانی دەوت
زۆر سەیر بوو بریقە خۆی ئەتەکان و
حەوز ماچی ماسی ئەکرد
کاتژمیری قەد دیوارەکە ماندووە
میلی کورتی ڕاکشاوە
میلی درێژ لە جەنگی قوڵی زەمەنا
جوتەی کردووە
لەسەر دیوار دەنگی میاو میاوی پشیلەیە
لەسەر درەخت لوتکەی ئازادیەکانی پەلەوەرە
سەری منیش ئەوەتا لەسەر خۆرەتاو
بەتانیەکەشم سێبەرە
بەرلەوەی زەنگێ لێبدات
کەڵەباب هەر قوقەی دەهات
سنەوبەر مەقامی دەوت
ئاوێنە سەیری خۆی دەکرد
تەنیا من بوم
قەڵەمەکەی خۆم شکان و
لاپەڕەی سپیم کفن کرد

.....

٢٠١٢

"..  ..  .."

تۆ نازانی
کاتێ دابڕان پێدەگات
ئاو دەزێتە دەمی شیعر
کاتێ مەمکەکانت دوو سێون و
بە چلێك لە دایك ئەبن
گۆچانی پیری نایگاتێ
کاتێ پەخشی پرچەکانت
لە حەدی خۆیان لادەدەن
لەسزای سەربڕینیان دەترسم
تا لە تامی بۆنکردنیان

......



## باڵەکانی پووشپەڕ

"١"

هاجەر..
چی بوو .. دیار نەمای ؟
لە تەك ئەو سەردەمادا ونبووی؟
لە حەوت کۆڵان..
بە دوای نقێمی موستیلەدا دەگەڕای؟!
هەر لەوێ لە قۆریە شکاو..
شەوە تاڵەکانیان..
بە کڵۆ قەندی مناڵیەوە لووش دەدا ..
شەو نەبوو..لەسەر دووگۆڵی
بە دوای ماخۆلانی منالیدا
تەڕە شوڵکێ نەکەنە ئاو..
رۆژ نەبوو لەسەر چا ڕشتن
تەماشای نورانیت
نەدەنە بەر لێزمەی تاریکی
بڵێی مابی..
وەك جاران..
پرچەکانت بە شانەی تەختە ئەژمنی
یان وەك کیژەکانی ئەمڕۆ
لە بورجی هەنگا ..
بۆ ماسی سەرەڕۆی چارەنووس ئەگەڕێی..

*****

لە تەك ئەو سەردەمەدا دیار نەمای
کە دەمەو عەسر شایی دەکرا ..
پەنجەمان لە یەکتر قەرز ئەکرد
ئەوجا چەپڵەمان لێئەدا ..
دەفتەری جوگرافیامان دەکرد بە کۆلارە
ئەمیستا من..
لە دەستوخەتی خوێندکارێکی سەرەتایی دەچم
ووشەم لە پیت..رستەم لە ووشە
هەڵئەنوێ
هەر لێرەم.. لە نیشتمان..
لە تەك بیوەژنێکی ئەنفالەکاندا ..
زیخ لە ڕەنجی بژار دەکەین

"٢"

ئەی عەشقی لەش سوکەڵە..

تۆ نازانی..

لە وولاتی پەپوولەکاندا

هەم فڕین هەیە و هەم ژاکان

دەگەڕێم..

لە دووی کانییەك دەگەڕێم

تینوویەتیم ڕۆکەمە ناوی

****

نازانم

دەبێ تەماشام جەند هەنگاو قووڵتر بێ..

تا دەگەمە..

سەر تەڕایی چاوەکانت

لەم تەنگەبەرەی تەمەنا

بەنداوێك چەند مەتر هەڵچنم..؟

تە هەموو هەرزەکاریت گل پاتەوەو

هەموو پیر بوونم دەرباز بێ..!

*****

مەترسە

سووك سووك..

بەسەر پردی قەسیدەیا تێپەڕە..

تا تێنەپەڕی ناڕوخێم..!

بێدار بووم ئەو کاتەی چرایەك نووست

فڕیم.. ئەو کاتەی باڵەکانم

لە پاڵ مقەستێکا کەوت !!

*****

قوژبنێکی جەنجاڵم..

جاڵجاڵۆکەی چاوەڕوانی ئەمتەنێ

ئەی سۆزە لەش سوکەڵەکە

شەپۆل شەپۆل..

ڕۆمانی دەریام خوێندەوە

هەردوو بەرگی کەنارم داخست و

چووم نووستم..

چڵ بە چڵی گۆڤاری باخچەکەم لەبەر کرد

پەرژینم داخست لە سێوێك هەڵکەووتم!..

## عەشق وەکیل

داوای پەرداخێك ئاو مەكە
كانییەكم هەبوو ونم كرد..
مەیەرە ژێر چەترەكەمەوە
نابینی باران خۆشی كردوە؟
ئای ئەم دەغڵە دەشتانە
هێندە پووشیان لێ نەماوە
شەپقەیەكی لێ بچنین
ئەو شەو گارەی وا لەسەر شانی من و تۆ
قوڵنگ نی یە..
هەتا گەزێ هەتاوی پێ هەڵكەنین
بۆ كوێ ڕەو كەین ئازیز
عەشق وەكیل..
له دەرگای خەرابات بدە
بەڵكو پەرداخی سەری هەردوكمان هەڵقوڕێنێ..
بەردێک بكێشە بە قفڵی دەرگای شەودا
بەڵكم لە درزێكەوە
بە یانیەك پێبكەنێ
تۆ دەڵێی..
تۆ تەنها ڕێگاكانی شەو دەناسی
دەزانی چەند ئەستێرە
وا بە گۆنای ئاسمانەوە؟

چەند هەزار ژن بێدارن و
چەند هەزار پیاو پرخەیان دێ..
دەڵێم ئاخر..
حیكمەتی شەو هەر وەهایە
هەزاران پشكۆ لە مشتایە و
دەیان كانیش لە لێودایە..

*****

عەشق وەكیل..
لە دەرگای تەنیای بدە..

ڕەنگە ..
مانگە شەوی نیو چەوانی
مناڵێك لێت بكاتەوە..!
نازانم..
هەرچۆنێ تەماشا كەم..
چاووم لە ژێر سێبەری برژانگی تۆدایە
دەستی گەرمی بێ هودەییت
وا لەكەمەری شیعرایە..
من لە سێوێكی سیسەڵەی كەوتوو دەچم
عەشقت ئەمگرێتە سێوێكی تر..
لە پەڕەیەكی ڕەشنووسی دوێنێ دەچم
ئەمكەیتە پاكنووسێك و
دەمخەیتە سەر ڕۆژێكی تر

لە دار لێمۆیەك دەچم
لەسەر زەمینی شیریندا ناڕوێم
دەمبەیتە سەرزەمینی مڕو مۆچیی
قاقام تیا موتروبە ئەكەی
تۆ ئەوەندە بەخشندەی
ڕۆحی نوقمم دەریا ئەیباو
تۆ پرچەكانتی بۆ هەڵئەدەی

*****

داوای لەتێک دڵم مەكە
دڵم پڕیەتی لە كونی شەو نخونی..
دڵم لە شەوێك دەچی..
دیواری تریفەی ڕووخابێ !
دڵم كولێرەیەكی بەیانیانە
مناڵێك بە دوو پەنجە گرتوویەتی.. چونكە گەرمە
دڵم ڕەفتەیەكی شینە..
وا بە دەستی كیژێكی دەمەو ئیوارەی
سەر بانێژەی.. هەرزەكاری

عەشق وەكيل ..
شەو بوو بە دوو كوتەوە
چراكەش..
لەتێ گڕو قومی نەووتی تیا ماوە
با ئەمشەویش یادەوەریت
نیوەی بەتانیەکەم نەبات..
نیوەی خەونم نەزرێنێ..

ئەمشەو تۆ ..
لە تەماشایەکی خەمناك ئەچیت
بەسەر چڵی كوێریمەوە
لە پەرداخێكی دوو دڵ ئەچێت..
بەسەر سەمای مەستیمەوە..

*****

عەشق وەكيل
بزەیەك نی یە زیاتر
لە بزەی تۆ بەرینتر
گۆرانییەك نییە
پەنجەكانی تۆ دەیژەنێ و
پەراسووەكانی من دەیلێن..
دوای تەواو بوونی جریوە
بچۆرە سەر بەرماڵی چیمەن و
ڕووبکەرە مەغریبی باڵندەكان و
بڵێ خوایە:
نە باڵ بە باڵندە ببەخشە و
نە چارۆكەش بەبەلەم
نە عەشقیش بە قەڵەم

*****

که نامۆیی پووشی دەم پەڕەسێلکە یەو
لەسەر گڵۆپی هەیوانەکە ڕیزی دەکات
کە نامۆی دەفتەرێکەو..
مناڵێتی لەسەر لقی دار شاتوویەك دانیشتووە و
سوورەتەکانی دەرخ ئەکات
دەنگ لە کەرویشکێکی خڕپن دەچێ
ووشکە کەڵەکێك بەسەریدا ڕووخابێ
دەنگ گرپە گرپی ڕووبارێکی تووڕەیە
شەپۆلی تەلبەند کرابێ
دەپێم بڵێ:

چۆن دەنگێك بۆ نامۆبوون بدۆزمەوە
زمانێ بۆ تەفسیری ئاو کاتێ تینویت
ڕێنووسێ بۆ تەعبیری بەسەر چوون
لەسەر دیواری ئەشکەووتێ کاتی مردویت
ئەی زەمەنی خۆشەویستی
با من یەکەم پاسەوانی کۆشکی پڕ ئەفسوونی تۆ بم
سەری بڕاوی ئەستێرەت
لەسەر سینەی مانگە شەودا
دەنێمە بەردەمی عەرشت
هەر دە پەنجەی تەزیوی شەونخونی
دەنێمە ناو پەنجەکانی سەمای گەرمت

سەمای گەرم..
سەمای گەرم..

هەتاکو لە دوای سەما پەنجەکانم وا تێکەڵ بێ
لە یەکیان جیا بکەیتەوە
هەر کەس هی خۆی بەرێتەوە
ڕەگی ڕۆحت..خۆڵی گیانم وا تێکەڵ بێ
بۆنی گوڵی سەما بۆ تۆ
بۆنی گەڵای سەماش بۆ من

******

شەو دوو كوتە
چراكەش لەتێ گڕ و قومێ نەوتی تیا ماوە
پێم بڵێ چۆن ڕەنگێك بۆ نامۆ بوون بدۆزمەوە
ڕەنگێك جوانتر لە رەنگی ئاو..
لە ژێر هەورێكی ئەرخەوانیدا..
ڕەنگێك جوانتر لە دەنووكی باڵندە
لە گۆرانیەك دەئاڵۆسكێ
ڕەنگێك جوانتر لە تەوێڵی تاشە بەردێ
كە مانگ بە مشت تریفەی تێ ئەگرێ
رەنگێك سوكتر لە ڕەدوو كەوتنی گەڵایەك
كە بایەكی خەزەڵوەر هەڵی دەگرێ
ڕەنگێك تۆختر لە بەژنی چرایەك
دوای گڕ گرتن
پێم بڵێ چۆن بۆنێك بۆ نامۆبوون بدۆزمەوە
بۆنی مزرتر لە دامێنی دارشاتوو

دوای بەردەفڕكێی منالان
بۆنی پڕ موچڕكەتر لە بۆنی لیتەو بۆنی تەختەی
نیوە سوتاوی كۆڕەو
بۆنی سارتر لە بۆنی لەچكەكەی دایكم
بە تەنافی پیریەوە
بۆنێ رەشتر لە نەورۆزی حەفتاكانی گەڕەكەكەم

بۆنێ شیرینتر لە تنۆكی سەوز و سووری ئایس كرێم
بە شەرواڵەكەی منالی یەوە
بۆنێ گەرمتر لە رەنگی سوور
ساردتر لە شین
لە بۆنی خۆرەتاوو دەریاچەیەك
كە تێكەڵ بە یەكتری دەبن
بۆنێ لە نەوسی منالان
سێوێكی قەڵەوی ناوباخ و
ترسی پەرژین
******

ئاوا ئازیز
لە سوچێکی چەپەکی بازاڕی شیعرام
ئەو شووشەیەك گوڵاو کاتێ شاعیر دڵی خۆشە
ئەوە میل و کلدانی ڕەش کاتێ شاعیر بەختی ڕەشە
ئەوە مورو نقێمی ئاڵ
کاتێ شاعیر پیرەوکەیە
ئەوەش گۆچانی دارە ساج

کاتێ شاعیر دەبێ بە مانگ
پیربوونیشی تریفەیە
سەمایەکی گەرم..
سەمایەك لە جەنگ پچێ
بڵێی ئەو قۆپچە پساوە هی منە یان تۆ؟

پێت لەسەر پێم دابنێی
بڵێ تۆزێ لە سەفەرم گەورەترە
پێ لەسەر شوێن پێت دابنێم
بڵێم یەك دوو ژمارە لە مەراقم پچووکترە

ئاوا ئازیز
بەو کراسە درێژە ی سەر باڵای باریك
بەو پەرداخە شەربەتەی مناڵی یەوە
لە پاڵ پرتە پرتی چرای شەوداین
من بەو قۆپچە پساوانەی پۆشاکی ئەوینەوە
بەم پەرداخە پڕ قاقای مەستی یەوە
نەختێکم ماوە بۆ خەیام

پێم بڵێ چۆن..؟
فەلسەفەیەك بۆ نامۆ بوون بدۆزمەوە ؟
وەك شەوانی ڕدێن درێژی
غەرقی ناو عەقڵ و عاتیفەی
پیرێکی وولات ئەغریق
لەو لایەوە کڵێسایەك زەنگ لێئەدات
یان بڵێسەی ئەشکەوتێکی ئاڤێستایی

ژنێك له پاڵ نێڵەی ئاگرێکا
دوو چرا له ناو چاویایه
له دوورەوە گورگێکی پیر
به زستانا هەڵئەزنی و ئەلورێنێ
فەلسەفەیەك نی یه بۆ نامۆ بوون
******

عەشق وەکیل
ئەڤینداری هەڵچوونی ڕابردووە
دەیخەمە سەر ئایندەیەکی کزتر
لاپەڕەیەکی ڕەشنووسی دوێنێ یه
باکنووسی دەکەینەوە
دەیخەمە سەر ڕۆژێکی تر
شەو دووکوتە..
چراکەش لەتێ گڕی تیا ماوە

ئاوا ئازیز..
ئەویندارى ..
جەنگێکی سپی یه
بۆن ئەدۆڕێنی و گوڵ ئەبەیتەوە
باخچەت دەگیرێ و باران دیل ئەکەیت
گوندەکانی عاتیفه و شارەکانی عەقڵ ئازاد ئەکەی..

بەرد ئەگریته نیوە شەو و
پۆله ئەستێره هەڵئەفڕێ
تینوویت دەڕەوێنی و
درەختی تەڕی ئارەزووەکانی ئەگری
بەڵام ئالآت پێ هەڵناکرێ !
چاوەڕوانی له بەر دەرگا ڕاوەستاوە
ئەندێشه له پەنجەرەوە لێم دەڕوانێ
دوو دڵیش نەختە نەختە چیمەنەکه
هەڵدەکەنێ

## شەوی شکست

دەرۆی تەمەنی لێکچووی من
وەك سەفەری ئازیزان
من بووم لە سینەی نەرمت
دامە قاقا كاتی گریان

ئەی گوڵی ناو گۆرانی من
بەرەو عەشقم وەرە سەرێ
نەغمەی تازەم لە لایە بۆت
با لە گەرووم بێتە دەرێ

بێ تۆ شکستە شەوانی
چرپەو تاسەی ئارەزووی تۆ
منی غەریب سەرمەستی
سەر جادەكانی شاری تۆ

ڕێیەك نەما لێی بوەستم
بە پەناما گوزەر بکەی
لە ئێوارەم تاریکتر
خۆشەویستیم تیا هەڵبکەی !

تەمەنێکم لە پاڵ تۆدا
بە عەشقەوە ڕەوانە کرد
هێشتا چرا پینەکرابوو
پێم بڵێ بۆ پەروانە مرد ؟!

بە دوای سایەی تۆدا هاتم
منی ماندووی ڕێیەکی دوور
هێشتا لە شاری گریاندا
بۆ پێکەنین داتنا سنوور

ئەم شیعرە هونەرمەند محمەد رەووف کەرکوکی کردوویەتی بە گۆرانی

## چەند پارچە شیعرێکی شاعیر لە بۆنە جیاوازەکانا ووتراوە،

بێ عەشق لە ماڵێکی بێ پەنجەرە ئەچم
نۆش لە چادرێکی بێ چرا
بەر لە هاتن
سەر بە وڵاتی هەرەس بووم
باوکی حوزنێکی قەترانی و
دایکی خەمێکی ئەسمەر بووم
کچەکان پەنجەرەی زامداری رۆحیان
لەسەر باخچە ژەنگاویەکانی قەیرەییان دەکردەوە
کوڕەکان بە ڕیشی ماش و برنجی چاوەڕوانی
شەقامەکانی بازاڕی ڕەشیان ئەماڵی

*******

لۆرکا لۆرکا
ئەی زامە قوڵەکەی مەدرید
من قەرەجی ووڵاتێکم
خاوەنەی دەیان کۆشکی بەرزو
سەدەان هەزار دەواری شڕ
*******

زەڕەیەك ئەحزانی خۆم نادەم بە گشت خەمی دونیا
رۆح دەبێتە بەهارو هاوین دەگری بە چواردەوریا

* گۆرانی بۆنی خاك ، دیاری قەرەداخی
********

مەستێکم من... لە سوچی مەیخانەیەکا هۆشم لێ کەوت
بەندێک بووم من
لە پێوەندەکانی حەیاو کەلەپچەکانی ناموس هەڵاتم
ماڵێکم هەبوو
بە خەنەقی نائومێدی دەستی پێکرد
بە هەورەبانی شیعر کۆتایی هات

## لێواری شەو

تۆ نانویت و مانگیش هیندەی شەوقی مۆمێکی پێماوە
تۆ نانویت و شەوە زەنگش چاوەڕێی ساتێ هەتاوە
سەرینێکم لە گەلای زەردی پایزان بۆ چنیویت
پەردەیەکم بە ئاوریشمی خۆشەویستی بۆ دووریویت
باسی هەنارت بۆ ئەکەم ساتێ ئاو ئەزێتە دەمی
باسی کەرویشکت بۆ ئەکەم کە بە سەر ترسا باز ئەدا
باسی بەلەمت بۆ ئەکەم کە چارۆکەکەی با ئەیبا
چارەنوسی بەرەو کام شەپۆل هەڵی ئەدا
تۆ نانویت و شەو گەشتۆتە سەر ئەژنۆ و
پەرداخیشم خلّتەی مەستی
تۆ نیوەی رۆشنیات سوتاندم
منیش نیوەی ئاوەدانیم
سبەینێ زوو
پەرچەمی پەخشی هەتاوی سەر پەنجەرەکە لا ئەدەین
و نێو چەوانی تەڕی ئەسڕین
سبەینی زوو
هەور ئەگرینە چوار چێوە بە چوار دڵۆپی باران دای ئەکوتین
دوای ئەچینە باژێڕێ مشتێ خۆشەویستی ئەکڕین
سبەینێ زوو سبەینێ زوو
بەو مەرجەی هەر ئێستا بنوو



## بتەوان

له چیایەکی بەرزەوە
تاشە بەرێکم بۆ هێنای
کردم بە پەیکەری بالآت
له شەوانی -ئەیلول- وه
تریفەم له مانگە شەو خواست
بۆم کردی بە نیگای ڕوون و دوو چاووی مەست
له ئێوارەی پایزێکی لێو تەڕەوه
جووتێ کەزیەی درێژ..درێژ
درێژ تر له عومری دەریا و خەوونی مقەست
بەلآم ئەفسووس خۆشەوویستم وا دەبینم
چاوەکانت له ئێوارەی پیاوێ ترا داگیرساون
تالّ به تالّی پرچەکانت فرۆشراون

*******

## دارستان

دارستانه ڕووتەڵەکه
هەتا ئەژنووم نوقمی گەلآی زەردی تۆیه
قاچم بەستی و بڕست نەما هەتا راکەم
زۆر ئەترسم ببمە هەور و
بە کزەبات
بە سەربالآی خۆما داکەم
پایزانی ئەو چەمەتم زۆر خۆش دەوێ
زۆر ئەترسم
هەردوو مووروی چاوەکانم
لەو چەمەدا لێ بکەوێ؟

## شاعیر

دەڵێن شاعیر ئەو ڕەسێکە
لە سەفەری تەرەبونیا
دەریایەك نایەتە ڕێگەی
تا دوا دڵۆپی هەڵلوشێ
لە کاتێکا هەرچی دەریای دنیا هەیە
لە گلێنەی چاوەکانیا شەپۆل ئەدا و
لە ڕەهێڵەی ئازارێکدا دەیان ڕێژێ !

لۆرکا لۆرکا
ئەی زامە قوڵەکەی مەدرید
من قەرەجی ووڵاتێکم
خاوەنی دەیان کۆشکی بەرزو
سەدان هەزار دەواری شڕ

*بۆ لۆرکا شاعیری مەزنی ئیسپانی نووسیوە ١٩٨٦

*****

## کۆشك

هەمەو نیمە
دیوانێك و دڵێکی پڕ
هەتەو نیتە
تەلارێك .. سەگێکی دڕ
من هەزار باڵەخانەی ناو ڕۆحی وێرانم.. ویرانە
سەگەکەشت برسی نی یە
هەتا بڵێم دیوانەکەم لەتێ نانە

هاوڕێی شاعیر ، بەڕێز کەمال عەبدولرەحمان دەنووسێ:
ساڵی ١٩٨٥ کە پێکەوە لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکوك قوتابی بووین ، عیرفان ئەم شیعرەی نووسی کە من بیکەم بە گورانی. عیرفانی ئاشتیخواز هاوڕێیەکی نزیکم بوو مەرگی ئەو بە مەرگی جوانی و شیعر دەزانم، گەرچی بەڵێنم دابوو پێی کە شیعرەکەی بلاو نەکەمەوە بەس بۆ مێژوو حەز دەکەم ئیستا بیخەمە بەردەم خوێنەرانی شاعیر :

## وون بوون

ساڵەهایە ئەی فریشتەی
دوندی خەیاڵ
چرۆی ژینم ئەدەیتە بەر
سەرنجی تاڵ
لەڕێی خۆشەوویستی تۆ
ئەی کاڵێ گیان
مۆمی گەلێ شیعری ساوای
خۆمم سووتان

ماسی سرکی دەریای خۆشەوویستی من بووی
بگەڕێوە بۆ لە شەپۆلم وون بووی

بگەڕێوە چریکەی ڕووباری شادیم
بۆ باوەشی کەناری حەزی پڕماتیم

بگەڕێوە ئەی پاڵەوانی خەونەکانم
بۆ تۆ ئەژیم ئەی شاکاری شیعرەکانم
................

تێبینی: دوندی خەیاڵ واتە لوتکەی خەیاڵ..

## سەردەمێکی تر

تۆ هەتا دێ بە فڕینێکی سووکەوە پڕ دەبی لە خۆشەوویستی
من هەتا دێ بێ ئاگاتر لە دووکەڵ و مەی و مەستی
تۆ هەتاوی پرچەکانت بە قردێلەی دەمەو ئیواران ئەبەستی
منیش تا هەم بەیانی بە ئاگام دێنێ لە دەست مەستی

تۆ بەهاری سەرلقی خەیاڵت ئاڵە
وەکو من نیت پایزێك بی بێ نێرکز و گوڵاڵە
تۆ دەنکێ گەنم بڕوێنی ئەو دنیایە دەکەی بە نان
من چاوانیشم بڕوێنم کوێرە گۆچانی سەر ڕێگام

تۆ سپیدە دەرگاکانت بە ڕووی هەتاو ئەکەیتەوە
من پیاوێکی یەڵدابیم و شەو نووساوە بە ڕوومەوە
من دەرگایەکم لا نی یە قاقاکانی تۆی لێوە بێ
پەنجەرەیەکیش شك نابەم لە دەروونم شووشەتر بێ

قورسە ئەم عەشقە جیاوازە وەك زۆرانی باران و گڵ
وەك قەڵەمبازێکی سەختە لە گۆمی چاو بۆ بەردی دڵ
لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەت تەماشاو ئۆخەی ڕواوە
لەبەر دەرکی حەوشەکەدا پیری بە مەستی وەستاوە

ئەم هۆنراوەیە هونەرمەند دیاری قەرەداخی کردوویەتی بە گۆرانی و تایتلی هۆنراوەکەش کراوە بە تایتڵی سی دیەکەی

## دەرگاکانی چۆڵەوانی

ڕووخسەت لە نوستن بخوازە دایکە
بە کلیلی میهرەبانیت قفڵی ژەنگرتووی ڕۆژانم
بترازێنە
مەڵی لە کوێ بوویت؟
لە ژێر زەمینی بریسکەداری خۆردا بووم
لە خەونی سەربانی مانگ
لە باخچەیەکی چەپەك بووم
دەستنوێژی غەمباریم بە قوڵپی کانیەك دەگرت
باسی دەریا بێ سنوورەکانم
بۆ بەلوعەیەکی سلاك دەکرد
لێتی ناشارمەوە
لە کوچەی نا بالقیا
شیعر گرتمی و گیرفانەکانمی پڕ کرد
لە ئەستێرەی دەریا
قەوزەیەکی لە مەچەکم بەست
لە چەرخ و فەلەکی عاتیفەدا
شیعر گۆتێکی لێ دام و فڕێی دامە باوەشی
خاکێکی ئەژنۆ خوێناویەوە..
*****
لێتی ناشارمەوە دایکە
لە پاڵ پەرژینەکانی هەرزەکاریدا
شیعر پرچەکانی کورت کردمەوە
لەسەر ئەسپی موحیبەت زینی کردم
بەرەو جەنگی قورسان و چارۆکەی بەلەم
کەنارو پەرچەمی دەریا ناردمی
ووتی کە گەڕایتەوە
پەردەیەکم بە پەپوولەی ماسی یەکان بۆ پچنە
پەرژێنێکم بە کەڵبەی قرشەکان بۆ هەڵبەستە
نۆتەیەکیش لە ناو گەرووی کەناری یەکان بنووسەرەوە
وەرەوە بلێ
شیعر گوێی گرتم و..
ووتی نهێنی هاورێیەتیمان لای دایکت نەدرکێنی
ووریابە کارکردن لە شانەکانی هەنگوین
و مەفرەزەکانی هەنگا ئاسان نی یە..!

گەر پیوەم بدەی خۆت دەمری
پەیوەندی بە ڕەوە ئاسکە یاریزانەکانی منەوە میحنەتە
بێتو نەگەیت
وەکو قاوغە شقارتەیەکی خاڵی و قوپاو
لە کەناری بلێسەتا جێ دەمێنی
شەو چاوەکانی کل ڕێژن
من و شیعر دوو کۆلانی ڕوناکی
مەملەکەتی ڕەشی ئەوین.
چ هاوڕی یەکی بە میهرە
کاتێ دەبم بە پیاسەی ناو کۆلانی تەنگە بەریم
ئەو پاڵتۆکەم دەدا بە شانماو
چەترەکەم بۆ هەلدەگرێ
من دەبم بە درەختێکی چڕو پڕی ئەحزانی خۆم
ئەو ڕیشۆڵەیەو دەنووکی تیژ
لە گەڵای هەناسەم ئەسوێ
چ هاوڕی یەکی بە میهر بوو شیعر..
بوتڵە شەرابی حەوت ساڵەی  ئێوارەی پایزی هێنا
دوو سێ کڵۆ ئەستێرەش
سەدەیەك مەستیمی نۆشی
کە دڵم بوو بە بەستەڵەك
گەزێك لە هەتاوی دڕی و
گڵەبانی تەنیایمی پێ داپۆشی
فێری کردم
چۆن لە سەر شانی بێداری یەکتر بخەوێن؟
کاتێ پەنچەرە کوڵەووژەکانی زەمەن
لە خەو ڕامان دەچلەکێنێ
فێری کردم
چۆن بە هەیوانی ڕوانینی یەکترەوە دابگیرسێین
کە ڕەشەبا دارتێلەکانی گەڕەکی عەشقمان دەخات
ئەو بوو تاڵ .. تاڵ
سۆزی سپی لە قژم دەرهێنا
کاتی مۆمی یەکەم سەدەی مناڵیم داگیرسان
پاسکیلێکی بە دیاری هێنا بۆم
تایەیەکیان خۆر و ئەوەی تریان مانگ
فێری گەشتی شەوانە ڕۆژی مامڵەکەتی میهری کردم
دایکە شیعر وای لێکردم..

مناڵێتی سەفەرێکی کورتە
لە نێوان مەمکی ڕاست و مەمکی چەپتا
دەرگاگەت بترازێنە..
سەربانی برین بە باگردێنی شەونخونی نەگێڕین
ئەو دڵۆپە سوورانە ناوەستن
بە پەنجەکانی ئولفەت ختوکەی ئەم سەردەمە نەدەین
ئەم تابوتانە نادەنە قاقا..
دەرگاکەت بترازێنە
ئەمشەو شیعرم لەگەڵ نەهاتۆتەوە
لەسەر سیلەی کۆلانەکە جیابووینەوە
وەلێ ئەو
بە پەراسووی سیو سێهەمین و
پەنجەی بیست و یەکەمینمە
دەرگاکەت بترازێنە
بروسکە بکە بە دەرزی و تاوە بارانیش بە دەزوو
باخچە هەڵواسراوەکانی ژێر سینەم بدوورەوە
دەرگاکەت بترازێنە
ئێستا پیاوێکم خنکاو
هێندە پڕ بووم لە زەلکاوی بێدەنگیما سەر ئاو کەوتوم
ئیستا ئارامم درێژە وەکو ئاوی مەرکانە
بە هیوای تنۆک ..تنۆك ڕۆشنایی خۆم قوتار بکەم
وەکو خۆڵی ناو ئینجانە
خەون بە کێڵگە ئازادەکانەوە دەبینم
لە سەر سیلەی کۆلانەکە من و شیعر جیا بووینەوە
خۆر ئاوی سپی چاوانی داهات
مانگ خۆی کێشا بە لوتکەی چیایەکدا وورد و خاش بوو
بڕوانە چەند جوان بۆ چاویلکە پەل ئەکووتم
بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم..
خێزانێك لە چیایەکدا دەژیان
مالێك لە ناوەراستی باخدا
حەووشەکەیان پڕ بوو
لە قەڵەمبازی کەروێشك و
قووقەی کەڵەباب
ملوانکەی بامێیان بە گەردنی
ئەسمەری دیوارەکانیانا هەڵواسیبوو

له سەربانیش  مێوژیان هەڵخسبوو
شیرین وەك چیرۆکەکانی شەوی یەڵدا
لەوێ جگە لە ژمارەی ئەندامەکانی خێزان
ترسیش ئەژیا
کوڕی گەورە..
دەستیان بە مەمکی کچە بیرییەکەوە قرتاند
دایکیان..
چرای چاوەکانی فووی زەمانە کوژاندییەوە
کچی گچکە کۆلێرا پەلی گرتو فڕاندی
باوکیش کاتێ بینی
پیرێتی بەسەر برۆکانیا باریوە
مردن لەسەر نینۆکەکانی نوێژ دەکات؟
کاتێ بینی جریوەی باخی باوکیتی جێهێشتوە
گومان لە هەیوانەکەدا ڕشاوەتەوە
کانیەکان تینوون .. سێوەکان برسین
کەڵەباب لەسەر خەونی بەیانیەك هەڵنانیشێ؟
دەرگاکەی لێکترازاندو بە ناو چیاکاندا وون بوو
لەو ڕۆژەوە ئەم میللەتە لە ماڵی خۆی دانانیشێ..

له بیرەوەری هاوڕێی شاعیرەوە ،شاعیر سەلام مستەفا دەڵێ:
سەرەتای ساڵی هەشتاکان بوو کاتێك بەڕێیان دەکرد بۆ سەربازی بۆ شاری دیوانیە، بە پەلە پەل ئەم شیعرەی نووسی بۆم لە چایخانەی ئەوسای هاژە پێشکەشی کردم، شیعرەکە هەرچەند سادەیە و بۆ خۆشی گاڵتە ئامێز نوسراوە بەڵام حەز دەکەین بلاوی بکەینەوە بۆتان بە دەستنووسی خۆیەوە:

بۆ دەستی بەڕێز مەولانای سەلام
صاحبی شیعر و حکمەت و کەلام

سلام علیك لە دڵی رەنجاوت
ثانی سەلامم بۆ خۆشی ناوت

هاتمە خزمەتت عالی المقام
مفیدی کەلام بۆ شیعر امام

انتظارم کرد بضع جەند سەعات
بێ حەوصەلە بووم ووتم کوا نەهات ؟

قوربان من دەڕۆم بەرەو عەسکەری
ئیتر وازدێنم لە شوغلی سەمکەری


ووتم با بچم نەبادا دنیا
چاوی بینینم دیار ئاخر کا

عفوت مقصدمە ئەی شای شاعیران
هەتا جێت دێڵم بۆ ئاخر زەمان

ئەگەر لەحزەیە شیعرت لەبۆ هات
فریشتە ژانی ووشەت بەرەکات

نەکەی نەنوسی ئەم سەلاماتە
بۆ شایی دنیا شیعر نەباتە

الودا ع ودا ع شازادەی هەڵبەست
سێبەری سەفەر بەری چاومی بەست
مەلا عرفان بای بای ، معسکر تدریب دیوانیە، (لە منەوە ماچێکی خۆت بکە)




بۆ دەستی بوێژی هۆڵاندە سەلام
صاحیبی مەشیەر و قەسیدەی کەلام

سەلامی عەلەیکە لەهەڵە و ڕەنگاوە
تاغی سەلامی تۆ هۆی هۆشیاوە
صاڵحە جێدەستی صاحیبی مەقام
مشتاقی ئالام بۆ شیعر ئیلهام

ئینتیزارم کرد تەنها چەند سەعات
بۆ هەموو صەلەبۆ دوم ودیتم کوا لەڕەحمەت؟

قوربان من دەڕۆم بۆ ڕەوە و عەسکەری
لێیە وازدێنم لە شوغڵی سەکەوە



وەختە بسایکم لە بادی دونیا
جاری بنێم عەیبە تاهیر کاکە

عەفوم کە مەقصەدم ئەی شاهی شاعیران
هەتا جێیە دێڵم بۆ تاهیر زەمان

ئەگەر لە حەزەی مشقیرت لە بۆ هاتی
عەزیزتە ژانی عەوەشتی لە بەرکاتی

ئەگەر لە نوسی ئەو دوو لاحاتە
بۆ شاید دونیا مشقیر نەباتە

الوداع وداع شاکرزادەی هەڵەڵکتی
سێبەری سەر خەمبەری چادری پەیت

عەلا عیرفان

محەمەد تەدریب
دیوانیە

( لە عبدوصاحیبی هوتێلە )

**نه جریوه ما نه سه‌ما**
**بۆ عیرفان ئه‌حمه‌د**

**سه‌لام مسته‌فا**

گه‌ر وه‌ك ئه‌وه‌ی
ئیتاعه‌تی شیعر بكه‌م
بیكه‌مه تاج و خواوه‌ند
لێم ببوره
چونكه شیعر هه‌ر درۆی له‌گه‌ڵدا كردی !
گه‌ر وه‌ك باغی گشتیش وا بم
خونچه به خۆمدا هه‌ڵواسم
ئه‌وا ته‌واو خۆم دائه‌خه‌م
چونكه به‌رامبه‌ر به گوڵ و
به گوڵستانی ئه‌و مردی !!
گه‌ر له چه‌ند رۆژێكی تردا نه‌یه‌یته‌وه
ئیتر یاری ..
خۆشاردنه‌وه‌م قه‌ت ناوێ
مه‌كرم پێ نادۆزرێته‌وه
له نهێنی مردن ناگه‌م
چونكه فێریت..
بۆ ئه‌وه‌ی كه جوان بنوێنی
سه‌دان ئاوێنه ده‌شكێنی
*****
فێرت كردم .. با ده‌م داخه‌ین
ده‌م نه‌خه‌ینه ئینجانه‌وه
نه‌بادا ئاودانی گوڵدانێكی شكاو
زیكری خه‌ڵوه‌تی تۆ تێكداو
منیش دوا شیعر بنووسم
ناوی لینێم خوێنی تكاو
توڕه‌م مه‌كه..
ئیتر پێم نه‌ڵیی بۆ ژوان.. باخی گشتی
تۆ سه‌رپشكی بۆ بڕیاردان
به‌ڵام بۆ ئه‌وه‌ی ببیته ده‌م و بلوێر
ده‌بی ڕۆژێ ڕه‌نگاو ره‌نگ كه‌ین
كاتێ بمرێنین بۆ سه‌ردان

چراكان دەكوژێنەوە
باڵندە پشوو دەداتە پەلو باڵی
پێك خامۆش دەبێ.. چاو دەنوێ
لێو حەز ناكا كاڵ بێتەوە تامی تاڵیی
نە جریوە ما نە سەما
نە پەنجە ماسی یەك ئیتر
بۆ زیارەت ئەچێتە كانی
نە ئاشتی وا زوو دەگەڕێ
تا كۆترێ ماڵی بكا
ڕەشەبا هات..
لوولی كرد پێچایەوە نامەكانی

**جیٚ پیٚکانی مەکوژێننەوە**

**سمکۆ ئەحمەد بۆ عیرفان دەنوسێ:**

جیٚ پیٚکانی مەکوژێننەوە
ئەو منالە حەزی لە چاو شارکێ یە
لە خەنەکی سلیٚمانی پالاٚسا
فیٚری وانەکانی عەشق بووە
منالٚە بیٚدەنگەکەی مەکتەبی ئەردەلاٚن
گەورە بوو
نەك دوو دار سیٚ جەنگیشی بینی
وەکو دەلٚیٚن
لە نیٚو تۆزو خۆلٚەمیٚشی جەنگەکانا
ویٚلٚ بوو بە دوای گولٚی شین دا داگەڕا
قوتابی یەکی یافیع بوو
سەوزی لەبەهار دەردەکردو
چاوی لە زەلٚم جیٚ مابوو

جیٚ پیکانی مەکوژێننەوە
چی کۆلاٚن و گردۆلٚکەی ئەم شارەیە
شەوانە گوێبیستی شیعرە مەستەکانی ئەون
چی باخچەو و داری مل ڕووتە
چاوەڕێی دوا کۆپلەی ئەون
کی ئەیووت عیرفان؟
حەسیب سالٚح و خەنەکی یاری منالٚیت
دوا مەنزلگەی ووشەکانت بن؟
ئەوانە کوا لە خەمی ئاسك و
گولٚەکانی لارێ دەگەن؟
عیرفان
کەگەڕامەوە ئەمجارە
نەمدۆزیتەوە
ژێر گولٚە دەمەشێرەکانی حەوشەش گەڕام بۆت
نەمبینیتەوە
هەموو شتەکان گۆڕابوون
تەنها دار هەنارەکان بۆنی جارانیان لیٚدەهات
عیرفان چیت لیٚهات؟
ژێر پرچی سنەوبەرە حەزینەکەش گەڕام بۆت
نەمدۆزیتەوە

ئەم چاوشارکێ یە زۆری خایاند
تۆی بۆ کوێ برد؟
شیعرە هەتیوەکانت بە فرمێسك
دێڕەکانی خۆیان تەواو دەکرد
پوورەی هەنگی بیرەوەریم درزی بردو
هەنگەکانی بۆ شیللەی شیعرەکانت
هانایان برد
تکام کرد لە باران
جێ پێکانت لە کوچەو کۆڵانەکانەکان نەسڕێتەوە
تۆ بڕۆ و ئاوڕ مەدەرەوە
ئەم شارە زۆر تەسك بووە
چیتر جێگات ناکاتەوە
کات بۆ ماڵئاوایەکیش نەماوە
وەك ڕیشۆڵەکانی سلیمانی
بێ ئاوڕدانەوە بڕۆ
خۆت و پێکە شەرابەکەت
وا-با- یەکی وەشت بردی
خۆت ووتەنی پیاو بە مەستی جوانە
بۆیە تۆش بە جوانی مردی...



سمکۆ ئەحمەد بۆ یادی براکەی

**بەرزان هەستیار**
**ئەڵمانیا/ کۆلن**

دایە سەفەر، سەفەر لەگەڵ ئەو دێڕە شیعرانەی کە هێشتاکە نەمنووسیبوون، سەفەر لەگەڵ بۆنی ئەو کتێبانەی کە لە هەناسەم ئالابوون . سەفەر، بە بێ ئەو هاوڕێ ئازیزانەی دوا پیاسەمان تەواو نەکرد . سەفەر، بەبێ ماڵئاوایی لە نیگای گەرمی کیژۆڵە تاقانەکەم و بێ سەردانی گۆڕەکەی تۆ و بێ دانیشتن لە تەک کێشانی دوا جگەرە و هەڵدانی دوا قومە شەراب.

دایە سەفەر.. سەفەرێک لە بێئاگایی و سەفەرێک لە ناموورادیی و سەفەرێکی هێندە تەنیا ، کە مەگەر خودا بۆ خۆی تێیبگات و تەنها ئەستێرە شایەتیی ئەو غەدرە بێت کە وەک " مین" لە سەرما ناڵەی کرد.

دایە سەفەر ..سەفەر هەتا قامی قیامەت و هەتا هەڵکووڕمانەوەم لەبەر دەم شیعرێکی سەرباڵ شین و گۆرانییەکی فڕیو بە ئاسمانی بێساماڵ و ژێر باڵی خۆرێکی مات و بێ شەوقا ،


دایە سەفەر.. سەفەرێک فریای کۆکردنەوەی فرمێسکی ڕژاوی کچەکەم نەکەوتم و نەپەرژامە سەر ئاوڕدانەوەیەک لە ڕەشنووسی دوا شیعرم..

دایە هەر تۆ لەوە حاڵیی ئەبیت سەفەری وا ، چەندە سەختە و ئازارەکەی چەند تاقەتپڕووکێنە و چ ئاگرێک لە هەناو بەر ئەدات..ئەوان نازانن دایەگیان ..هیچ بەڵەد نین ،.. ئەوەی بتوانێ بە ئاستەمیش دڵی شیعر بشکێنێت ، دڵنیام جیاوازی خەون و خوێن و گوڵ و گوللە و قەڵەم و قیمەکێش نازانێ .

دایە سەفەر.. سەفەرێک کە خەیاڵیش لەو بێوادەییەی واقی وڕمابوو .. سەفەرێک بێ کاڵە و پێتاو و پێخۆر..سەفەرێک مەگەر هەر لە کەسانی وەک من بوەشێتەوە.

بمبەخشە گەر ئێوارەیەک چرای دڵی خۆم هەڵگرت و قۆڵ لە قۆڵی مەرگا بە ڕەوتێکی غەریبانەوە ملم نا و شان بەشانی بێکەسیی و بێحەوسەڵەیی ڕێمکرد و لەبەر خۆشمەوە خۆرکەی پرسیارێک دایئەڕزاندم : خودایە لەو عەرشەی خۆتەوە هیچت نەدی ؟

خودایە لەم سەرزەمینەوە من خۆم لە چۆڵەکەیەک ئەچووم  لەبەر ڕێژنەی پەڵە بەردا ..لە مامزێک ئەچووم لەبەر سێرەی کۆمەڵێک ڕاوچی نیشان شکێنا..ئەزانیت بەڕاستیی زۆر لە چی ئەچووم ؟ لە هەتیوێکی ڕەنگزەردی سەرمابردەڵە..لە مەسیحێک خودا لە ئەزەلەوە جێی هێشتبێت..دایە سەفەر..سەفەر.. سەفەر.



**ئەنوەری ڕەشید ئەوڵای نووسەر و هاوڕێی عیرفان دەڵێ:**

" بم بەخشە گەر ئێوارەیەک
چرای دڵم لەسەر دڵی تۆ داگیرساند
سنەوبەری دێڕی عومرم، لە پایزی عومری تۆدا
وەراند
دایە سەفەر، سەفەر ، سەفەر
سەفەر لەگەڵ ئەو شیعرانەی لە گەڵای پرتەقاڵ
ئەچن
زستانان نایان وەرێنێ
سەفەر لەگەڵ دڵی ئەو کانیانەی، چاوی
تەڕی عاشقانن
تەممووزان نایان سوتێنێ
من و ئەم خەمە شیرینە، سێوکین و
چەقۆی ڕۆژگار لەتی کردوین
من و باڵی ئەم نەوڕەسە. فرینێکین
ڕاوچی یەکان فێری بەرزەفڕیان کردوین
بە ترسەوە، وەکو ترسی ئەو گوڵانەی لەسەر
لاڕێکانا دەڕوێن
بە خورپەوە لەگەڵ خورپەی ئەو مەلانەی،
لەناو قەفەسا بەند ئەکرێن "
( دایە سەفەر..

ئەم شیعرە کورت و پوخت، مانفێست، خۆ پەیداکردنەوەیەکی دیکەی ئیستاتیکییانەیە، پانۆراما و شیرەی وجودییانە و خەیاڵپەروەرییانەی عیرفانی شاعیرە. بەسیەتی لەو شیعرەدا کە بۆی ( ڕۆحی پەتی ) خۆی لێدێت، بۆ ئەبەد ڕاکشێت.

ئەو دەیزانی هەر دەڕوا دەڕوا ، گرنگ بوو ئەوە بدرکێنێ، کە دەبێ بدرکێنرێت.

ئەوە شیعرە توانیویەتی بە خودی شاعیر و ئێمەش بسەلمێنێ، ئەو لەت و پەتکردنە ( چەقۆی بایەخە کۆنبووەکانی ڕۆژگار ) ئازای شاعیریان گرتبوەوە و تیکە تیکە کردبوو.

، ئەم شیعرە پێکناکۆک بە دەست و پەنجەی زبری ڕەتاندن و نکوڵیلێکردنێک کە ڕۆحی شاعیریان تاساند و هەڵیانوەراندبوو ، پەناگا و باخچەی سەوزی خانەگایەک بێ .. دوور لە چاوی ڕاوچییەکان بەرز تیایدا بفڕێ و

لە ئاسمانی سەفەرەکانیدا ( یاسادانەری فەنتازیا و خەیاڵبزوێنییەکانی بێ ) و سەفرازییانە، بانگی دەروونی خۆی تیا هەڵبدا و کەسایەتی یە ئەدەبییەکەی خۆی لە ڕێی ئەو گوڵانەوە کە لە لاڕێکانی خەیاڵدانیدا دەڕوێن، بە مێرگ و مەئواکانی خۆی بسپێرێ و پێببەخشێتەوە، کە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی جەوهەری عیرفان دەکەن

وەکو شاعیرێکی تاک و تەنها. چوون ئەدەب ئەو جێیەیە، دەنگ و رەنگ و بۆی ئەو شاعیرەمانی بێمنەت لەسەر زەوی خۆی جێ کردۆتەوە، بێ بنەتا لێیدەگەڕێ، بەو رەگەزانەی، خوێن بە ئەقڵ و دڵیاندا دێت و دەچێ و وشکنەبوونەتەوە" چێژ لە ئازادیی دەروونی خۆی ببا" عیرفانیش بە تایبەتیەتی خۆیەوە، بەو لەونەی بیری لە ژیان دەکردەوە،

گەر لەمپەرەکانی ژیانی ریاڵیتی بەهەرهۆیەک رێگەپێنەدا بێت، ئەوا لە فەنتازیاکانی ژیانمەندییەکەیدا، کە روئیا شیعرییەکانییەتی لە دنیای جوانناسییدا، هەناسەیەکی دیکە بوون، بۆ شاعیر و، نەیاندەهێشت پرتەوی چرای دڵی بکوژێتەوە، و سەفەرە باسەفاکانیشی لە پێبکەون، و لە زمانی فەروخزادەوە بێژێت ( ئەوە منم ئەی ژیان بەو پوچیەتەوە، هێشتا پڕم لەتۆ ).

دایە سەفەر.. پێمواب‌ێ تا حەددێکی زۆر توانیبێتی دەروونبێژ و سەفیری ئەو دەنگە کپ و نەبیستراوانەی ناو دەروون و دنیای عیرفان بن و شایەنی ئەوەبوون ببیسترێن.

لێرەوە سوپاس بۆ خۆشمروەتی و وەفادارییی شیعر، جارێکیتر شاعیرەکانمان بە خورپەی دڵیانەوە بۆ دەخولقێننەوە، کەسایەتییان پێدەبەخشنەوە، تەنانەت ئەو نەگوتراوانەی ئێمە لێی ئاگادار نەبووین، وە لە قوڵاییدا بوون، لە توێی چاوانی شیعرەوە رووت دەبینینەوە.

عیرفان وەک هەر کەسێکی سەر ئەم گۆی زەویی یە، چۆن ژیانی چەشت مردنیش دەچێژێ. ئەوەی ناهێڵێ ئەومان بۆ ئەبەد لێ ون ببێت، جاویدانیەتی شیعرەکانێتی. ئەویش هەر ئەوەی بەس بوو. چون گەر ناخودئاگا ئامانجی ئەوە بوویێت، ئەوەی توانای گوتنی نییە، نابیسترێ، شیعر ئەوەشی بۆکرد.

بڕوانە.. دەشێ میهرەبانی و بەخشندەیی شیعر لەوەدابێ: بەو هەموو مۆلەقی و ئۆقرەنەگرییانەی خۆیەوە، کە لە چوارچێوەی ئیدەیەکدا داناسەکنێت، کەچی داڵدەدەری بێدەرەتانیەکانی ئێمەش دەبێ لە خۆیدا، چ جای ئەوەی دەبێتە چاوساغیشمان و بیرماندەهێنێتەوە: تکایە بۆ ئەوەی خۆتان بن، شوێنکەوتەی هیچ شتێک مەبن، تەنها هەڵوەدای لەرە لەری ئیقاعە روحییەکانی خۆتان بن و رێگەببەنەوە سەر ئەو راستییە سادەیەی فێرتان دەکاتەوە: بڕوخێن گشت ئەو بەها و یاسا زیندو و مردوانەی، جێی وەسوەسەکانی منی یاخی تیا نابێتەوە.

منی شیعریش بڕوخێم گەر بۆتەو سەرپەنای نیازمەندیی و جوانی یە وردیلە و ئازادەکانی ئێوە نەبم، کە بە غەریزە دۆزیوتانەتەوە و سەرچاوەیەکن بۆ هەبوونایەتیەکەتان.

گەر دڵی ئێوەش بیەوێ و مەیلتان لێبیت، دەڵێم.. منی شیعریی بۆ ئەوە نەهاتووم و نایەم جێی ئێوەی شاعیر و شتێکی دیکە بگرمەوە، بەڵکو منیش بوویەکم لەپاڵ بوونی ئێوەدا. هەرکاتێ منی شیعریی و تۆی شاعیر نەماین لە جوگرافیای وجوددا، ئەوە بوونێک نەماوە بۆ ژین و ژیان دەست بدات.

سوپاس لە رێی ئێوەی شاعیرەوە ئەو قسە دەروونیانەی هەمانە، دەیگەێنین بە گوێی دنیایەک بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ بێت لێمان، دەیەوێ بمانبیستێ!

دلاوەر قەرەداغی شاعیر بۆ  بۆ عیرفان ئەحمەدی  هاوڕێی دەنووسێ:

## لە هەڕەتیی گوڵ
## لە ترۆپکی باریندا ...!

شارەکان لە شیرینە خەودان و
شاعیرەکان دەوەرێن
وەک نمە ئاونگی تازەباریو
باغ لە هەڕەتیی گوڵدایە و
دڵی شاعیرەکان درز ئەبا
وەک گۆزەی شین
هەور لە ترۆپکی باریندایە و
شاعیرەکان
ئەڕەوێنەوە وەک خەونێکی دوور و دێرین

شاعیرەکان شاریان نییە
شاعیرەکان باغ و ئەستێرە و هەتاویان
بۆ چییە
شاعیرەکان بەهاری خەیاڵی خۆیان هەیە
ئیتر باخیان
باغەوانی پێویست نییە
ئەوان ئەستێرەی ناو دڵی خۆیان
بە خۆیانە
ئیدی ئەستێرە بە ئاسمانیانەوە هەبێ یان نەبێ
گرنگ نییە
ئەوان شارنشینی نێو ماڵی خەیاڵی
خۆیانن
ئیتر بە هیچ ناچێ
شاریان ناوی شاری شاعیران بێ
یان شاری شیعرکوژان،
جا ناو چییە؟
شاعیران تاقم و تەنیایی ئەبەستن و
بۆ بەرەی پێشەوەی سەفەر ئەڕۆن

فەرسەخێک دوور ڕاوەستن و
قەرەباڵخیی لە دەوری تەنیاییان دروست مەکەن
ئەوان لە مردنیشدا ... وەک ساتی زەماوەند و
سەفەر و تووڕەیی و ژێوان بوونەوە
شەرم ئەکەن لە سێبەری خۆشیان
شەرم ئەکەن لە قەرەباڵخیی و ستایش و
سواربوون لە پێشی کەژاوە و
ئیمزا کۆکردنەوە و هوتافکێشان!

شاعیرەکان نەمر نین
پۆلیس و تاوانباران
قوربانی و جەللادان .... نەمرن
شاعیرەکان نە دەڕۆنە بەهەشت
نە دەشچنە دۆزەخەوە
ئەوان وەک گەواڵەیەک هەوری
دوور و دێرین
هێور هێور ... دەڕەونەوە و
وەک خەونێکی کاڵ و تەنک
نمە نمە دیارنامێنن و
بیردەچنەوە!

ئۆگۆستی ٢٠١٢



**ئەرخەوان رەسووڵ هاوڕێی شاعیر دەنووسێ؛**

هاوڕێم عیرفان ..ساڵێکی تەواوە شەقامەکانی سلێمانی لە سۆراخی شیعرێکی شەهیدان...سنەوبەرەکانی سەرچنار هەواڵی پەپولەیەکی شەهید لە گوڵەکانی باخی گشتی ئەپرسن ، کۆترەکانی سەرپالاس هەواڵی تەنیاییت لە کوکوختیەکانی ماڵە چۆڵەکەت ئەپرسن ...هاورێکانت پێکەکانیان پرە لە یادی تۆ.. دادگاکانی شار چراکانیان کوژاندۆتەوەو خەریکی رەشکردنەوەی لاپەرە سپیەکانن ..مەرگی تۆ لە مەرگی ئەو گوڵانە ئەچێ کە لە لارێکانا سەوز ئەبن ..دوای تۆ -کەس هەوری نەگرتە چوار چێوەو بە چوار دڵۆپی باران -هەڵی نەواسی ..کەس نەچووە بازێرێ مشتێ خۆشەویستی بکرێ... کەس باسی هەناری بۆ نەکردین و بەلەمیش چارۆکەکەی با بردی و ئەو نەنوست و تۆ بەیەکجاری لە خەوێکی هەمیشەییدا چاوەکانت لێک نا ..

عیرفان گیان ! سلێمانی خۆشی ئەوێیت ، باخی گشتی بیرت ئەکا ، یەکە یەکەی شەقامەکان چاوەڕێتن ، درەختەکان باوەشێنی رۆحت ئەکەن ، گوڵەکان هەموو رەش پۆشن ، تۆ پەپولەی باخچەی شیعرو خەیاڵێ جوانیی و وەفا بووی ، تۆ لە نێو بازنەی مەستی خەیاڵتا وەک زوربا بووی ، تۆ لە یادەوەری شارا شیعرو گوڵ و گۆرانیت ، مەرگت هێندە بە ئازار بوو ، هەرگیز لە یاد ناچیت

## هونەرمەند حەمید بانەیی هاوڕێی نزیکی شاعیر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووکەکەی دەنووسێ:

### دیسان عیرفان مردەوە

هەموو کۆتاییەکی مانگی حەوت پەپولەیەکی شیعر بەسەرمدا دەفڕێ و هاوین و رەمەزان دەیسوتێنێ.... عیرفان بەباڵا بچکۆلە بو بۆیە مەرگیشی لای دەسەلاتی کوردی بچکۆلە بوو، بۆیەلێرە دەتوانی بکوژی دەتوانی هەزار تاوان بشاریتەوە

رێکەوتی ٣١/ ٧/ ٢٠١٢ بەیانیەکەی برای شاعیر ساڵح بێچار تەلەفونی بۆ کردم وتی ئەفسەرێکی پۆلیس تەلەفونی بۆ کردوم و لە مۆبایلەکەی عیرفاندا بە رێکەوت ژمارەکەی منیان هەڵبژاردوەو تەلەفونیان بۆکردوم و دەڵێن کەسێک لە خەستەخانە کەوتوەو لێی دراوەو لێرە بێهۆشە و ناوی عیرفان ئەحمەدەو منیش یەکسەر پێم وتوە دەبێت عیرفان ئەحمەدی شاعیر بێت و لە ئەنجامدا ئەفسەرەکەی پۆلیس بە پێکەنینێکی گاڵتەئامێزەوە دیار بو بە جەماعەتەکەی خۆی دەوت -ئەهە ئەڵێن شاعیرە.

ئیتر منیش بە پەلە پەیوەندیم کرد بە زۆر لە برادەرانەوەو دواکەس کە پەیوەندیم پێوە کرد دیاری قەرەداخی بو ئەویش هات بۆ لام و پێکەوە چوین بۆ خەستەخانە بۆ لای و لەوێ شێرکۆی برای عیرفانمان بینی و چەندمان کردو هەوڵمان دا نەیانهێشت بچینە ژورەوە بۆلای و ئەوەی من مەبەستم بو دەمویست ئەو ئەفسەرە ببینم تا پێی بڵێم بۆچی پێدەکەنێت بە مەرگی شاعیرێک، ئایا گەر بیان وتایە پیاوکوژێکە یان کوڕی مەسئولێکە یان کوڕی دەوڵەمەندێکە یان عەشایەرە هەرچیەکی تریان بوتایە ئەو پۆلیسە دەیتوانی پێی پێبکەنێت من دڵنیام دەیوت (ئای دەستی شکاوم) لەوانە بو تۆزێکیش بۆی بگری، پاش دوو رۆژ عیرفان رۆحی فڕی و جێی هێشتین، من لە ئاسیاسێڵ کارم دەکردو بە ئاوات عەلیم وت کە ئەوسا لە ئاسیاسێڵ کاری دەکردو ئێستا بەڕێوەبەری ئێن ئاڕ تیە کە شتێکی وا روی داوەو سیکیوریتیەکانی ناو پالاس وایان لە عیرفان کردوە، ئەویش یەکسەر کامێرای ئێن ئاڕ تی نارد بۆ پالاس و کامێرامانەکە دیار بو زۆر وریا بو دەیزانی کە ئەوان هیچ نادەن بەدەستەوە هەر کامێراکەی داگیرساندبو گرتبوی بە دەستەوەو تەنها قاچەکان دیار بون و لە یەکێک لە سیکیوریتیەکان دەپرسێت من هاتوم تەحقیقێک بکەم دەربارەی ئەو کەسەی لەم شەوانەدا لێرە لێتان داوە چونکە ئەمڕۆ لە خەستەخانە مردوە کەچی کابرای سیکیوریتی بە ئەوپەڕی ناشیرینی و بێ ئەدەبیەوە دەڵێت: جا مردوە مردوە قابیلە چی بوە ؟، هەر وەک بیەوێت بڵێت (خۆ ئەو نە پارەی هەبو نە دەسەلات لە ئیحساسی مرۆڤانەو شیعر زیاتر هیچی نەبو ، ئیتر دەبێت ژیانی چ قیمەتێکی هەبێت؟

لەم ولاتەی کە خاوەن قەڵەمە راستگۆکان کەمن، ئای چەند ناشرینە لەم وولاتە دا ئینسانە جوانەکان هێندە بێ نرخن تیایدا؟، ئەوە پۆلیس و ئەوە سیکیوریتیەکەت بێت تیایدا دەبێت چ مافێکت پارێزراو بێت؟

## له بیرەوەریەکانی سمکۆ ئەحمەد برای شاعیر:

عیرفان تەنها برا گەورەکەم بوو منالیمانی پڕ کردبوو لە قسەی خۆش وکاتی بە تەتام . عیرفان بە ئاسانی لە رۆتین بێزار ئەبوو، هەردەم بە دوای ئەدڤێنچەرا دەگەڕا، بە حوکمی ئەوەی ئە و چەند سالێك لە من گەورەتر بوو من وەکو ئایدڵ سەیرم دەکرد. ئەو ئەیتوانی بە دزی دایکمەوە بچێت بۆ سینەما و زۆری حەز لە فلیمە هندیەکان دەکرد. دوایی فلیمەکانی بە ترش و خوێی خۆیەوە بۆ ئەگێڕاینەوە لەوەی کە هەبوو جوانتر سیناریۆی بۆدادەڕشتەوە. دایکم رە حمە خانی ناو بوو یادی بەخێر، لە تەمەنی ٢٩ سالیدا بوو کە باوکمان کۆچی دوایی کرد. زۆر جار دایکیشمی ئەخستە حەزی ئەو فلیمە هندیانە. رۆژێك کە من قوتابی سەرەتایی بووم لە قوتابخانە بووم دایکم و عیرفان هاتن ئیجازەیان بۆ وەرگرتم بە بیانووی ئەوەی ئەمبەن بۆ نەشتەرگەری لووت (جيوب الانفي) منیش زۆر ترسام، هەر کە چوینە دەرەوە عیرفان یەکسەر ووتی هەموومان ئەچین بۆ فلیمی هندی (الارض والانسان) مەترسە ناچین بۆ خەستەخانە. ئیستاش کە گۆرانیەکانی ئەو فلیمەم گوێ لێدەبێ عیرفان لە بەرامبەرما دەبینم. لەگەڵ دایکم وخوشک وبراکانما چووین فلیمەکەم بینی هێندەی سیناریۆکەی عیرفان پێشتر بۆی گێڕابوینەوە خۆش نەبوو.

عیرفان داهێنەرو قسە زان بوو هەردەمیش حەزی دەکرد بەرامبەرەکەی سەرسام بکات . بە منالی لەگەڵ خوشك و براو پورزاکانم شانۆگەری پێدەکردین. ئەو کاتە چیرۆك و شیعری لەسەر ژیانی شاعیران سالم و نالی وکوردی دەنووسی و شانۆیی پێدەکردین هەردەمیش کۆتاییەکەی تراژیدیا بوو وەك مەرگی خۆی. بەداخەوە دەستی ڕەشی پیاو کوژی ئەو وولاتە کۆتایی بە ژیانی ئەو هێنا. دەنا عیرفان بمایە زۆر شیعری جوان وناسکی تری پێشکەش بە کۆمەڵگاکەی دەکرد.

عیرفان هاوڕێییەکی نزیکی شاعیر بەکر عەلی بوو یادیان بەخێر، ماڵمان بەرامبەر گردی ئەندازیاران بوو شەوان پێکەوە بە دەم گۆرانی ئەفسەری شەهیدیەوە هەتا دەمەو بەیان لەسەر گردەکە شیعریان دەووت و نەشیان دەنووسی،

هەروەها مامۆستا شیرکۆ بێکەسیش یادی بەخێر هاوڕێیەکی نزیکی بوو زۆر جار سەرسامی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر توانای شیعری عیرفان . بیرمە ساڵی ٢٠٠٣ کە مینش گەڕابومەوە کوردستان چەند شەوێك هەر لەو سلێمانی پالاسە پێکەوە لەگەڵ مامۆستا شیرکۆ دادەنیشتین و تا درەنگ وەخت باسی شیعرو هونەرمان دەکرد.

ناشرینیەکەی سیستیم و دەسەلاتی کوردستان ئەوەیە دادگا و پۆلیس لە ژێر چاو سورکردنەوەی سیاسیەکاندا راستی یەکان دەشارنەوە . ئێمە وەکو خانەوادەی عیرفان داوای یاسایمان لە سەر خاوەنی سلێمانی پالاس تۆمار کردوە . لەگەڵ ووتەبێژی پۆلیس ئەوکاتە سەرکەوت ئەحمەد چوینە سلیمانی پالاس بۆ لێکۆڵینەوە لەو کارەساتە، سلیمانی پالاس بەقسەی خۆیان سی سی کامێراکانیان ئیش ناکات (کە ئەمە خۆی جێی گومانە) .

هەتا ئەمڕۆش ئەو کەیسەی عیرفان بە بێ وەلام جێماوە. دادگای سلیمانی و پۆلیس هیچی نەکردوە بۆ دۆزینەوەو بە سزادانی تاوانباران. گومانلێکراوی یەکەم (میران) ناوێك ئازاد کراوە لەژێر بیانووی نەبوونی بەڵگەی تەواو . ئیمە وەکو خانەوادەی عیرفان ئاسوودە نابین تا ئەو کەیسە تەمو مژاویەمان بۆ شی نەکرێتەوە و بکوژانی بە سزای خۆیان نەگەن ! ئەوەش بە واجبی دادگاو پۆلیسی شاری سێمانی دەزانین.





## له دوور دیاری وەك هەتاو

هونەرمەند دیاری قەرەداغی
بۆ عیرفان ئەحمەدی هاوڕێی دەنووسێ:

تۆ هەتا دێ بە فرِینێکی سووکەوە پڕ دەبی لە خۆشەویستی
من هەتا دێ بێ ئاگاتر لە دووکەڵ و مەی و مەستی
وەك دڵتەنگیی دووا گۆرانیم کە ویستی بێتە لات و بە چرپەیەکی خەمناك و پڕ شەرمەوە بپرسێ لێت:
خۆ ئاوازێکی باڵا کورت نیم بە دامەنی شیعرتەوە؟

دڵتەنگم کە دەمبینیت، بۆنی ئاوازیکی ونبووی منت لێدەهات، دەمو دەستیش دەمویست ئەو نۆتەو ریتمانە بدۆزمەوە کە لێم وونە، کەچی تۆ بە سلاوێکی خومارەوە ڕێگات نەئەدا و بە شیعرێکی نوێتەوە دەتخستمە سەر کەڵکەڵەی ئاوازێکی تر، ئاوازێك جارێك دەبووە (خەزەلوەر)و چەشنی عومرە گەڵای تۆ سەما سەما بە سەراپای جەستەمانەوە دەوەراو خەڵکیش بە بەزەییەوە لە خەون و خەمی کۆکردنەوەیدا بوون.
ئەو دەمەشی دەبووینە سەفەری خۆمان و لە چۆکی دایکانمان دەکەوتین و دەمانووت
" دایە سەفەر .. دایە سەفەر .. بمبەخشە گەر ئێوارەیەك چرای دڵم لەسەر دڵی تۆ داگیرساند".

کە ناسیم شیعریم زیاتر ناسی، راستییەکەشی ئەوە بوو شیعر پێش خۆی هات و لێوەی عیرفانانە بەرۆکی ئاواز و میوزیکی گرتم، بۆیە لە بەشێك لە گۆرانی (بۆنی خاك)دا زەرەیەك ئەحزانی خۆی نەدا بە گشت خەمی دنیا چونکە ئەحزانی عیرفانی شاعیر زۆر جیا تر بوو لەوانەی ئێمە، چونکە ئەو خەمی ئێمەو خۆشی لە کۆڵنابوو، بۆیە لە کام گۆشەوە شیعرەکانی راوەشێنرایە گوڵە چرۆی مەراقەکانی ئەم جیهانەی لێ دەوەرا، بۆیە زۆرجاران وام هەست دەکرد کوڕی (سەردەمێکی تر)ە
سەردەمێك تیایدا بڵێ:" تۆ دەنکێ گەنم بڕوێنی ئەو دنیایە دەکەی بە نان.. من چاوانیشم بڕوێنم کوێرە گۆچانی سەر ڕێگام".

ئێستاکە ئەی شاعیر دوور ئەڕوانم هەر خۆتی و لە دوور دیاریی وەك هەتاو، ئەنێتە سەر لەپی دەستم پشکۆی دڵی داگیرساو.. دڵێکی داگیرساو و نەکوژاوە لە ناوماندا دانیشتووە خۆی کز و شیعری بزێو، خۆی نوستوو ، پەیڤینی گەش، ریتمی سەر کەش
بەسەر پێدەشتی بەرینی هونەرو ئەدەبیاتدا خوڕەی چەمێکەو تا دێ دەرژێ.. تا دێ دەرژێ.

**هونەرمەند ماهیر محەمەد ئەمین بۆ عیرفان ئەحمەد دەنووسێ:**

شەوانێک کە دوو بە دوو دادەنیشتین.. هەمیشە ئەو لە من زیاتر بەرگەی بێخەویی دەگرت و زۆربەی جار حەزی دەکرد تا بەرەبەیان لە گەڵی دابنیشم و جگە لە باسی شیعر و گۆرانی, جار جارە پارچە موزیکێک بە عود بژەنم یان کۆپلە گۆرانییەک بڵێم ئەویش لە وچانێکدا شیعرێکی ناسکی خۆی بخوێنێتەوە. کاتێکیش بێخەوی تەواو ماندووی دەکردم.. بە هێواشی دەمگوت: کاک عیرفان دەزانی من بەیانی دەوامم هەیە و دەبێ زوو هەستم؟ بە زەردەخەنەیەکەوە دەیگوت: بڕۆ بنوو، بەڵام ئەوە بزانە کە ڕۆژێک دێت من دەڕۆم، تۆش دەڕۆی.. ئەوەی لە من و تۆ دەمێنێتەوە تەنها وشە و شیعر و گۆرانییە.

ڕۆژە درێژەکان و ساڵە کورتەکان زۆر بە خێرایی تێپەڕین و بە داخەوە ڕۆیشتنی ئەو بوو بە ڕاستی.

ئەو هەر زوو لە سەردەمی هەرزەییدا دەیزانی کە شاعیر بوون بریتییە لە ژوانێکی بەردەوام لەگەڵ دڵەڕاوکێ و نائارامییەکی تاهەتایی. بۆیە لە قەسیدەی فەجری دووهەمی عەشقدا دەڵێ:

ڕەنگە شاعیرێتی
بەهێزترین یاسای سزادانی
ناو دەستورەکانی سروشت بێ
کاتێک پەیڤێکی قاچاخ،
لە مەرزەکانی موعاناتەوە ئاودیوکەی
کاتێک تەماشای سۆزت کەی
کە عاتیفەت لە نینۆکەکانت درێژتر بوو
تۆ شاعیری هەتا مردن
لە باکووری برینتەوە خۆری ڕەهابوونت هەڵدێ
بە سەر شاری ڕوانینتەوە تێدەپەڕێ و
لە باشووری قەسیدەوە ئاوادەبێ

بەڵام نەیتوانی لەم قەدەرەی ڕابکات و بوو بەو شاعیرەی کە ئێستا هەموو ئەوانەی کە تاقە دێڕێکیان لە شیعری ئەو خوێندۆتەوە هەست بە شاعیرییەت و گەورەیی ئەو بکەن کە بە داخێکی زۆرەوە مەرگ نەیهێشت بەرهەمی زیاتری ببینین.

کاری من نییە و کەمیی شارەزاییم لە بواری ئەدەبدا ڕێگەم پێنادا هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی و هونەرییانە بۆ قەسیدەکانی ئەو شاعیرە جوانەمەرگە بکەم، بەڵام ئەو چێژەی لە خوێندنەوەی شاکارەکانی ئەو دەیبینم چێژێکی زۆر تایبەت و باڵایە و پێم وایە ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوە لە شیعری کوردی دەکەن زۆر کەم لایان لە شیعرەکانی ئەو کردۆتەوە و بە تەواوەتی هەستیان بەو زمانە تایبەت و تەکنیکە جوانە و وێنە شیعرییە بێ وێنەکانی و ئەو فیکرە ئینسانییە باڵایە نەکردووە کە لە پشتی شیعرەکانییەوە دەبینرێت. دەنا عیرفان زۆر لەوە ناسراوتر دەبوو کە ئێستا هەیە. جگە لەوەی لە شیعرە لیریکییەکانیشیدا توانیویەتی لە ئاستێکی زۆر باڵادا بنوسێت. چونکە خۆی لە گوێگرتنی بۆ گۆرانی سەلیقە و چێژێکی بەرزی هەبوو و تا سەر ئێسقان جوانناس بوو. زۆر شەیدای دەنگی زیرەکی نەمر و مامۆستا خاڵقی بوو تا ئەو ڕادەیەی کە شیعری تایبەتیی بۆ هەردوکیان نوسیبوو. ئەو کاریگەرییەی گۆرانی بە سەرییەوە وایکردبوو کە میلۆدییەکی شاراوە لە سێبەری هەر دێڕێک لە دێڕەکانی هەست پێ بکەی و زۆر بە ئاسانی بکرێنە گۆرانی.

هیوادارم لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ هەموو دەقەکانی بکرێت و شارەزایانی ئەم بوارە هەموو لایەنە شاراوەکانی داهێنەریی و هونەری نوسینی ئەو ڕۆشن بکەنەوە.


هەزاران سڵاو لە گیانی پاکت عیرفان گیان.. پێشبینییەکەت هاتەدی و دڵنیابە میراتێکی زۆر دەوڵەمەندی وشە و شیعری جوانت بۆ بەجێهێشتین.




**تریفەی ئەحمەد خوشکی شاعیر دەنووسێ:**

عیرفان برایەک بوو لە دڵۆپی باران،ئەفسانەیەک بوو لە مۆراڵ و خۆشەویستی،
ئەو تەنها شاعرێک نەبوو،پەیامبەرێک بوو لە جوانی ڕۆح ،مرۆڤێک بوو کە هەردەم سەرمەستی
مرۆڤایەتی بوو ، لە پێناوی مرۆڤ و بەختەوەری مرۆڤدا ئەچویتە دژوارترین جەنگی مان و نەمان!
بۆ ووتنی ڕاستیەکان بە گژ مەرگدا دەچویتەوە!
بۆیە پیاوە بچووکەکان بەرگەی نەعرەتەی دلێرانەیان نەگرتی و پەلاماریان دای..!
ئەفسوس برا جوانەکەم بۆ مەرگی پڕ لە جەسارەتت
هەرگیز لە یادم ناچی شاعیرە رۆح پەپولەیە غەدر لێکراوەکە!
بۆ مەرگی تۆ سلێمانی کەوتە هاوار، گەلاوگوڵ و کوکوختیەکانی باخی گشتی کەوتنە زمان !ئێستاش
ئەگەڕێن بۆ هۆکاری مەرگی شاعیرە رۆح پەپولەییەکە!
بنوو براکەم ئارام بنوو ،تۆ ئێستا هاوسێی گردی شەهیدان و خاڵە شەهاب و ١٧ شەهیدە
جوانەمەرگەکەی قازان یت
مەرگ لەبەر چاوتان سووک بوو
ئاسمان بۆتان بچووک بوو
بەڵام لاڵ بێت ئاسمان چۆن شاباڵی تۆی شکاند




وەرە ئەمشەو لەگەڵ ~~...~~ بسوێنەوە
با شیعریشی عالەکەم ٢ جۆرت کات
با بۆ ئەمجارەکەم هەڵە ئەکاتە سەر بالای کۆشکی تریب
بەسەر کێوی ڕوا بێنەوە
هەموو ڕەوی نەیەتی تا فەنگەوی ئەم نگوتپ
با گیلەکان خەریکی نەوەیە دەریاوە
با ~~...~~ ئامادەم بکە بە گولاڵەیانەوە
بیدە دەستی پیرترین منداڵ
با ئەو ٤ هەموو گوڵەو تابووتی و ئەو تەمەنە
لە قەراخیلا گوێی زەویەوە خەریکی دەنگی خوای
~~...~~
با وێنەی ئەو و ئەو بیر سەرقەتی وەك ئەو فتانە دەرەکییشی
ئەو
ئەمیڕویان بێ بارناکری
با ئەلی ئەو و ئەو ئاخانە بیسێنم
قووسەکانی ئەو ئاشتی و جریکەکانی و ... بەردن
لە کوێکان
فەجری
کات ڕیزی
سووەم
ئێرا ئەو زەمەنەمان لەوێ
لە کوێکێ ؟
ئەمجر
هیلەکانی لە لەشتەدانەوە
ئاورەکانی لە چاوەکان



ئای چڵە نیگوونەکەی ڕۆح
هەر ئەو دوو هەوە هەڵکۆڵنیت
ئێستا ~~ئاسمانی~~ نامانتوانی
زەوی
باڵەکانی
ئاسمانی هەمووی ~~فڕینەکان~~ تیا نابێتەوە
تۆ سەعاتەکانت دەنێیتە دەمی دەریاوە
منیش لە پاڵت لە پەردە ڕووخاوەکانی پیریدا
بە سەر ئاوایەکی دەریاو لە هەرزەکاریدا چی ئەکەم
گاڵتە بەو چڵە بەیبوونە
بە ڕەشەبانەی بەهارەوە
ئەو هەموو پایزەی دڕاوە
گشتی بە هاری ~~بچ~~ بە ڕێی سەفەرکا
چوار وەرزەوە دێتەوە
بۆ فەقێ دەستی پەڕێ بە هارتیە
بۆ وەرگێ ملیۆنی پایز
گەوە لە ئادێڤ دەریاوەکە
ئەو لە میلادی هەیە و لە تابووتی
ئەو هەوری دوور و درێژە
وەکو هەوری ئەو وەقتە سەقەی
لە پاش پرچەکانتا ئەتوێ
وەک دڵتەنگی ئەو بوو سایەوە
جا تاکەی پڕ دەکاتە هەر عەشقێ و لە قاقاوە حوکمی
نیشتە دەکاتە دروکانی دیستان و
ڕێگای هەمە لەم و هەر لەوێ ئەگری

شکڵی ئابووری لە هەموو سەردەمێکدا گۆڕانێک بەسەر
سەیر و سەمەرە بە دوای خۆیدا ئێکێشی دەکات. یەکێک لەو
شتە زۆر عەجایبانە لای خۆمان دروست بوونی هەندێ
کار و کاسبی موعجیزەیە. کارەکە ئاسانە ~~[illegible]~~ سەرەتا
لێی تێکە ئەچێت دەزانە دروستبوونی بیرۆکەی پیشەسازی
نوێیە و لە هاوکاری دارشتنە لە هەشتەی ئابووری و لە تازەترین
تەکنیکی پیشەسازییەوە

لا ٢٠

~~بۆ~~ زنجیرەکانم گرتە پێ خۆرەکەت ـ بەرد ئاسمانێ گرتوودا

~~بە شەقاوی~~

بە ژێر ڕاوی چیمەنێکا دەکەوی

ئەوی زۆر و زەنگە شۆڕ ڕێشکەوتە

ئەو لاوی سەرکەوتنی هێمنانە بە شێوەی

~~لە ...~~ لە سەر بەردانگم هەڵ گۆڵاوی

~~لە~~ ڕواڵەتی شێر و ~~شیعر~~ ئێل نووسینەوەی ...

---

تێر و ڕاستی ئاسکە بە

لەگەڵ بەر دەستێکی قاچاو

لە سێدارەی سەرکەوتنا گیانم ...

---

لە ئەلحادەم لە کوێدا

سۆفی نوێژێکی دابەستە

لەو ڕا ئەمڕۆ ... ڕێ و ڕۆژ و

دیاری —
ئەی کچە

(2)

دەزانم دەتەوێ بتبینمەوە .. ~~[illegible]~~ ئەو بیادەم
ئەمڕۆ بانەیەکم لە بەفر بۆ رۆحی گەرمم دروستکرد
.. بەتەیەکێ لە تاڵەکانی تاریکی .. بۆ دڵم
زنجیرێکی نێوان خۆم و باخچەکانی ولعەتم
ووشە تەیزی کرد
~~[illegible]~~ ئەو بیادەم
لە گەڕەکەی رۆحما
بە کلۆتەند کۆشکێکم بۆ عیرەلەکان دروستکرد
تۆ .. ئەو .. نیگاهێک بە ~~[illegible]~~ دەکرد
چارەنووسم
کە لە گریانە
خۆم بۆ فرمێسکەکانت لەپەنا
دەخەمەوە بەسەر پیالەیێک
~~تەنیا~~
ئای چەند تێنوەکەی رۆح
ئەوانەوە زۆری ئێمە نەبوون
هەتاکەم بەمشە ئەوەی لە دەکرد .. بەقی بونەوەمی
لە سەر بچیم
بەرزەوە بێ گەڵایەوە .. لە زەوی لە ڕووت
بونەوەکان دارستانێ نابینم
تۆی پێرا بیچم
2 ها مەعنی هۆنراوەکانم بە گرتە چوار چێوەکەی ~~[illegible]~~ بوون
ئای چەند ئێستا گرەکەی رۆح بە ئەوانە وەرزی بوول

٢ - ١٫٥
٢ - ١٫٢٥
٩ - ٧٫٥ - ١٫٢٥
١٫٢٥ - ٩ - ١٢ - ١٢ - ٢ - ٢٫١٥
١٢ - ٨٤٠

## لێرەوە ڕابوو

ئەگەرە خۆت
وەک چۆن لە بەهار، قۆنچەکانی لە گرییە خۆی
وەک خۆنچە هێنا
~~چرچ و لۆچی~~ شێی پارزی لە بونا دەخاتە ~~ببینە~~
نیوانی دو برۆی

گەر پارێزی نیت
من لە ڕۆحانییەوە لەم پەرەی ڕۆحی تویا ~~هەڵ~~ بکەم
تەنێ ڕاغانی کە ئارەکانم پێ بدە
گوناحەکانم زۆر زۆرن کەچی دەتوانی لەبەر ~~نیگا~~کانم بیان تۆرێ
دەتوانی دەستەکانم ڕەوانەی جەهەنەم بکەی
سینگی دڵم خێی دەرپێ بە لاشەوە

ئای ~~هۆ~~ تینەشان زۆر خۆش
لە هاژنی گەرم لە چۆن سەرم پەروەزی نان
لە چڵ و پۆپی دەرەقیان کە هەڵکیو چرا
زیاتر لە تاسی هاری تیی جەنگاو ڕەسولنا هاوار
لەوی ئەم شتە شۆ خۆت هەروای
دەرەخەق ئاوا لە شەوەو
هێلانەکە لە خۆرەتاو
هەتا بچووکەیەکە با ئەو گژنگێ لە گری
سەر بگڵێنە لەهەنووتا لەمەرێ

تەنێ گوێشە کوڵێرایە

هەرزوو لە کەنارەکانی ٢ عەرەبیدا دەتلێ شەقەیەوە
هەرزوو عادەتی لێ دەکات
کەسێ بیر داخە بتەکا وەکانیا کەوتنە کاتەوە
کەسێ بە بێجەمی عەشقیا لە نوێ
کە بیشە گیسە لە سەرتاڵیا ئەدات

٢ کوڕی ~~[illegible]~~ ئەجری دووەم لە کۆچەکانی ؟
بەدەیە لە لە دوو لەدەوە
ئاوێ ~~دەگیرێ~~ د تۆ ~~نەگیرێیت~~
دەوەستاو ئاوەستێ
دەدۆزێکی لە دواییم دەکەوێتە ناو بێی
لێوەی دەوروبەری سەفەرو لێوەی تاریکی بە دەوەستا
عەگرەحۆتە
من لێکسانیکی سوخەتە خێم
لێرە بیکەم لە سەرەوە لەوێتدەم لە تاریکی
سۆزی هۆرەتاو بێ لەم ~~پلەسی~~ ڕزگارم بووم
دەشتەری

من لێکسانیکە سیاسیم
٢ کۆنفرانسی گرووپەکانی عەرەبدا بۆ سۆزانیارانم دەدەم
بە کۆدەتایێ لە ~~[illegible]~~ ئێرێنیەوە
تا پێچی سێبەرێکی بچکۆلە
~~[illegible]~~ ... کۆچاری خەسیدیوە
دەبێ

٢ / ئێرە / نوفمبر / ٧٩

ئەی ئێران ڕەنگە تۆ لە زریانی خەونی خۆرشێد وشکبوونەوە

لە دایک بووبی

وا ئەم تۆڵەیە گڕۆزانەت هەستاوە

داهاتی خێر کرد

لە ~~ڕەچی~~ چڵی بروسکەوە

بچمە ناو ڕاسپێری ئاشتی بوونەوەی هەورەکان و

دڵی هەوای باران بدەمەوە

ئێ سورتی بۆچی لە نسیمەی ئاگردووەوە

گوێت لە لاپەڕەی عارعارێکی ئەو شۆڕە سوارانەیە

~~ئاگر لە پاشکۆیانیانبوو~~

گەر لە سەحفی ئەسپەکانیان ئەباری و

پشانەیان لە تاوەدانی دەگرتەوە

پەڕەکەیان خراپەش دەکردوو

هیچ و کاسی خاکتوێنیان و خەونی ساچیەکانیان

بە عەقیقە نۆ خەرەوشەکان دەبڕدەوە

گوێت لە ~~ئاگرە~~ سەودای مەجبوری ئەو غەزانە

بازانەی بە بەرکەم گەشتن

مانگەشەویان لە چاو دەکرد

دەرپیانی لە پێی [illegible] ئەکرد

مێم

ئەوسا دەزانم بەردەوام ئەبو
گوڵەکەی لەگۆڕانێ و تەختەکەشم لەبەر ئاوێنەکەی سپی

ئەوسا بە خێڵم بە فڕینی کۆترەکان و
لەشەوی بەرزی هەوارێکدا لە ئەهات
ئەوسا سوجرەکەی حکایەتەکان و
لسوتانی ئێسکۆکان و
~~شێخە~~ شیرینە گەزۆ لیمۆکان
بە ئاسانی لەیاد نەئەچون
تەنەکەی تێ
ئەوسا ژوورەکە ~~نە~~ ~~تەنەکەکەی~~
لە سەر جێی خزاوانی کچێکا ئەگیروان
ژوورەکەی لەو
لەسەر ڕێگەی حەوتا بێ لەو
حەوتا بێ لە بە شێوەی جاوی تەماشای بەندیخانەکانی
ئەکرد
بە شێخانە بە چاوێکی عێ تا نوێوە
لە جێیا ژوورەکەی ئەبوای
جیا کانیە باخچەگەردانی خۆمیان
لەناو دوکانەکانی مەشارەدا

ئەی ژیان ، ئەی شیرین ترینە کەسی

ڕەنگە لەم بەشەکانی ئێدرا گەڕایا

بۆ منی کچێکی بێ ژوانی و سێبەرێکی چاوەڕێکەر بێ بێ

تۆش بێ هاکە نازیلی چاوەڕێکەو قەبرێکی لە دەشت

خێر کردبێت بە جۆرێ خۆم کە

ئەم بەشە چکێلەی مێلاد

بە قاعەی ناخۆشەوە

دەرخواردی عومری خۆم بدەم

هەم عومر و حەقم

گۆڕەکێک لە یادەوەریدا هەیە

تیایدا ! ~~[illegible]~~ ڕەوشیاوی ناعەشقەکانی هەڵم ڕژەکانیم

دەگریە هەیوانی لەو گیانە

لە ودیو ~~ترسی~~ باوکیانە گە عەیبان دەگرت

جادوی

سبا - لەگەڵ گورد .

ئەوکیانەی ئازادیەیان لە دەستیان ئەچوو

گلۆپیان بە تەنیشتگەلی لەکرد

گۆڕەکێ لە یادەوەری هەیە

پیری بوو لە کلیلی کچێکەو قفڵی لۆ ستود

پیری بوو لە دیواری لەرزو

پەردەی ~~[illegible]~~ گوڵ گوڵاوی

خۆشی وێنە سادە

ئاواتە بوتەزەی ڕەوانین بوو

ئەو هەموو بیشە قامی گوڵانە بڕینی و

قاڵەی ناسۆعیدکەرەی پیشان دام

ئاواتە ئەوەی خەیاڵ بوو

ئەو هەموو گڵیلە شێعرەی بێ بە شمشێر

دەمشە بچینەوە زنیر بە زەوسە لانە دارەکان

تا بتوانین لە تەختەکانی شکست و

قارت و تەنکی پێکەوە بنێن و

ئازاد دەکرێ گەر پاتمان تەڕ نەبێ

تا جارێکی دی

لە ژوورەکەی ماسۆلکەم، چەپۆکەکانی باوکم و

باوەڕی چاویلکەی سیاسییە تەماعەکان ئەبینم

جارێکی دی

گرتنی تەرەکانی ئێرانی بە بەرخۆری قەسیدەوە

هەڵکەوانیم

ڕێگە شاعیرێکی بە خێرترین یاساکەی سزادای

ناو دەستوورەکانی سەرمەشق بێ

بۆ ئێستانەوە کە ئەو تەوانێ حەوشە قاچاخەکەی

بە ڕێقە

لەحزە لە سەرزی نیزیکەوە ئاودێوەکان

شێعر و ئێستانە

لە بەخشینەکی لە نیگاکە درێژترە

دڵت لە گیرفانی گەورەتر

حەواڵەکەی کردەوە

- بۆ ئەوەی باشی لە ڕێگای سەرەقەی سەرتۆوە ئەم خەجری

سماڵکانە ... خێرەکە بە عەنالەکە هەتیوە.

+ بپورێ خەونە گچکەکەی تۆ ... بە دیناری دزیەوەکە ... بێ بەسیەتی

عەنالەکەت بە نانی ... بۆ ئەم خەونەکەی خۆی لەو وەناچە

هەرگیز بە دەستی نابێ!

عرفان

٩٧/٢/١٩

هاتەوە دەستی باوکانەی هێنا بە سەریا بە دەنگێکی

خاوەوە ووتی

- ئەوە تا خۆت وەڵامی خۆت دایەوە؟

+ چۆن

- ئەو دونیایەی تۆ باسەت کرد حەقیقەتی تیا نابینەوە

بۆیە خۆت ئێمەت هەڵبژارد.

+ ئێمە کوێ یە؟

- خەونە دێرینەکەی بەشەرە.

دەنگی تەقینی ڕیزێ فیشەک بە ئاگای ~~هێنا~~ هێنایەوە

لە میحرابی مزگەوتەکەوە دەنگی الله اکبر هات ..

خەبەرم بۆوە سەرم لەسەر تفەنگەکە بوو ، بە مێزەوە لە

تەوا بووە .. ژنێک سەرئاگەر هاتە دەرگای

بۆ بەرسیلە و ئەکرا سێ تێو سێبەری دایەگەی ڕەشپۆشەکان

ئەگوێزێتێتەوە منداڵەی بەرلە بیرینی مەمی شیرەی دایکایەتی

بە مەمی شیرەی مەرگەوە بەستیانەوە!

بەڵام ٢ بیرتان ئەچێ ئەو دۆزەخە شانۆ ڕوناکەکەی

شکسپیر و بسیجەو خەڵکێنەکانی ئۆراگۆن و مەمنسە لە عولیاکەی

ئەلیز و ئەمەراوەکانی ڕەنج بیوەری بەشەرو ژانەکانی

ئازارەترو قسەمەرجی گاوەرەکانی عیسیا و خەونەکانی دالی و

مۆتەقۆنەرەکەی بێگلیت و ئەشقەکەی ھارلیموچۆرەکۆ و

مۆتۆنۆمۆرەکەی ڕۆدێنگلۆی تیایە

جارێکی دی ھەوارەی قاقا لەلیسایەوە ئەزدەنگی

فێکە بارانی گوێت ئەلەسەرەکۆلە بەنانۆفێدی

دانیشتم سەرم خستە باوەشمەوە ئەنۆخۆنەیەکە

گەشەی کرد پڕ بوو لە تابلۆی سیحراوی و پڕ شنەی فێنکی

ئەو تۆ و نیشتمانی و بەو تەوژمی لێ . پڕ بوو لە پیاوی

عاشق و جوان و ئەو دیمەنانەی پڕ بوو لە عەشق و

جەنگ و ... بە شانازی و باوەڕی ، خۆشەویستی و گیرفان

پڕ بوو لە گۆڕستانی سامناک و سیاسەتی بێ کۆڵ و

سەرکردەی ترسنۆک و ترسناک ئازار و ئازادی پیاو

کوشتن و بەرپێدان لەو دونیایەی منا ، خەڵکانی

شەڕ و ... و پیاو و خۆشەویستی و ...

بە ... دەفرۆشرێن . لە ژێر ... هاتن و

چوون ... لە گەڵ ۲۴

لە کۆتایی ... ساڵ ...

زیندووی ... بوو بۆ ... عەشق و ...

تا سکێتە خێرەکانیان بە ئاسمانا هەتا دەچاو پێتە دەکەونە لێواو
خەندەیان دەکێشا .
لە ناو هێمنی و تووڕەیی گەرووم پڕبوو لە گریان و قەڵەمیش لە ژێر
دابوو ــ لێواری دەرزو خوارە گەورەکەو بە دەنگێکی پڕ لە پاڕانەوەوە
وتم

(( بەرزیان منی خەڵک دونیایەکی ترم ــ دونیاکەی من

مێژوویەکە هەزاران ساڵەی لە خوێن و خەبات و کوشتارە

ئێوە لە دونیاکەی من نازانن دۆزەخێکی زۆر گەورەیە

بە کەناری مێژووی سپاندرتالە و کرۆمانیۆن و جاوەدا

ڕەت بووە بە ناو ئەورەی زنجیرەی و ناڵەی کوێلە و

نزگەی بە ناهەق کوژراوەکانا . ئەم دۆزەخەی ئێمە

هاتێ . بە هەر شێوە و هاوارو هەمەرەنگی بەرەو گەورەکانی

خەتی و عەندەرەکانی شمشێرو ترسنۆکی قەڵاکانی و لێوە

لە سەرەی منداڵەکان ساواکانەوە . ئەم دۆزەخەی ئێمە

بۆ هەموویان سپییان پۆشیوە؟
بە قاقایەکی بەرزەوە وەک تەماشای خۆت بکە
بووکێ عەشق سەرتاپام سپی یە؟ هەموو سام و ترسام
چونکە لە نگاوی هێوە دەڕۆم!


حکایەتێ بۆم بڵێ ئێزە لۆکی یە؟ بە لاماری بەرزێم
دا لە ناو دەشتا بوو بە گوێ دەوردە خەملی کچ و
کوڕان چەپڵەکان لێ دەبوونەوە .. کچەکان چەپڵە
گوڵی شیعراویان بە دەستەوە بوو .. کوڕەکان لقی سەوزی
دار سنەوبەرەکان هەموویان بە سارسامییەوە لەو توڕە
بوونەجیان دەڕوانا ... پیاوە ئەفسانەیکی وەک
- لە سەر خۆ بە تۆ بە خواستی خۆت هەناسە بدە.
+ بە خێر وا نییە دەمەوێ زووتر بگەڕێمەوە.
+ بۆ کوێ بگەڕێیتەوە.
+ بۆ ماڵی خۆمان.
هەموویان دایانە قاقای پێکەنین گوڵەکان و چڵە
سنەوبەرەکانیان تەنگ کرد .. هەڵبەستەکانی هەڵپەیوە
بە کەڵەوە وەجێ دەکێشا خۆیان پێ ڕاوە دەگرت! لە سەر
چییەتە لە چوارچێوەی دادە نیشتن .. پیاوە
ئەفسانەیەکە لە ناو ٨ ئەو هەموو قاقا و پێکەنینانەدا
بە حاڵێ بزە یە لێ لە سەر لێوی دوو قەترە
فرمێسکێ لە چاوەکانیا قەتیس مابوو کوڕەکان

ئێرە کوێیە؟ دەیانجار ئەو پرسیارەم کرد کە س وەڵامی
نەدەدامەوە ... ئەوێ باخچەیەک گەورە بوو هەڵبوونەهای دەرەوە
سەوز و بەرەکەت و ئەرخەوانی تێدا بوو ... بۆنی ترگێیان
دەتوت سووریای چراخانە و هەنارەکان و هەتاوی قولیشانی بردبوو
دەتوت قاقای پێدەکەنن ... بە رسیلەکان لە ژێر دادانا
شۆڕەیان دەهات و چاوەکانت پڕ دەبوون لە فرمێسکی خەزر.

ئێرە کوێیە؟ هەلیونەها کیلۆمەتر ڕووبار و ئۆقیانووسی و
سەهراو ... پیاوێکە باریکەلە دەستی قاچی
سپی لە بەردابوو گوڵە باخێک چاوپاکی سووری لە یەخەوە
دابوو ... هات دەستم گرتم ئەولاوئەولامی
ماچ کرد بە دەنگێک ... گوتی: ئە حکایەتێ
باشی + ئە حکایەتی باشت ... ناتناسم! وام پێ وت

گرنگە بە تەنها دەمەوێ تێ بگەی؟
- چی تێ بگەم.
بۆچی کەسێ و ... دەمەوێ تێت بگەیەنم ئێرە کوێیە؟
- چۆن؟
دەستم گرتم ... بە دڵێکی خواوەنەوە تەحەی ڕوانیم
+ ماموستا حکایەت لێ دەکەم ئێرە کوێیە؟
بە سەر جێیە لە سەفەرەکەدا ... دوو ڕۆژیش
وتی: ... هەروا بە ئاسانی تێ ناگەی ئێرە کوێیە؟


+ باشە ئەوم ... کوڕ و کچە ... جوانانە کێن؟



شلۆقی ئابووری لە هەموو سەردەمێکدا کۆمەڵێک شتی
سەیر و سەمەرە بە دوای خۆیدا کێش دەکات. یەکێک لەو
شتە زۆر سەمەرانەی لای خۆمان دروست بووی هەندێ
کاروکاسبی موعجیزەیە. کارەکە ئاسانە [illegible] سەرەتا
لێی تێبگە [illegible] دروستبوونی [illegible] پیشەسازی
[illegible] لە [illegible] ئابووری و لە تازەترین
تەکنیکی پیشەسازییەوە



## دوا نووسراوی عیرفان ۲۸/۲۷ مانگی ۷ ساڵی ۲۰۱۲


28/29 .7

سفرة في صيف حار الى (هوليدا)

كنت مع الفنان (حاصي) وابنه


ثاراً في عشاء أكلنا في بيت

البوه.

بقينا في بيت (السويران)

وعشنا مشاكل تقطع كهرباء




في مدة طويلة . والآن عندي

هذه الكتابة نريد لقضاء وضع

ممتع في المسبح .


غداً ارجع الى السليمانية ويكون

غداً تأريخاً جديداً للحياة

الجديدة ويكون بداية حقيقية

في

N.P



ئەم چاویلکە ڕەشەم
لە ژێر گلێنەما لە چاوکردم


هەستی کۆمەڵ کردی بچوک بچوکە
لە نێوانی ژیانما
قاقا کۆمەڵ دەنگی نەشازە
لە نێوان سیفۆنیا عەزنەکەی گریانا



## هەوادارانی عیرفان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بڵاویان کردۆتەوە






خانمی من
سپیدەیەك ویستم گوڵی گەڕەكێكی هێمنت بۆ بكەمەوە
شەقام بوو بە وولاتی میلیشیا نەوسنەكان
گوڵیان وەراند ..
شیعریان كوشت و
تۆیان فڕاند..
مرواری ئەم قەسیدانە بۆ كوێ بەرم..؟
شەو لە دوای شەو لە هەڵچوون و داچوونی مێژووەكان
نیشتیمان ئەبێ بە دەریا
ئازادی ئەبێ بە پاپۆڕ
بێئومێدی بە بایەوان.




عیرفان ئەحمەد
ئاوازێکی ئاوارە بووی
بۆ شەوگاری گۆرانییەکم پەنات هێنا
کەمانچەیەکی عاشق بووم
لە ژێکانما حەشارمدای
نامەیەکی داخراو بوو ئەم عەشقەمان، کە هەڵمگرت
سەفەر ڕێیەکی درێژ بوو
لەگەڵ تۆیا، دووبەشم کرد
XALLO WASMAN
خاڵۆ وەسمان




بۆ چی هاتی کە نەتزانی ڕێگایەکەم ناگەم بە تۆ
بۆ جێت هێشتم کە نەتزانی دەستم گەیشتۆتە دەستی تۆ
لافاو نەبوی کاتێ بەسەر دڵی وشکما هاتی و هەستای
کێلگە نەبوی نەرمە بارانی گریانێکم پەنەی پێدای
عیرفان ئەحمەد

# چەند وێنەیەك لە ئەرشیفی شاعیرەوە




تاقە کچەکەی شاعیر ( پەیڤین عیرفان)  لەسەر گۆڕی باوکی  ٢٠١٢




گەر سەحەرێ

جوتێ چاو لە ژێر سەرینە کەتا جێمابون

بیانخەرە سەر ڕەفەکانی میهرەبانی

ئەوانە چاوی قەسیدەن

گەر نیوە شەوێ

پەپولەیەکی مەستت دی

لە نێو پەڕەکانی کتێبەکەتدا لە خاچیدە

با وشەکان لەسەر باڵی دەربچن

با مەرگێکی ناسکانە بمرێ

وەکو مەرگی ناسکێکی پێ پەتی



تۆ سەرگەرمی خەونە سادەکانی منالیت بە

ئێمەش سەرگەرمی ئارمەکانی شکستین

لەسەر ئالا سپیەکان ئەیچنینەوە

گوێ مەدە بە ئێمە

وینەی گەلا زەیتونێك لەسەر ئەتەمینی ڕوح بچنە

بە دەنوکی بەختەوەریەوە

تۆ سەرقاڵی پەنجەرەکانی ساوایەتی بە

ئێمە دەرگا رزیوەکانی چارەنوس برژانگ ریژ ئەکەین

لە وەرزی هەڵوەرینا تۆوی گوڵەکان کۆ دەکەینەوە

بۆ زەمەنی هەڵوەرین یەکی قاموسێکمان پێیە

عەشقیش یەك زمانی هەیە

وەلێ کچم بە دوو لەهجەی جیاواز ئەگری

(عیرفان احمد لە قەسیدەی زەمەنی لەپێ کەوتن . . بۆ پەیفینی کچم )



مامۆستا شێرکۆ بێکەس هاوڕیی شاعیر زۆر جار سەرسامی خۆی دەربڕیوە بە توانای عیرفان لە زمان و وێنەی شیعری




لەگەڵ هاوڕیکانی ساڵی ٢٠٠٦



شاعیر عیرفان ئەحمەد




شاعیر لە تەمەنی لاویدا لە ماڵی خۆیان ١٩٨٤



شاعیر لە ستودیۆ نیگارکێشانەکەی سمکۆ ی برای ساڵی ١٩٩٦



شاعیر لە وێنەی خێزانی لەگەڵ دایك و خێزان ١٩٨٣



وێنەی خێزانی ، شاعیر  ساڵی ١٩٩٧



شاعیر لە گەڵ هاوڕێیانی ئەنوەری ڕەشی عەوڵای نووسەر
لە یانەی مۆزەفین لە سلێمانی ساڵی ٢٠٠٠



شاعیر لە گەڵ تیمی بزیشکی ڕێکخراوی شنەبای ئاشتی یابان ساڵی
٢٠٠٣






شاعیر لە هۆڵی ڕۆشنبیری و جەماوەر سالی ١٩٨٧



شاعیر لە هۆڵی ڕۆشنبیری و جەماوەر سالی  ٢٠١٠


الفاتحة
ئارامگەی کۆچکردوو
عیرفان ئەحمەد
(شاعیر)
١٩٦٣ - ٢٠١٢


دایە سەفەر + سەفەر + سەفەر
سەفەر لەگەڵ ئەو گوڵانەی لەگەڵی






شاعیر لە سەرەمەرگیدا لە خەستەخانە   ٤-٨-٢٠١٢

## کورته

لێواری شەو هەم دیوانە شیعر و هەم وەکو ئەرشیفێکە بۆ شیعر و نوسینەکانی شاعیر عیرفان ئەحمەدی تیرۆر کراو، لەهەمان کاتدا ئەو نوسینانەی کە نووسەران و هونەرمەندان سەبارەت بە شاعیر نوسیویانە.

لەم دیوانەیا سەرجەم شیعرەکانی شاعیری تێدایە کە بۆم کۆکرابێتەوە . هاوڕێی نزیکی شاعیر (سەلام مستەفا) ی نووسەر لە چاپی دووهەمی دیوانی (چاپی سێهەمی مەراقێك) دا زوربەی شیعرەکانی عیرفانی کۆکردبوەوە و بە هاوکاری بنکەی ئەدەبی روناکبیری وگەلاوێژ ئەرکی چاپکردنیان گرتببوەو ئەستۆ. لێواری شەو سەرجەم ئەو شیعرانەی ئەو دیوانەی تیدایە بە ئیزافە کردنی ئەو شیعرانەی تر کە بە کۆمەکی هاوڕێ نزیکەکانی لە کوردستان بۆمان کۆکرایەوە. لەهەمان کاتدا دەسنووسەکانی شاعیر و وێنەی تایبەتی تێدایە کە گرنگن بۆ ئەرشیف بمێێتەوە. هیوام سپۆنسەرمان دەست بکەوێت لە پاشەڕۆژا تا بتوانین ژمارەیەکی باشی ئەم دیوانە چاپ بکرێت و بخرێتە بەر دەستی خوێنەران.

لێواری شەو پەرتوکێکی کۆمێرشاڵ نییەو بێ سپۆنسەریشە من وەکو وەفایەك ئەم پەرتوکە پێشکەش دەکەم بە رۆحی برای بە ناهەق کوژراوم عیرفان و دایکی بە تواناو میهرەبانمان رەحمە مەحمود، کە لە تەمەنێکی زۆر گەنجەوە بە تەنها ئەرکی بەخێوکردنی ٧ مناڵەکەی گرتە ئەستۆی دوای مردنی هاوسەرەکەی. مۆمی ژیانی خۆی کوژاندەوە بۆ داگیرسانی ٧ مۆمی تر کە یەکێکیان عیرفانی داهێنەر بوو.

سمکۆ ئەحمەد

## چۆن ئەم پەرتووکەت دەست دەکەوێ:

ئەم پەرتووکە بێ سپۆنسەرە و پرۆژەیەکی کۆمیرشاڵ نییە (بێ قازانجە و بێ کۆنراکتە) لە لایەن دەزگای چاپی بلیرب ئۆن لاین دادەنرێت، دەتوانێت بە یەکێك لەم دوو ڕێگایەی خوارەوە بە دەستی بهێنی

بچۆ سایتی چاپخانەی بلێرب www.blurb.com
بگەڕێ بۆ (لێواری شەو) یان (poet Irfan Ahmed) لەوێ دەتوانی :

١ـ سەرجەم کتێبەکە ئۆن لاین ببینن یان داونلۆد بکەیتە سەر کیندڵ یان ئایپاد یان مۆبایلەکەت.

٢_ دەتوانی پەرتوکەکە بە چاپکراوی ئۆردەر بکەیت و بەپێی هەڵبژاردنی جۆری بەرگ و کاغەز نرخی پەرتووکەکە دەگۆڕێت . هەروەها نرخی ستانداردی کتێبەکە بە پێی ژمارەی ئۆردەرکراو دەگۆڕێت (سەیری سایتی بلیرب بکە بۆ زانینی نرخی ستانداردی پەرتووکەکانیان)

# ناوەرۆك



كورتە. ...................................... ٢
ژياننامەی شاعير....................................... ٤
لێواری شەو............................................... ٦
دايەسەفەر .................................................. ٧
تەمی ناو كۆڵانەكە....................................... ٨
برِۆ ئاورِ مەدەروە ........................................ ٩
تەختە ........................................................ ١١
دوو هەناسە................................................ ١٢
باڵندە......................................................... ١٣
نەگەيشتن، هەرنەنووستوم ............................ ١٤
لەگەڵ ساڵنامەی فيراقێكی سپی ...بۆ م.ك. ........... . ١٥
حەمەجەزا................................................. ١٨
هەڵەبجە........................................................'' ١٩
قەسيدەی تاوڵی موراد. ........................................ ٢١
فيردەوسی شەو. ................................................ ٢٤
قەسيدەی كودێتای كەناريەكان.......................... ٢٥
(؟) ........................................................................ ٢٨
شەوێك لە چاخی سەهۆڵبەندان............................ ٣١
چاويلكەی رِەش................................................ ٣٥
سيروان........................................................... ٤٠
چاپی سێهەمی مەراقێك...................................... ٤١
مەزهەری خالقی............................................... ٤٤
كۆتاييەكانی ديسيمبەر....................................... ٤٦
زەمەنی لە پێكەووتن، بۆ پەيڤينی كچم.................. ٥٠
سێ دڵۆپ لە رِژانی خۆشەويستيەك....................... ٥٢
فەجری دووەمی عەشق....................................... ٥٧
شيعر لێكمان دەكاتەوە........................................ ٦٦
يادت بەخێر. ئەم كتێبەو چەند هەناسەيەك. ................ ٦٩
بەستەی چرا ...................................................... ٧٠
سنوور.............................................................. ٧٢
كاسكێت بۆ م .ك، شين ........................................ ٧٣
سەيرترين سەحەر............................................... ٧٤
."....".............................................................. ٧٥
باڵەكانی پووشپەرِ............................................. ٧٦
عەشق وەكيل.................................................... ٧٨
شەوی شكست.................................................. ٨٥
چەند پارچە شيعرێكی شاعير لە بۆنە جياوازەكانا ووتراوە.. ٨٦
لێواری شەو.......................................................... ٨٧
بتەوان ، دارستان.................................................. ٨٨
شاعير، كۆشك ...................................................... ٨٩
وون بوون ................................................................ ٩٠
سەردەمێكی تر.................................................... ٩١
دەرگاكانی چۆڵەوانی.............................................. ٩٢
لە بيرەوەيەكانی هاورِێی شاعيرەوە، سەلام مستەفا..... ٩٦
نەجريوە ما نە سەما ، شاعير سەلام مستەفا............. ٩٨
جێپێكانی مەكوژێننەوە. سمكۆ ئەحمەد..................... ١٠٠
دايە سەفەر. شاعير بەرزان هەستيار......................... ١٠٢
نووسەر ئەنوەری رەشيد عەولا بۆ عيرفان دەنووسێ...... ١٠٤
دلاوەر قەرەداخی لەهەرِەتی گوڵ لە ترۆپكی باريندا ...... ١٠٦
ئەرخەوان رەسوول دەنوسێ...................................... ١٠٨
لە بيرەوەيەكانی هونەرمەن حەميد بانەيی................. ١٠٩
لە بيرەوەريەكانی سمكۆی برای شاعير..................... ١١٠
هونەرمەند دياری قەرەداخی، لە دوور دياری وەك هەتاو... ١١٢
هونەرمەند ماهير محەمەد ئەمين بۆ عيرفان................ ١١٣
تريفە ئەحمەد خوشكی شاعير دەنووسێ..................... ١١٥
هەندێك لە دەستنووسەكانی شاعير ........................ ١١٦

## عیرفان ئەحمەد
## ١٩٦٣-٢٠١٢



دایە سەفەر ..
سەفەر..سەفەر
سەفەر لەگەڵ ئەو شیعرانەی لە گەڵای پرتەقاڵ ئەچن
زستانان نایان وەریێنێ
دایە سەفەر..
سەفەر..سەفەر
سەفەر لەگەڵ ئەو کانیانەی لە دڵی تەڕی عەشق دەچن
تەمموزان نایان سوتێنێ

لێواری شەو



Price: £45

عێرفان ئەحمەد